# نیولیبراڵیزم یان سۆسیالیزم؟



# پێڕست


**تارمایی نیولیبراڵیزم لە کوردستان ..............................ناجی ئەفراسیاو، وەلید عومەر**

**نیولیبراڵیزم، پرۆژەیەکی سیاسییە.....................................................و. وەلید عومەر**

**زانکۆکان لە جیهانی نیولیبراڵدا.............................................و. زەردەشت نورەدین**

**نیولیبراڵیزم: ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە لە ڕیشەی کێشەکانماندایە............و. شاهۆ عەلی**

**گفتوگۆی هارڤەی دەربارەی نیولیبراڵیزم...............................................و. ئاکۆ حەسەن**

**پاشکۆ: ڕۆحی تازەی سەرمایەداری.........................................و. ئەرسەلان ئەفراسیاو**


**لە بڵاوکراوەکانی گرووپی نێگەتیف، ٢٠١٧**

# تارمایی نیولیبراڵیزم لە کوردستان[١]

ناجی ئەفراسیاو، وەلید عومەر

هەموو دەزانین مارکس و ئەنگڵس لە دەسپێکی (مانیفێستی کۆمۆنیست)دا دەنوسن: تارماییەك بە ئەوروپادا دێت و دەچێت: تارمایی کۆمۆنیزم. ئێستا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە نیە و ئێرەش ئەوروپا نیە و کۆمۆنیزمیش بە شەپۆلی یەکەمی خۆیدا تێپەڕی. تێپەڕینێك کە بۆ عەدالەتخوازان زیاتر شکست بوو، بۆ نەیارانیش سەرکەوتن و کۆتایی مێژوو. ئەوەی ئێستا لە هەناوی قەیرانی ئابوریی هەرێمی کوردستاندا دەردەکەوێت، تارمایی کۆمۆنیزم نیە، بەڵکو تارمایی نیولیبراڵیزمە. واتە تارمایی نەیار و نەفییەکەیەتی. نیولیبراڵیزم یەکێکە لە باڵە چاوچنۆك و بێشەرمەکانی ناو سەرمایەداری و بگرە دوایین باڵی بەرفراوانیشێتی. توێژەرێك بەناوی "کیڤین ڕاد" پێیوایە نیولیبراڵیزم تەماع و چاوچنۆکییەکە و لە کەوڵی فەلسەفەیەکی ئابورییدا دەرکەوتووە. کۆمەڵناسێکی چەپیش پێیوایە: ئەمڕۆ لە سەردەمی نیولیبراڵیزمدا حەقیقەت لەلایەن فەلسەفەوە بەرهەمنایەت، بەڵکو لەلایەن بازاڕەوە بەرهەمدێت[٢]. دیارە ڕیشەکانی نیولیبراڵیزم لە کوردستان کتوپڕ نەبوو، بەڵکو بۆ ساڵانێك پێش دەگەڕێتەوە کە لەژێر زاراوەی "گەندەڵی"دا خۆی حەشاردابوو. گەندەڵی، تەنیا ئالودەبونێکی ئەخلاقی و شەخسی نیە، بەڵکو ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانەشە کە کەوتبوونە نێوان کۆمپانیا دەرەکییەکان و کارتێلە جیهانییەکان و بەرپرسانی ناوخۆوە. بەشێوەیەکی کۆنکرێتییتر، دەرکەوتەکانی نیولیبراڵیزم لە بەتایبەتیکردنی کەرتە

---

[١]. ساڵی پار(٢٠١٦)، لە سایتی نێگەتیف، فایلێکی سەرەتایی لەمەڕ نیولیبراڵیزم کرایەوە و خوێنەر دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە.

[٢]. یوسف اباذری، روز جهانی فلسفه....

گشتییەکانەوە دەستپێدەکات و بەرپرسانی حکومییش بەئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکەن. کەرتی گشتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، هەر بەشێك بوون لە سەرمایەداری، بەڵام سەرمایەدارییەك کە لە پەراوێزەوە مەجالێکی بۆ خزمەتکردنی خەڵك کردبووەوە. بەڵام لە کەرتی تایبەت(و نیولیبراڵیزم)دا هاوڵاتی چیتر هاوڵاتی نیە، بەڵکو بەپێی ئەم هێڵکارییە ئیشدەکات:

**هاوڵاتی ——————— کەرتی گشتی**

**مەسرەفکار(بەکاربەر)——— کەرتی تایبەت**

واتە هاوڵاتی کورتدەبێتەوە بۆ سوبێکتێك کە هەموو پێداویستییەکانی ژیان دەکڕێت و مەسرەفی دەکات: قسە، لەشساغی، فێربوون، هاتوچۆ، دوورخستنەوەی پاشماوە، هتد. گەر دواجار هاوکێشەیەکی فەلسەفییشی لێ درووست بکەین وای لێدێت: تا ئەو شوێنە دەتوانیت بژییت، کە دەتوانیت بیکڕیت.

بەشێك لە هەژموونی ڕۆشنبیری و میدیای باڵادەست وایکردبوو کە هەندێك چەمك لە کۆمەڵگای ئێمەدا بکەونە پێش زاراوەیەکی وەك نیولیبراڵیزمەوە. لەوانە چەمکی جیهانگیری. ئەگینا جیهانگیری و بەجیهانیکردنیش پرۆسەیەکی هاوشانی نیولیبراڵیزم بووە. «نیولیبراڵیزم و بەجیهانیکردن دوو ڕووی یەك سکەن. بە دەربڕینێکی تر، نیولیبراڵیزم کۆمەڵێك سیاسەتە کە زەمینەی پرۆسەی بەجیهانیکردن خۆشدەکات و لەلایەکی تریشەوە، بەجیهانیکردن پرۆسەیەکە کە لە دونیایەکی خاڵی لە سوڵتەی نیولیبراڵیزمدا، نارەخسێت و عەمەلی نابێتەوە[3]». خوێندنەوەی نوخبەوی لای ئێمە، خوێندنەوەیەکی لۆکاڵی بووە و زۆرجار لە سنوری کوردستان تێناپەڕن. جێی بیرخستنەوەیە پێش ماوەیەك یەکێك لە نوسەرانی دەرەوەی کوردستان، بەردەوام ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە کوردستان هیچ پەیوەندییەکی بە سەرمایەدارییەوە نیە(چ بگات بە شتێك بەناوی نیولیبراڵیزم!). بەڵام تۆزێك دواتر کەوتە گازندە لەوەی کە حیزبێکی باڵادەستی کوردی لەو وڵاتە هەڕەشەیان لێکردووە و پارە و بەرتیل دەدەنە دەزگاکانی ئەوێ تاکو مەترسی بۆ سەر ژیانی درووستبکەن. ڕوونە کە ئەم بەڕێزە لەکوێدا کەوتۆتە ناو تۆڕی سیستەمەوە و دەسەڵاتدارانی کوردستانیش چۆن دەست لەگەڵ سیستەمدا تێکەڵدەکەن بۆ ڕاوکردنی نەیارەکانیان(جگە لەوەی دەسەڵاتدارانی

---

[3]. ئەحمەد سەیف، کتێبی نیولیبراڵیزمی ئێرانی، بەرگی یەك، ئەرشیفی ئەنتەرنێتی.

بۆرژوازیی کوردستان، ژێربەژێر خەڵات لە وڵاتانی ئەورووپی دەکڕن و لە دونیایەکی نیولیبراڵدا هەمووشت قابیلی کڕینە).

## یەك: زمانی ژمارەکان

زۆرجار ڕەخنەیەکمان ئاراستەدەکرێت؛ گوایە ئێمە باس لە پرۆژەی نیولیبراڵیزم و مەرجەکانی (بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) دەکەین، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەك لەسەر هەژموون و ڕاسپاردەکانی ئەو پرۆژانە لەبەردەستدابن. بۆیە هەوڵدەدەین لە پێشەکیی ئەم نامیلکەدا شانبەشانی ناساندنی ئایدۆلۆژیای نیولیبراڵیزم، کۆمەڵێك داتا و زانیاری لەسەر سەپاندنی (پرۆژەی نیولیبراڵیزم و مەرجەکانی ئەو دوو دەزگا داراییە) بخەینەڕوو. دواتریش بەراوردکارییەك لە نێوان نیولیبراڵیزم و سۆسیالیزمدا بکەین.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، لە مانگی شوباتی ٢٠١٦دا کۆمەڵێك بەرنامەی لەژێر ناوی (چاکسازیی دارایی و کارگێڕی)دا ڕاگەیاند. لە کاتی پێشکەشکردنی سیمینارەکەدا (حکومەت) بە ئاشکرا دانینا بەوەدا کە بە هاوکاریی (بانکی جیهانی) پرۆژەی چاکسازی جێبەجێدەکات (وادیارە پێشمەرج و ڕاسپاردەکانی بانکی جیهانی بۆ پێدانی قەرز بە "هاوکاری" ناودەبرێت). پرۆژەی ڕیفۆرمی ئابوری خاڵی یەکەمی ڕاسپاردەکانی بانکی نێودەوڵەتی بوو، پاش بەدواداچوونمان بۆ ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتیی سەرجەم ئەو وڵاتانەی قەرزیان لە (بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) وەرگرتووە، بۆمان دەرکەوت کە لەلایەن نوێنەرانی ئەو دوو دەزگایەوە دانوستان و وتووێژ لەگەڵ حکومەتی ئەو وڵاتانەدا کراوە کە پێش پێدانی قەرز و پاڵپشتیی دارایی پێویستە لەژێر ناوی (ڕێکخستنەوەی پەیکەری میلاکاتی حکومەت و چاکسازیی کارگێڕی و دارایی)دا مەرج و ڕاسپاردەکانیان قبوڵبکەن. لێرەوە نیولیبراڵیزم لە پرۆژەیەکی ئابورییەوە دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، پرۆژەی (ڕیفۆرمی ئابوری) خۆی لە بچوککردنەوەی حکومەتدا دەبینێتەوە (کەمکردنەوەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی)، واتا پێویستە دەوڵەت دەستبەرداری خزمەتگوزارییە گشتییەکان ببێت و ڕادەستی کەرتی تایبەتیان بکات لەوانەش؛ کەرتی کارەبا و ئاو، تەندرووستی، پەروەردە و خوێندن، هەروەها فرۆشتنی ئەو کارگە و مانیفاکتۆرانەی کە پێشتر داهاتیان بۆ کەرتی گشتی و بەرهەمی نیشتیمانی دەگەڕاندەوە، لە ئێستاشدا پاش ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦دا هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم قەرزە نێودەوڵەتییەکانیان پێگەیشت،

نیشانەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و پرۆژەی نیولیبرالْیزم دەرکەوتوون، لەوانەش بەرزکردنەوەی باج و ڕسومات لەسەر هاونیشتیمانی، خۆتۆمارکردنی خوێندکار لە زانکۆ حکومییەکان بە بڕێك پارە (لە کاتێکدا پێشتر ئەم خزمەتگوزارییە بەخۆڕایی بوو و کۆمەکی دارایی خوێندکاریش دەکرا)، گرانبوونی نرخی بلیتی نەخۆشخانە حکومییەکان و دەرمانەکان (لەکاتێکدا پێشتر ئەم خزمەتگوزارییە بە نرخێکی ڕەمزی بوو)، پێدانی کەرتی ئاو و کارەبا بە چەند کۆمپانییەك بۆئەوەی چیتر خەلْکی بەپێی پێوەری گیرفانی ئەم خزمەتگوزارییەی پێبگات. دوایین بڕیار کە حکومەت دەریکردووە بریتییە لەوەی پێویستە شارەوانی بڕێك پارە بەسەر هاونیشتیمانییاندا بسەپێنێت بۆئەوەی لەبەرامبەر ئەو زبلْ و خاشاکەی کۆمپانیاکان کۆیدەکەنەوە مانگانە خەلْك پارە بدەن بەو کۆمپانیایەی تەندەرەکەی بۆ دەرچووە. *ئەگەر ڕێگری و* ***بەربەست لە بەردەم*** *ئەم پرۆژەیەدا نەکرێت، چیتر ژیان بۆ کەمینەی سەرمایەدار/بازرگان/دەسەلاّتدار دەبێت، نەك زۆرینەی هەژار*(کۆمیدی نیە گەر بلْێین زبلْە شەعبییەکانی ناو گەڕەکەکان لە پێشوودا خزمەتگوزارییەکی گشتی و گرنگ بوون).

## دوو: تاکی ئازاد یان تاکی بەشخوراو

(تاچەر)[٤] کە لەگەلْ هاوشانە ئەمریکییەکەیدا (ڕیگان)[٥]، بە جێبەجێکەری دیاری نیولیبرالْیزم ناسراون لە هەشتاکاندا، لە ڕستەیەکی بەناوبانگدا سیستەمی سەرمایەداریی دوایین و ئایدۆلۆژیاکەی کورتکردەوە: "**شتێك نییە بەناوی کۆمەلْگاوە، ئەوەی هەیە تاکەکانە**". ڕوونە کە مەبەستی (تاچەر) لە تاکەکان؛ گرووپێکی بچوکی سەرمایەدار/بازرگان/دەسەلاّتدارە، ئەگینا زۆرینەی تاکەکان دواجار کۆمەلْگا پێکدەهێنن. دەتوانین ئەم ڕستەیەی تاچەر بخەینە چوارچێوەی ئەو لێکچوونەوە کە توێژەرانی ڕەخنەگر لەنێوان نیولیبرالْیزم(بەجیهانیکردن) و داروینیزمی کۆمەلاّیەتییدا درووستیدەکەن. ئەوەی لە جیهانگیرییەکەی نیولیبرالْیزمدا دروستدەبێت، ململانێی چەشنەکانی مرۆڤە بۆ مانەوە، و کێبڕکێیە لەسەر بەشی زیاتر. بەلاّم «ئەوەی داروین نەیدەزانی و نەشیدەتوانی بیزانێت ئەوەیە کە لە سالاّنی کۆتایی سەدەی بیستدا و لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، ئەوەی پێیدەوترێت بەجیهانیکردن لەسەر بنەمای یاسای هەلْبژاردنە سرووشتییەکەی ئەو ئیشدەکات. گەر جیاوازییەك لەئارادا بێت ئەوەیە کە دەرەنجامی ئەو شتەی داروین باسیدەکرد بە تێپەڕبوونی ملیۆنان سالْ ئاشکرابوو،

---

[٤] مارگرێت تاچەر، لەنێوان سالاّنی (١٩٧٩-١٩٩٠) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بووە، یەکەمین ئافرەت بوو ئەو پۆستە وەربگرێت.
[٥] سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێوان سالاّنی ١٩٨١ بۆ ١٩٨٩.

بەڵام ئەوەی پێی دەوترێت بەجیهانیکردن [و نیولیبراڵیزم] دەتوانێت لە ماوەی چەند مانگێکدا دەیان هەزار کەس لە کار دەربکات و لە چەندساڵێکیشدا وڵاتێك بنێت لە قوورٍ[٦]». ئەوەی جێگەی ژینگە سرووشتییەکەی داروین دەگرێتەوە، بازارێکی جیهانییە. کوردستانیش وەك زۆرێك لە کۆمپانیا و وڵاتانی تر خراوەتە ناو ڕێساکانی ئەم بازاڕەوە و بۆ ئەوەی نەخورێت، دەبێت بەشداربێت!

ماوەی دوو دەیە زیاترە درووشمەکانی لیبراڵیزم و مۆدێرنەی هاوشانی لە سیاقە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردییدا جێی خۆی کردووەتەوە، زاراوەکانی لیبراڵیزم (تاکی ئازاد، تاکی سەربەخۆ) کەوتووەتە سەرزاری دەسەڵات و هاونیشتیمانیان. لە سەنتەری شارەکاندا گەڕەکی ڕاقی و مۆدێرن بەوەدا دەناسرێتەوە ئەگەر ماڵێك کەسێکیان لێ بمرێت شارەوانی دێت تەرمەکەی دەنێژێت، چونکە دەرودراوسێ حەقیان بەسەریەکەوە نییە. هەندێك کەس بەم (تاکگەرایی و بۆخۆت بژی)یە دەڵێن (عەولەمە و پۆستمۆدێرن!)، دابڕانی تاك لە تاکەکانی تری کۆمەڵگا بووەتە سیمای پێشکەوتن و کولتووری ڕۆژئاوایی. کەسانێکیش لە گوند و قەزا و ناحیەکان بەهۆی جەنجاڵی و نەریتی کۆنەپەرستانە و خێڵەکییەوە هەوڵدەدەن بپەڕنەوە بۆ سەنتەری شارەکان(و پارەیەك دەخەنە سەرمایەگوزارییەوە و هیچ خەمکی هاوبەشی کەلتوری و ڕۆشنبیری درووستنابێت). لێرەدا دەبینین نیولیبراڵیزم بە یەك پاکێج لە کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگا ناڕوانێت و تەنها چارەسەرێك دەیخاتەڕوو بریتییە لە "بازاڕی ڕەش" کە تەنها کەمینەیەکی قۆرخکار لێی سوودمەند دەبن. هەمان ئەو هۆکارەش یەکێکە لە پاڵنەرەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران. لە قۆناغی ئێستادا گەیشتووین بە ئەوپەڕی جیهانگیری، لە مۆدێرنەوە پەڕیوینەتەوە بۆ پۆستمۆدێرنە. لە لیبراڵیزمەوە هەنگاومانناوە بەرەو نیولیبراڵیزم. بەڵام ئایا تەنها ئازادی و دابڕان خواستەکانی تاك دابیندەکات؟!

لەسەر ئاستی حکومییش؛ ئەوا لە سەردەمی هەردوو کابینەکەی (د. بەرهەم صاڵح—قوتابییەکەی کۆشکی سپیی ئەمریکا-) لە کابینەی سلێمانی و دواتریش کابینەی ئیدارەی هاوبەش. پرۆژەکانی لیبراڵیزم جێ پێی خۆیان قایمکرد، بەو پێیەی ناوبراو پاڵپشتیی تەواوی لە کەرتی تایبەت و سەرمایەداران دەکرد و بۆیەکەمجار زاراوەی بازاڕی ئازاد لای ئەوەوە زۆر دەبیسترا. کۆمەڵێك یاسا و ڕێنمایی لە بەرژەوەندیی خاوەن موڵك و، وەبەرهێنەر و سەرمایەگوزاری بیانی دەرکراون.

---

[٦]. هـ. س. پ

ئەمڕۆ گوتاری " نیولیبرالیزم"زۆر بێشەرمانە ئەو ئایدیایە دەدات بە گوێماندا کە "مرۆڤ بوونەوەرێکی ئابورییە، خواست و ئارەزووەکانی بۆ کەڵەکەکردن و زیادکردنی قازانج دەیجوڵێنێت". گوایە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەنجامە نە ئامانج، واتا ئەنجامی ڕکابەرێتیی بازاڕی ئازاد و کراوە دەستنیشانی دەکات نەك دەوڵەت دەستێوەردان بکات لە دابەشکردنی داهات و سامان بە یەکسانی. بە دەربڕینێکی تر؛ چەند دینارت لە گیرفاندا بێت ئەوە بەهای تۆ دیاریدەکات. ئەمەش شتێکی شاراوە نییە و لە ڕیکلامە بازرگانییەکاندا پێماندەڵێن: "جۆری موبایلەکەت ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی خۆتە"!

نیولیبرالیزم کەوتووەتە نێو پارادۆکسێکی قووڵەوە، لەلایەکەوە بانگەشە بۆ ئازادیی تاك دەکات؛ لەلایەکی تریشەوە کەمینەیەکی زۆربچوك بە حوکمی سەرمایە و کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان بوونەتە ئاغا و سەرداری زۆرینە. ئەم سیستەمەی ئێستا لە جیهاندا باڵادەستە باس لە ڕکابەرێتی دەکات، گوایە هەمووان دەتوانن بەشداری لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و بازاڕی ئازاددا بکەن، بەڵام ئایا هەلی یەکسان بۆ هەمووان فەراهەمکراوە؟ لە کوردستاندا چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاح کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجاکانی دەست تێپەڕناکات مۆنۆپۆلی بازاڕیان کردووە. ئەم کۆمپانیایانە جگەلەوەی سەر بە دەسەڵاتی "ئۆلیگارشی"[٧]ی حوکمڕانن، لە هەمان کاتدا "کۆمپرادۆر" و دەڵاڵی سەرمایەگوزارییە بێگانەکان و، هاوبەشی سیناتۆرە ئەمریکییەکانن.

## سێ: ئابوریی بازاڕ یان ئابوریی پلان بۆداڕێژراو

"کێشەی سێکتەری تەندروستی لەوەدایە کە میراتی سیستەمی سۆسیالیستییە، حکومەت خۆی کردووە بە باوکی خەڵك و ناشتوانێت خزمەتگوزارییەکان دابینبکات". ئەمە لێدوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق بوو، کە لە میانی کۆنفراسێکی وەزارەتی تەندرووستییدا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦دا پێشکەشیکرد. ئەگەر کەسێکی نەشارەزا لە فیکری سیاسییدا گوێبیستی ئەم قسانە بێت نەفرەت بۆ سیستەمی سۆسیالیزم دەنێرێت. بەڵام بۆ کەسانێك کە لە ڕابردوو و ئێستادا خەریکی بڵاوکردنەوەی میرات و کەلەپوری تیۆری سۆسیالیستی و، بەرزکردنەوەی ئاگایی چینایەتی و، پەخشکردنی هۆشیاری سۆسیالیستیین، لەوە تێدەگەن کە چینی حوکمڕان

[٧]. oligarchy، حوکمی گرووپێکی نابەرپرسیار و گەندەڵ

له كوردستان چ هه‌ڵپه‌یه‌ك ده‌كه‌ن بۆ چوونه نێو بازنه‌ی سه‌رمایه‌داریی جیهانی و پرۆژه‌ی نیولیبراڵیزمی ئه‌مریكییه‌وه. "كۆڕای واشنتۆن"[٨]پرۆژه‌ی نیولیبراڵیزمی به‌شێوه‌یه‌كی زانستی و سیاسی داڕشته‌وه، به‌پێویستی ده‌زانین ئاماژه به چه‌ند خاڵێكی ئه‌و سازان و كۆده‌نگییه‌ی واشنتۆن بكه‌ین كه (فۆكۆیاما) ناویناون "ئامۆژگاری بۆ وڵاتانی خاوه‌ن بازاڕی ساوا یان ڕاگوزه‌ر"[٩]. گرنگترین ئه‌و خاڵانه بریتیین له:

١) سكهه‌ڵگوشین (ته‌قه‌شوف) و كه‌مكردنه‌وه‌ی خه‌رجییه‌كانی ده‌وڵه‌ت.

٢) پاشه‌كشێی ڕۆڵی ده‌وڵه‌ت وه‌ك فاكته‌ری ئابوری و كۆمه‌ڵایه‌تی (واتا به‌تایبه‌تیكردنی كه‌رته گشتی و خزمه‌تگوزارییه‌كان).

٣) ئازادكردنی بازاڕ و كاره بازرگانییه‌كان و پاراستنی مافی خاوه‌نداریێتی(واتا له‌لایه‌ن حكومه‌ته‌وه سانسۆر نه‌خرێته سه‌ریان و چاودێری نه‌كرێن و ڕێكنه‌خرێن).

٤) زیادكردنی باج و ڕسوماتی حكومی. [ئێستا له وه‌زاره‌ته‌كانی حكومه‌تی هه‌رێمدا به‌ناوی سه‌ربه‌خۆیی ئیداری و چاكسازیی دارایی و، زیادكردنی داهاته‌وه، به‌ئاشكرا په‌یڕه‌وی له‌م خاڵه ده‌كرێت].

له‌ڕاستیدا جیاوازییه‌كی ئه‌وتۆ له نێوان ئامانجه‌كانی نیولیبراڵیزم و، كۆڕای واشنتۆن و، مه‌رج و ڕاسپارده‌كانی بانكی جیهانی دا نابینین. واتا سه‌رجه‌میان ده‌رهاویشته‌ی یه‌ك فه‌لسه‌فه و تێڕوانینن.

سه‌رۆكی حكومه‌ت كه نه‌نگی و نه‌قسه‌كانی ئیداره‌كه‌ی ده‌خاته ئه‌ستۆی سیسته‌می سۆسیالیزم، ده‌شێت له‌و كه‌سانه بپرسێت كه ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٩٠یان له‌بیره، ئه‌و نه‌وه‌یه باش ده‌زانن كه سه‌رجه‌م ئه‌و حكومه‌تانه‌ی په‌یڕه‌وییان له سۆسیالیزم كردووه (به‌چاوپۆشین له دۆگما و بیری نه‌ته‌وه‌یی و ئاینی و تایه‌فه‌گه‌ریی ئه‌و حكومه‌تانه)، لانیكه‌م له ڕووی ئابوری و عه‌داله‌تی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه باشترین خزمه‌تیان پێشكه‌ش به خه‌ڵكه‌كه‌یان كردووه.

لێدوانێكی تر كه پێویستی به وه‌ڵامدانه‌وه هه‌یه؛ قسه‌كانی جێگری سه‌رۆكی حكومه‌ته له (كۆنفرانسی نه‌وت و غاز له له‌نده‌ن)، ناوبراو له كاتێكدا نوێنه‌رایه‌تیی حیزبێك ده‌كات كه ئه‌ندامی (ئه‌نته‌رناسیۆنالیزمی حیزبه سۆسیال دیموكراته‌كان)ه، بانگه‌شه بۆ خه‌سخه‌سه و پاڵپشتیكردنی كه‌رتی تایبه‌ت ده‌كات و، ده‌ڵێت پێویسته حكومه‌ت بچوك بكرێته‌وه و خزمه‌تگوزارییه گشتییه‌كان ڕاده‌ستی كه‌رتی تایبه‌ت بكرێن. ساده‌ترین

---

[٨]) Washington Consensus.

[٩]) كتێبی بونیادنانی ده‌وڵه‌ت، فۆكۆیاما، وه‌رگێڕانی بۆ كوردی (ئیسماعیل كورده)، چاپخانه‌ی كاردۆ، ساڵی ٢٠٠٩.

وەڵام بریتییە لەوەی ناوبراو؛ تەماشای ئەو داتا و ئامارانە بکات کە تایبەتە بە کەرتە خزمەتگوزارییەکان (بەتایبەتی کەرتی تەندرووستی) لە وڵاتانی (ئەسکەندەنافیا)، کە حیزبە سۆسیالدیموکراتەکانی (دۆستی حیزبەکەیان)تیایدا حوکمڕانی دەکەن، دەبینێت ١٠٠% خەرجی نەخۆش لە ئەستۆی حکومەتە نەك هاونیشتیمانی. بۆئەوەی چیتر نەکەوێتە لێکدژییەوە، پێویستە لە نێوان سۆسیالدیموکرات و نیولیبراڵیزمدا یەکێکیان هەڵبژێرێت. بەتایبەتی سەرجەم ئەو وەزیرانەی سەر بە حیزبەکەی ئەون ئامۆژگارییەکانی بانکی نێودەوڵەتییان جێبەجێکردووە و ١٠٠%ی باج و ڕسوماتی زیادکراو هاونیشتیمانی دەیدات.

## چوار: دیوە کەلتورییەکانی نیولیبراڵیزم

نیولیبراڵیزم وەك فۆرمێکی سەرمایەداری، شوێنەواری کەلتوریی خۆی هەیە. ئەمەش بەپێی دیاردە و سیاقە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان دەگۆڕێت، گەرچی هاوبەشییش هەیە لەنێوانیاندا. دەیڤد هارڤەی، نوسەری کتێبی کورتەمێژووی نیولیبراڵیزم، دەنوسێت: «نیولیبراڵیزم بووەتە شێوازێك لە گوتاری باڵادەست. ئەم قوتابخانەیە کاریگەرییەکی گرنگ و گشتگیری بەسەر بیرکردنەوە جیاوازەکانەوە هەیە، بەجۆرێك تێهەڵکێشی ئەو ئسلوبە بووە کە زۆرێك لە ئێمە بەهۆی عەقڵی باوەوە جیهانی پێ تەفسیردەکەین و درکی دەکەین و تیا دەژیین»[١٠]. ئەمڕۆ لە کوردستان جۆری جیاجیای ستایلی ژیان دروستدەبێت و تەنانەت ئەو شوێنانەش لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دابەشدەبێت کە بۆی دەچن. بۆنمونە، کرانەوەی جۆرەها مۆڵ و بازاڕ لە پنتەکانی شاردا، بازاڕی سەرەکی لاوازدەکات کە بازاڕێکی مەیلەو ئیشتراکییە و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بەشانی یەکترەوە پیا تێپەڕن. جیاوازیی چینایەتی لە سەردەمی نیولیبراڵیزمدا، چڕبوونەوەی سامانە لەدەستی کەمینەیەکدا، و نەمانی گەرەنتییە لە ژیانی زۆرینەدا. واتە جۆرێك لە هەرەمیەت و هیرارشیەت لە پانتایی کۆمەڵایەتییدا دروستدەبێت و کەمینەیەکی کەم دەکەونە بەرامبەر زۆرینەیەکی زۆرەوە(بۆنمونە لە کۆمەڵگایەکدا چەند کەسێك لە سەرووی کۆمەڵگاوە، هێندەی هەموو کۆمەڵگایان هەیە و ئامارەکانی بۆرژوازی خۆیشی ئەمە دەسەلمێنێت). ئەم چڕبوونەوەیە، ئاسەواری کەلتوریی خۆی هەیە و شێوازی دیکەی بەها(value) دادەهێنێت. بۆنمونە، هەڵسوکەوتی کەمینە

[١٠]. هارڤەی، کورتەمێژووی نیولیبراڵیزم، پێشەکی...

هەرەمییەکە دەبنە ستایلی ژیان و شێوازی قسە و جووڵە و زەوقیان دەبنە جێی لاساییکردنەوە. ئەمەش لە سەردەمێکدا کە "بەهای نویێ" بەئاسانی دروووستنابێت و ئەوەی هەیە شۆڕبوونەوەی ئەو بەهایانەی سیستەمە بۆ خوارەوەی کۆمەڵگا. لەم نێوانەدا گەنجان کە دەبێت نوێنەری داهێنانی بەهای نویێ بن، لە داهێنان دەکەون و قوربانیی یەکەمی بەهاکانی نیولیبراڵیزمن. ئەوەتا عەشق ڕاستەوخۆ دەبەسترێت بە بازاڕەوە و هەموو ئاڵوگۆڕێکی عاشقانە، بە پەیوەندییەکی کاڵاییدا تێدەپەڕێت. قسە و ڕستە ئەویندارییەکان، باج و پارەیەکی زۆریان دەخرێتە سەر و قسەکردن بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ڕەهەندێکی تەواو کاڵایی وەردەگرێت(ڕووداوەکانی دەستدرێژییش لە گۆشە و کەنارەکانی دونیادا دەلالەتە لەوەی کەسانێك ناتوانن لە سەردەمی نیولیبراڵیزمدا ژیانێکی جێگیری پێکەوەیی بۆ خۆیان دروووستبکەن). زۆربوونی ئەپڵیکەیشنەکانی قسەکردنیش، چڕبوونەوەی کات و شوێنە لە سەردەمی نیولیبراڵیزمدا: *دەبێت لە فەزایەکی مەجازییدا، کاتەکانی خۆت لە قاڵب بدەیت و لەگەڵ ئەویتردا بکەویتە گفتوگۆوە.* لێرەوە میدیۆم و نێوانگرێك دەکەوێتە نێوان مرۆڤەکانەوە کە سیستەم بارگاویی کردووە بە بەهاکانی خۆی. بۆنمونە، چڕبوونەوەی کات و شوێن، لە سەردەمی جیهانگیری و فراوانبوونەوەی جوگرافیادا، ئاکامێکی ئەخلاقیی لێدەکەویتەوە و پەیمان و کۆنتاکتەکان کورتدەکاتەوە. هارڤەی دەنوسێت: «نیولیبراڵیزم حەزێکی زۆری بۆ تەکنۆلۆژیا زانیارییەکان و دەسکەوتنیان هەیە-ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەسانێك باس لە سەرهەڵدانی جۆرێکی تازەی کۆمەڵگای زانیاری بکەن-. تاکو ڕووبەری جوگرافی فراوانتر بێت-جەختکردنەوە لەسەر جیهانگیری- و ماوەی ڕێکەوتنەکانی بازاڕ کورتتر بێت، ئەوا باشترە! ئەم ئەولەویەتەی دوایی، واتە کورتبوونەوەی ڕێکەوتنەکان، هاوشێوەی ئەو شتەیە کە لیوتار پێیدەڵێت هەلومەرجی پۆستمۆدێرنە. ئەو ڕەوش و هەلومەرجەی کە پەیمان و ڕێکەوتنی کورت و کاتی، جێی ڕێکەوتنی درێژخایەن و هەمیشەیی دەگرێتەوە لە بوارەکانی کاروپیشە، عاتفی، جنسی، کەلتوری، خێزانی، نێودەوڵەتی و کاروباری سیاسییش. ئاسەوارە کەلتورییەکانی ئەم نیزامە ئەخلاقییەی کە لەسەر بازاڕ بەندە، هێجگار زۆرە؛ وەکچۆن لە کتێبی *بارودۆخی پۆستمۆدێرنە*شدا باشمکردووە».

دەستنیشانکردنی دەقاودەقی شوێنەوارە کەلتورییەکانی نیولیبراڵیزم(یان هاوتا نزیکەکانی وەك جیهانگیری، سەرمایەداریی دوایین، پۆستمۆدێرنە، هتد) لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆریش ئاسان نیە. چونکە کەلتورێك هەیە پاشماوەکانی دەرەبەگایەتیی تێکەڵکردووە

بە بەهاکانی سەردەمی نیولیبراڵیزم و واقیعی مەجازی و هتد. بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی ئاسەوارە دوولایەنەکانی بازاڕ/کەلتور لەسەر ژیانی گەنجانی کوردستان دەرکەوتووە و گەنجەکان پتر لەو وتەیەی مارکسەوە نزیکن کە دەرهەق بە پرۆلیتاریا و کرێکارانی سەدەی نۆزدەی دەوت: پرۆلیتارەکان هیچیان نیە لەدەستی بدەن، زنجیرەکانی دەستیان نەبێت. سەرەتاکانی هاتنی کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت، زانکۆکانی ئێمە خوێندکاریان دەگۆڕی بۆ دەستی کار و ئایدیاڵی خوێندکارانیش ئەوە بوو لە کۆمپانیایەکدا کاربکەن و چاوەڕێی دەستی دامەزراندن و کەرتی گشتی نەبن. بەڵام پاش قەیران، ئەم پرۆسەی (بەپرۆلیتارکردن)ـەی خوێندکار بۆ ئاستێکی نزمتر دابەزیوە و بەشێك لە کارگە ئەهلییەکان بە پارەیەکی زۆرکەم و کاتێکی زۆر، بەشێك لەم دەستی کارە دەچەوسێننەوە(بۆنمونە، کارگەی ماست هەیە بەرامبەر بە ١٠ سەعات کارکردنی ڕۆژانە، پارەیەکی کەم و ڕەمزی دەداتە کرێکارە گەنجەکانی). بۆیە ئەمڕۆ گەنجانی ئێمە بەپێچەوانەی نەوەکانی پێشووەوە، خاوەنی هیچ نین(دڵەڕاوکێ و نەبوونی گەرەنتیی ژیان نەبێت). دەشتوانین ئەو ڕستە شۆڕشگێڕانەیەی بۆ زیادبکەین کە لە نەریتی چەپدا جەختی لەسەر کراوەتەوە: گەر [گەنجان] هیچیان نیە، خۆ دیسپلین و ڕێکخستنی خۆیانیان هەیە [لەپێناوی ئایدیا و ئامانجێکی گەورەدا]. ئەویش لە دۆخێکی قەیراناویی وەك کۆمەڵگای ئێمەدا کە سیما جیهانییەکانی نیولیبراڵیزمی تیایە و ناهاوسەنگییەکی لە ژیانی گەنجاندا درووستکردووە کە زۆرترین بەرکەوتن و بینیان هەیە، بەڵام کەمترین و بگرە هیچیشیان نایەنەدی(لە زۆر جێگەشدا سەرلێشێوان درووستبووە، چونکە فۆرمێکی دڕ و بەڕواڵەت پێشکەوتنخوازانە هاتووە بەسەر ناوەڕۆکێکی کۆنەپارێزانە و خێڵەکییدا).

لە مارکسیزمی کلاسیکدا، سوبێکت(کرێکار) بۆیە تووشی نامۆبوون دێت، چونکە تاکو زیاتر بەرهەمدێنێت، زیاتر تووشی نامۆبوون دێت و بەرهەمەکەی پەیوەندیی بەوەوە نامێنێت. یاخود، دەبێتە عەبدی سەرمایە و بوونی خۆی لە بەرهەمەکەیدا ئۆبێکتیڤ و دەرەکی دەبێتەوە. لە ئێستادا، مرۆڤ تووشی جۆرێك لە نامۆبوون هاتووە لەگەڵ کۆی واقیعەکەیدا. ئێستا کە باس لە (واقیعی مەجازی) دەکرێت، دەتوانین ناڕاستەوخۆ باس لەو نامۆبوونەش بکەین کە سوبێکت لەگەڵ واقیعدا تووشی هاتووە. لە کلیپ و دراما و ڕیکلامەکاندا، خەیاڵاتێك دەرخواردی بەکاربەرانی دەدەن کە لە واقیعەکەی خۆیدا بوونی نیە. ئەوەی ئێستا لە واقیعی مەجازییدا ئیشدەکات، بەشێوەیەکی سەرەکی فەنتازیای سەرمایەدارییە. بۆیە ئەو بەهایانەشی کە لە کۆمەڵگادا

دروستدەبن، بەهای سەرمایەدارییین. نیولیبرالیزم لەم نێوانەدا، ناوێکە بۆ چڕبوونەوەی کۆمەڵێك بەهای لەمێژینەی سەرمایەداری. سەرمایەداری لەو فۆرمەیدا کە کەرتی گشتی و دەوڵەتی هەندێك دەسکەوتی سەرەتایی بۆ خەڵك هەبوو، بەهاکانیشی بڕێك جیاواز بوون. بەڵام لەو کاتەوە کە کەرتی تایبەت دەخاتە جێی کەرتی گشتی، ئیدی بەهاکانیش بە ئاراستەیەکی سەلبییتردا توندەبنەوە.

هارڤەی، وەك تیۆریستێکی دیاری پرسی نیولیبرالیزم، پێی وایە لە هەرکوێدا ئازادییە شەخسییەکان پیرۆزکرا و بە شانوباڵیدا هەڵدرا، ئەوە غلۆردەبیتەوە بۆ باوەشی نیولیبرالیزم. ڕەنگە بە هەڵەدا نەچین کە کۆمەڵێك ڕستە و کلێشە لە دونیای نوخبەویی ئێمەدا، تەعبیر لەم دۆخە دەکات. ڕستەگەلی وەك (خۆت بە و بەس...)، (تاك هەموو شتە...)، بەبێ ئەوەی گۆڕانێك لە خاوەنەکانیاندا دروستبکەن، پەخشدەکرێنەوە. ڕوونتر بڵێین، هەڵگرانی ئەم ڕستانە کە خوێنەرە بەرخۆرەکانی دونیای ئێمەن، بەتوندی پابەندی نەریتەکانی خێزان و دین و خێڵن و ئەم ڕستانە وەك فۆرمی بەتاڵی سەردەمی نیولیبرالیزم دەڵێنەوە کە ناوەڕۆکێکی مێژوویی نیە و لە دەستنیشانکردنی ئاسۆیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵەوە نەهاتووە.

## پێنج: ئامرازەکانی سەرکوت یان بەرەنگاری

ئەمڕۆ دەسەڵات باش لەوە تێدەگات کە چیتر کۆمەڵگا بەرگەی ئەم قەیرانە ئابورییە ناگرێت و، ڕەنگە پۆتانشێڵی ڕزگاری لە ساتەوەختێکی زەمەندا بتەقێتەوە و بەدیلی ڕادیکاڵ خۆی مانیفێست بکات. بۆیە بە تەنها لە ڕێگەی بژاردەی سەربازی و ئەمنییەوە دەنگی ناڕەزایەتی کپناکات (پرۆژەی نیولیبرالیزم دەستێوەردان لە سێکتەری ئەمنی و سەربازیدا ناکات و، لە دەستی حکومەتدا دەیهێڵێتەوە، تەنانەت مووچە و بودجەیان کەمناکرێتەوە. لێرەوە ڕۆڵی حکومەت لە سایەی نیولیبرالیزمدا تەنها پتەوکردنی دەسەڵاتی عەسکەری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کەمینەی حوکمڕان و سەرمایەدارانە. بۆیە دەشێت بپرسین؛ ئایا لە کۆمەڵگایەکی بێچیندا چ بایەخێك بۆ دەوڵەت دەمێنێتەوە؟)، بەڵکو لەڕێگەی میدیاوە کار لەسەر هەڵمژینی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك دەکەن. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە دوو شێوە دەبنە دەڵاڵ و وەکیلی حکومەت لەنێو جەماوەردا. هەندێك لە کەناڵەکان کە خۆیان وەك سەربەخۆ و نیمچە ئۆپۆزسیۆن دەردەخەن، بەناوی ڕای تۆ و ڕای شەقام و مایکی ئازادەوە هەموو ئێوارانێك تووڕەیی ڕۆژانەی خەڵك خاڵیدەکەنەوە، بۆئەوەی تاك شەوانە بە ئاسودەیی

بنوێت و بۆ سبەینێ بیر لە کردەی ڕادیکاڵانە نەکاتەوە. بەشێکی تر لە کەناڵەکان بەرنامەی کۆمیدی و تەرفیهی و هونەری پێشکەشدەکەن گوایە خەڵك لە قەیران و ناڕەحەتیدایە پێویستە دڵخۆشیان بکەین لە کاتێکدا ئەوە جۆرێکی ترە لە حەپی ئازارشکێن و بێهۆشکردن، بەرنامەی شانۆگەریی (بەزمی بەزم) و (ڕادیۆی تەکسی) دوو ئامرازی بەئەمەك و بەکەڵکن بە دەستی دەسەڵاتەوە. بەشەکەی تری کەناڵەکان لەبری حکومەت پرسیار لە موچەخۆران دەکەن و لەرەی دەنگیان تاقیدەکەنەوە، (بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج) تارمایی دەسەڵاتە و دەیەوێت بزانێت ئاستی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك گەیشتووە بە چ ئاستێك و، موچەخۆران بە چ ڕێژەیەکی سەدی لە لێبڕینی مووچەکانیان (پاشەکەوتی زۆرەملێ) ڕازیدەبن. دواجار ئەوەشی کە پێشتر وەك ئۆپۆزسیۆن ناودەبرا و پرۆژەکەی شکستی هێنا، بەرەنگارییەکی جدیی نیە بۆ پرۆسەی خەسخەسە(بەتایبەتیکردن). ڕەنگە وەك لایەنێکی ڕیفۆرمیستی ناو سیستەم، دوایین بەرەنگارییان هەر ئەوە بێت کە لە زاری یەکێك لە کادرەکانیانەوە لە تەلەفزیۆنەوە وتی: کەرتی تایبەت شتێکی زۆریش خراپ نیە، بەڵام بەشێوەیەکی زانستییانە! دەربڕینی زانستییانە لێرەدا سەمپتۆم و نیشانەیە بۆ غیابی بەدیلێکی سەرتاسەری لە دونیای ئینسانەکاندا. هەموو شتە خراپەکان، پاشکۆیەکی زانستییانەیان دەخرێتەپاڵ و بەر پاڵفتەیەکی ویژدانی و ئەخلاقی دەخرێن. چی دەبێت گەر بیر لە ئاسۆیەکی فەرامۆشکراو بکەینەوە و لانیکەم بیری خۆمانی بێنینەوە کە بەدیلی نیولیبراڵیزم، ژیانێکی سۆسیالیستانەیە؟

بژاردەی نیولیبراڵیزم یان سۆسیالیزم، هەڵبژاردنێکی ئازادانە نیە بۆ ئێمە، بەڵکو جۆرێکە لە هەڵبژاردنی زۆرەملێ(the forced choice). واتە وا دەردەکەوێت خوێنەر بۆی هەیە یەکیان هەڵبژێرێت، بەڵام هەڵبژاردنەکە بۆ ئێمە لایەنگرانەیە و ژیانێکی سۆسیالیستانە ئەولەویەتی تەواوی هەیە بەسەر ژیان لە سایەی نیولیبراڵیزم دا. ڕوونە کە سۆسیالیزم بەدیلێکی تەواو جیاوازە لە نیولیبراڵیزم. لە سۆسیالیزمدا، کۆمەڵگا وەك کۆ/گشتێك وەردەگیرێت نەك تاکەکەس و ئەتۆمی لێکدابڕاو. لە ڕووە ئەخلاقییەکەشەوە، کۆمەڵگا کۆمەڵێك تاکی پێکەوەبەستراوە نەك خۆپەرست و دابڕاو. هۆیەکانی بەرهەمهێنان، هی کەمینەیەك نابێت بەڵکو دەبێتەوە بە موڵکی کۆی کۆمەڵگا. پەیوەندییەکی دیالەکتیکی و چەندلایەنە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا هەیە، و تاك و کۆ یەکتری بەرهەمدێننەوە؛ بەپێچەوانەی نیولیبراڵیزمەوە کە تاك دەکاتە یەکەیەکی تاقانە و لە پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی کۆمەڵگای دادەبڕێت. لە سۆسیالیزمدا پەیوەندیی

کاڵایی دەگۆڕدرێت بۆ پەیوەندیی ئینسانی. بەهای ئاڵوگۆڕ بەرەو بەهای مەسرەف وەردەچەرخێت. بەرهەمهێنان لەپێناوی قازانجی زیاتر و زیاتردا نیە، بەڵکو بە پلەی یەك لەپێناوی پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و مەسرەفکردندایە کە لە سیستەمی سەرمایەداری و باڵە ڕووتەڵەی نیولیبراڵیزمدا پێچەوانەیە. مارکس لە گەنجییدا دەنوسێت: «ئینسان-کرێکار- تەنیا لە کردە حەیوانییەکانی خۆیدا وەك خواردن، خواردنەوە، و وەچەخستنەوە یان ئەوپەڕەکەی لە هەڵبژاردنی نیشتەجێبوون و ستایلی ئارایشتی خۆیدا، ئازادانە دەجووڵێتەوە؛ لەکاتێکدا لە کردەوە ئینسانییەکانی خۆیدا جگە لە حەیوانێك هیچی تر نیە. ئەو شتەی کە حەیوانییە، ئینسانیدەبێتەوە و ئەوەشی ئینسانییە حەیوانیدەبێتەوە»[11].

لە سۆسیالیزم دا، بازاڕ ئامانج نیە، بەڵکو ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ چینایەتی. کۆمپانیا و کەرتی تایبەت و "بازاڕی ئازاد" دەخرێنەلاوە. خاوەندارێتیی گشتی، جێی خاوەندارێتیی تایبەتی دەگرێتەوە. واتە کۆمەڵگا وەك سوبێکتێکی دەستەجەمعی دەبنە خاوەنی بەرهەمهێنان و خێروبێری کۆمەڵایەتی. مرۆڤ لە ژیانێکی سۆسیایستانەدا دەتوانێت گەرەنتیی تەندرووستی و پەروەردە و هاتوچۆ و سەفەر و حەزە شەخسییەکانی هەبێت. جارێکیان دانیشتوویەکی ژێردەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات پاش ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، باسی لەوە کرد گەرچی لە سەردەمی کۆمۆنیستەکاندا پارە کەم بوو، بەڵام ژیان ئاسانتر و هێورتر بوو؛ فشاری نەفسی کەم بوو. ئەمە بەپێچەوانەی نیولیبراڵیزمەوە، گەرچی پارەشت هەبێت دیسان هەر هەست بە ئاسایشی ژیان ناکەیت. وێڕای ئەوەی لە سۆسیالیزمدا هەوڵدەدرێت بۆ لەناوبردنی یەکجارەکیی جیاوازیی ڕەگەزی و ئەتنی و ژێندەری، کە ئەمڕۆ بازاڕ زیاتر و زیاتر زەقیکردوونەتەوە. لە سەرمایەدارییدا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کاریگەری دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان و بیروباوەڕ و زەوق و دەروون و ئەخلاق و دابونەریتی کۆمەڵایەتی. بۆیە مارکس پێیوایە دەبێت شۆڕشی سۆسیالیستی چوار پرەنسیپی گشتی بگۆڕێت: ١) هەموو جیاوازییە چینایەتییەکان ٢) کۆی ئەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان کە ئەم جیاوازییانەی لەسەر دروستدەبێت ٣) کۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە بەستراون بەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنانەوە ٤) هەروەها کۆی ئەو بیروباوەڕانەی کە لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوە سەرچاوەدەگرن.

---

[11]. دەستنووسە ئابوری و فەلسەفییەکان ١٨٤٤، بەشی (کاری نامۆبوو).

# "نیولیبراڵیزم، پرۆژەیەکی سیاسییە"

-گفتوگۆ لەگەڵ داڤید هارڤەی دەربارەی ئەوەی نیولیبراڵیزم چیە و بۆچی ئەم چەمکە بایەخی هەیە-

وەرگێڕانی: وەلید عومەر

یازدە [و ئەوەندە] ساڵ لەمەو بەر، هارڤەی کتێبە ناسراوەکەی خۆی بەناوی *کورتەمێژووی نیولیبراڵیزم*"[12] بە چاپ گەیاند، کتێبێك کە ئێستا بە یەکێك لەو کتێبانە دادەنرێت کە لەبارەی نیولیبراڵیزمەوە زۆر بۆی دەگەڕێنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە کە ئەم کتێبەی تیا چاپکرا، نەك هەر کۆمەڵێك قەیرانی ئابوری و داراییمان بینیوە، بەڵکو شەپۆلێکی نوێی بەرەنگارییشمان بینیوە کە لە ڕەخنەکەیاندا بۆ سەر کۆمەڵگای هاوچەرخ، زۆرجار "نیولیبراڵیزم" دەکەنە ئامانجی هێرشەکانیان. بە دەربڕینی کۆرنێڵ وێست، بزووتنەوەی **گیانی ڕەشپێستەکان نرخی خۆی هەیە**"[13]، بریتییە لە «مەحکومکردنی دەسەڵاتی نیولیبراڵ». هۆگۆ چاڤێزیش لەو ساڵانەی دواییدا، نیولیبراڵیزمی ناونا «ڕێیەك بەرەو دۆزەخ». ڕێبەرانی کرێکاریش، بۆ وەسفکردنی ئەو ژینگە بەرفراوانترەی کە ململانێی کاری تیا ڕوودەدات، سود لەم زاراوەیە دەبینن. ئەو بڵاوکراوانەش کە پەیوەستن بە ڕەوتە گشتی و زاڵەکەوە، کاتێك دەیانەوێت ئەرگۆمێنت بێننەوە کە نیولیبراڵیزم بوونی نیە، ئەوا هەمان زاراوە بەکاردێنن.

---

[12] . A Brief History of Neoliberalism
[13]. Black Lives Matter

بەڵام کاتێك باسی نیولیبراڵیزم دەکەین، ڕێك باسی چی دەکەین؟ ئایا [لێدان لە] نیولیبراڵیزم ئامانجێکی باش و بەکەڵکە بۆ سۆسیالیستەکان؟ هەروەها لە کاتی لەدایکبوونیەوە لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەوە، چ گۆڕانێکی بە سەردا هاتووە؟
بیارکە سکەیرلون ڕیزاگر[14]، مامۆستای بەشی فەلسەفە و مێژووی ئایدیاکان لە زانکۆی ئارهوسی دانیمارك، لەم چاوپێکەوتنەی بەردەستتاندا، گفتوگۆی لەگەڵ داڤید هارڤەیدا کردووە سەبارەت بە ماهیەتی سیاسیی نیولیبراڵیزم و گۆڕانی شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە لەلایەن نیولیبراڵیزمەوە، و ئەوەش کە بۆچی دەبێت چەپ هێشتا کۆتاییهێنان بە سەرمایەداری بەجدی وەربگرێت.

---

**پرسیار: ئەمڕۆ نیولیبراڵیزم، زاراوەیەکە کە زۆر بەکاردەهێنرێت. گەرچی زۆرجار ئەو کەسەی کە بەکاریدێنێت، دیار نیە باسی چی دەکات [و مەبەستی چیە]. لە سیستەماتیکترین بەکارهێنانی خۆیدا، دەشێت ئاماژە بێت بۆ تیۆرێك، ڕیزێك ئایدیا، ستراتیژێکی سیاسی، یان سەردەمێکی مێژوویی. دەکرێت لە دەسپێکدا تێگەیشتنی خۆت بۆ نیولیبراڵیزم ڕوونبکەیتەوە؟**

هارڤەی: بەرکەوتنی من لەگەڵ نیولیبراڵیزمدا هەمیشە وەکو پرۆژەیەکی سیاسی بووە، پرۆژەیەك کە لەلایەن کۆمەڵە[15]ی چینی سەرمایەدارەوە بەڕێوەبراوە، ئەویش ئەو کاتەی لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، هەم لەڕووی ئابوری و سیاسییشەوە بەتوندی هەستی بە مەترسی دەکرد. ئەوان نائومێدانە بەدوای بەگەڕخستنی پرۆژەیەکی سیاسییەوە بوون کە بتوانێت دەسەڵاتی چینی کرێکار جڵەوبکات.

ئەم پرۆژەیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، پرۆژەیەکی دژەشۆڕش بوو. لە کات و ساتی خۆیدا، ئەم پرۆژەیە لە زۆربەی وڵاتانی ڕوولەگەشەی وەك مۆزەمبیق، ئەنگۆلا، چین و هتددا بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی کپکردەوە بەر لەوەی چرۆبکەن، هەروەها نیولیبراڵیزم هەوڵیدەدا ڕیشەی نەمامی ڕوولەگەشەی کۆمۆنیزم لە وڵاتانی وەك ئیتالیا و فەڕەنسا و ئیسپانیا وشکبکات؛ لەو کاتەدا گەرچی ئیسپانیا وڵاتێك بوو کەمتر مەترسیی ئەوەی لێدەکرا کۆمۆنیزم سەرلەنوێ سەری تیا هەڵبداتەوە.
تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، سەندیکا یان یەکێتییە کرێکارییەکان کۆنگرەیەکی دیموکراسییان بنیاتنابوو کە کۆمەڵێك ئامانج و مەبەستی ڕادیکاڵیان

---

[14] . Bjarke Skærlund Risager
[15] . corporate

گرتبووە بەر. لە سەرەتاکانی دەیەی حەفتای زایینیدا، هاوشانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر، ژمارەیەکی زۆر چاکسازی و نوێگەریی چاکسازیخوازانە و دژە چینی سەرمایەدارییان سەپاند، کە ئەم حاڵەتانەی خوارەوەی دەگرتەوە: پاراستنی ژینگە، سەلامەتیی پیشەیی و ئیدارەکردنی تەندرووستی، پشتیوانیکردن لە مافەکانی مەسرەفکار و هەموو حاڵەتەکانی تر، کە ئامانجی تێکڕای ئەم بزووتنەوانە ئەوە بوو کە هێزێکی زیاتر ببەخشنە چینی کرێکار، ئەویش لە ئاستێکدا کە پێشتر پێشینەی نەبووە.

بۆیە، لەو دۆخە مەترسیدارە جیهانییەدا، بەفیعلی هەڕەشەی لە دەسەڵاتی چینی سەرمایەدار دەکرد و پرسیارەکە ئەمە بوو: «چی بکرێت؟». چینی حاکم هەمووشتزان نەبوو، بەڵام لەوە تێدەگەیشت کە پێویستە لە چەندین بەرەوە شەڕبکات: بەرەی ئایدۆلۆژیا، بەرەی سیاسەت، و لە هەمووشی گرنگتر ئەوە بوو کە هیچ چارەیەکیان نەبوو جگە لەوەی بە هەر شێوەیەك بووە هەوڵبدەن دەسەڵاتی چینی کرێکار جلەوبکەن. لە هەناوی ئەمەوە بوو پرۆژەیەکی سیاسی سەری دەرهێنا کە من ناویدەنێم نیولیبراڵیزم.

**پرسیار: دەکرێت تۆزێك باسی بەرەی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی نیولیبراڵیزم و هەروەها هێرشەکانی بۆ سەر چینی کرێکار بکەیت؟**

هارڤەی: لە بەرەی ئایدۆلۆژییدا نیولیبراڵیزم گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت پێشنیاری کەسێك بەناوی "لویس پاوڵ" قبوڵبکات. ئەو، لە چوارچێوەی یاداشتێکدا باسی ئەوەی دەکرد کە دۆخەکە زیاد لە ڕادە لە کۆنترۆڵ دەرچووە و سەرمایە پێویستی بە پرۆژەیەکی دەستەجەمعییە. ئەم یاداشتە یارمەتیی کۆمەڵێك دامەزراوەی وەك ژووری بازرگانی و بیئارتی(Business Roundtable)[١٦]ـی کرد تاکو لە بەرامبەر شەپۆلی گەورەی یەکێتییە کرێکارییەکاندا خۆی سازوئامادە بکات.

سەرباری ئەمەش، بۆ کەسە ئایدۆلۆژییەکانی ناو ئەم ڕەوتە، ئایدیاکان بایەخیان هەبوو. لەو کاتەدا، داوەریی ئەوان ئەوە بوو کە مادام بزووتنەوەی خوێندکاران زۆر بەهێزە و

---

[١٦]. گرووپێکی کۆنەپارێز بوو کە لە بەڕێوەبەرانی باڵای کۆمپانیا گەورەکان پێکهاتبوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن جان هاربەرە، خاوەنی کۆمپانیای ئالکۆ ئەلەمنیۆم، و فرێد جی بورش، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای جنراڵ ئەلەکتریك ـەوە دامەزرا. خەم و کەڵکەڵەی سەرەکیی ئەم گرووپە بریتیبوو لە زیادکردنی داواکارییەکانی خەڵك بۆ دانانی هەندێك یاسای پشتیوانی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سەر شوێنە کرێکارییەکان و بەخشینی دەسەڵاتی زیاتر بە سەندیکا کرێکارییەکان-و.ف

ئەندامانی کادری پەروەردەییش بیروباوەڕێکی هێجگار ئازادیخوازانەیان هەیە، ئەوا ڕێکخستنی زانکۆکان بەفیعلی کاری نەکردەیە. بۆیە دەستیانکرد بە دامەزراندنی هەندێك گرووپی فیکریی وەك دامەزراوەی مانهاتن، دامەزراوەی میرات( Heritage Foundation) و دامەزراوەی ئۆلین(Ohlin Foundation). ئەم دامەزراوانە برەویان دەدا بە ئایدیاکانی هەندێك کەسی وەك فریدریش هایك و میلتن فریدمەن و ئابوریی لایەنگر-ی خستنەڕوو[١٧].

ئایدیا سەرەکییەکە ئەوە بوو کە ئەم دامەزراوە فیکرییانە بەرەو لێکۆڵینەوەی جدی هانبدەن و دیارە هەندێکیشیان بە ئامێزی کراوەوە شتەکەیان قبوڵکرد. بۆنمونە، **فەرمانگەی میلیی لێکۆڵینەوە ئابورییەکان** دامەزراوەیەکی تایبەت بوو کە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی هێجگار چاك و گشتگیری ئەنجامدا. دواتر ئەم لێکۆڵینەوانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ چاپدەبوون و کاریگەرییان دەخستە سەر بڵاوکراوەکان و کەمکەم زانکۆکانیان دەخستە ژێر سوڵتە و کاریگەریی خۆیانەوە.

ئەم پرۆسەیە زۆر درێژەی کێشا. وایدەبینم ئێستا گەیشتووینەتە جێیەك کە پێویستمان بە شتێکی وەك **دامەزراوەی میرات** نەبێت. زانکۆکانیش چیتر تەسلیمی ئەو پرۆژە نیولیبراڵییانە بوون کە دەوریانداون.

سەبارەت بە چینی کرێکاریش پێویستە بڵێم، کێشمەکێشە سەرەکییەکە ئەوە بوو کە کێبڕکێ لەنێوان کرێکارانی ناوخۆ و هێزی کاری جیهانییدا درووستبکرێت. یەکێك لە ڕێگاکان کردنەوەی دەرگا بوو بە ڕووی کۆچبەراندا. بۆنمونە، لە ساڵانی شەستدا، ئەڵمانییەکان هێزی کاری تورکیان دەهێنایەناوەوە، فەڕەنسییەکان هێزی مەغریبی و ئینگلیزەکانیش هێزی کاری موستەعمەرەکان. بەڵام جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە، کۆمەڵێك ناڕەزایی گشتی و هەندێك پێکدادانی بەدواوە بوو.

---

[١٧]. ئاراستەیەکە لەناو ئابوریی گەورە(ماکرۆئابوری)دا کە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی گەشەی ئابوری، پێویستە چاودێریی دەوڵەت و ڕێسا و باجەکان کەم بینەوە. بەپێی ئەم ئاراستەیە، بەهۆی هەڵگرتنی سنوردارییەکانی دەوڵەتی و یاسایی و جەماوەرییەکانەوە(سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان) سوڕی سەرمایە ئاسانتر درووستدەبێت و خستنەڕووی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە نرخێکی نزمتر ئەنجامدەدرێت. گەرچی فۆرمەلەبوونی تیۆریی ئابوریی(خستنەڕوو-ئاراستە) لە ساڵانی حەفتادا هاتەئاراوە، بەڵام ئەوە لە دەیەی هەشتادا بوو کە ڕۆناڵد ڕیگان بەهۆی پیادەکردنی ئەم تیۆرەوە ، لە چوارچێوەی ڕێساداماڵین لە کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی بەرچاوی داهاتی باجی دەوڵەت، ئابوریی خستنەڕوو-ئاراستەی کردە دەستەواژەیەکی ناسراو-و.ف

وێڕای ناڕەزاییەکان، چینی سەرمایەدار ڕێگایەکی تری هەڵبژارد: بردنی سەرمایە بۆ جێیەك کە هێزی کاری هەرزانی لێ بوو. بەڵام بۆ ئەوەی بەجیهانیبوون سەرپێی خۆی بکەوێت، هیچ چارەیەکیان نەبوو جگە لەوەی تاریف یان گومرگەکان[18] کەمبکەنەوە و دەسەڵاتی سەرمایەی دارایی زیادبکەن، چونکە سەرمایەی دارایی(مالی) گەڕۆکترین جۆری سەرمایەیە. بۆیە، سەرمایەی دارایی و هەندێك حاڵەتی تری وەك ڕێژەی ناجێگیری[19] دراو دەبووە جێی ڕەخنەی چینی کرێکار کە ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتە جڵەوکردنی [کرێکاران] بوو.

هاوکات، پرۆژە ئایدۆلۆژییەکانی بەتایبەتیکردن (خەصخەصە) و لابردنی سانسۆر و لەڕێساداماڵین(deregulate)، بێکارییان درووستکرد. لێرەوە، بێکاری لە ناوخۆدا هاواریدەکرد، و کۆمپانیاکان و بانکەکان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و خۆدزینەوە لە باج بەهۆی دامەزراندنی لقەکانی ئافشور(Offshoring)ـەوە پیشەکانیان گواستەوە بۆ دەرەوەی سنورەکان، و هەڵبەت سێیەمین پێکهێنەر[20] بریتییە لە گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژییەکان کە مەبەست لێی لەپیشەسازیداماڵینە، لەپیشەسازیداماڵین[21] لەڕێگەی بەئۆتۆماتیکیکردن و بەرۆبۆتکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە درووستدەبێت. ئامانج لەم ستراتیژەش، تێکشکاندنی هێزی کار بوو.

ئەم ڕووداوە تەنیا هێرشێکی ئایدۆلۆژی نەبوو، بەڵکو هێرشێکی ئابورییش بوو. بە بۆچوونی من، ئەمە هەر ئەو شتەیە کە پێیدەڵێین نیولیبراڵیزم: ئەو پرۆژە سیاسییەی کە بۆرژوازی یان چینی سەرمایەدار هێدیهێدی پیادەیانکرد.

بە شتێکی دووری دەزانم کە ئەوان ئەم پرۆژەیەیان بە خوێندنەوەی *هایك* یان هەر کەسێکی تر دەستپێکردبێت، پێموایە ئەوان هەر لەخۆوە دەیانگوت «دەبێت چینی کرێکار بهاڕین، بەڵام چۆنچۆنی بیکەین؟».پاشان بینییان، خۆ تیۆرێك هەیە ڕەوایەتی دەبەخشێت بەو شتەی کە باسیاندەکرد.

**لە کاتی بڵاوبوونەوەی *کورتەمێژووی نیولیبراڵیزم*ـەوە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، شتی زۆر لەبارەی ئەم چەمکەوە نوسراوە. وادەردەکەوێت دوو ڕەوت[22] هەبێت: ئەو لێکۆڵەرانەی**

---

18 . tariffs
19 . floating
20 . component
21 . deindustrialization
22. camp

**که خولیایان بۆ مێژووی فیکریی نیولیبراڵیزم هەیە، و ئەو کەسانەشی کە کەڵکەڵەیان «نیولیبراڵیزمی بەردەست و بنیاتنراو»ـە. ئێوە دەکەونە کوێی ئەمەوە؟**

هارڤەی: لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئینتیما و ئاراستەیەك هەیە کە من هەوڵدەدەم بەرەنگاری ببمەوە، ئەوەی کە هەوڵدەدات تیۆرێکی تاکڕەهەند لەبارەی شتێکەوە بخاتەڕوو. بۆیە خەڵکانێك هەن دەڵێن، باشە، نیولیبراڵیزم ئایدۆلۆژیایەکە، کەواتە مێژوویەکی ئایدیاڵیستیی بۆ دەنوسنەوە.

ئەو مێژووەی کە میشێل فۆکۆ لەبارەی حکومەتمەندی(governmentality)ـەوە نوسیویەتی، نوسخەیەکی ئایدیاڵیستییە کە بوونی ئینتیما نیولیبراڵییەکان لە سەدەی هەژدەیەمدا پشتڕاستدەکاتەوە. بەڵام گەر بڕیارە نیولیبراڵیزم وەك ئایدیایەك یان ڕیزێك کرداری تایبەت بە حکومەتمەندی لەبەرچاوبگرین، ئەوا بێگومان شێواز و نمونەی زۆر لە پێشوودا دەدۆزیتەوە.

بەڵام ئەو شتەی کە هەست بە جێگا خاڵییەکەی دەکرێت، ئەو شێوازەیە کە چینی سەرمایەدار بەهۆیەوە توانیی لە ماوەی ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکاندا هەوڵەکانی خۆی ڕێکبخات. پێموایە شتێکی بەویژدانانەیە گەر بڵێم لەو کاتەدا، هەرچۆنێك بێت لە دونیای ئینگلیزیزماندا، چینی سەرمایەدار کەمتازۆر یەکیگرت. ئەوان لەسەر زۆرشت ڕێککەوتن، بۆنمونە پێویستبوون بە هێزێکی سیاسی کە بتوانێت بەشێوەیەکی واقیعی نوێنەرایەتییان بکات. بۆیە سەرنجی حیزبی کۆماریخوازیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و هەوڵیاندا تاڕادەیەك حیزبی دیموکرات لاوازبکەن.

هەر لە ساڵانی حەفتاوە، دادگای باڵا(دیوانی باڵا) ڕیزێك بڕیاری دەرکرد کە مۆڵەتی دەدایە چینی سەرمایەدار تاکو بە ئاسانکارییەکی زیاتر لە پێشووەوە، لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بکڕێت.

بۆنمونە، بەهۆی چاکسازییە ئەنجامدراوەکانەوە لە کاروباری دارایی ململانێکانی هەڵبژاردناندا، یارمەتییە داراییەکان دەرهەق بە ناوەندەکانی هەڵبژاردن وەك جۆرێك لە دەربڕینی ئازادی بیروڕاکان لەقەڵەمدەدرێت. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کڕینی دەنگ لەلایەن سەرمایەدارانەوە نەریتێکی کۆن بوو لەکاتێکدا لەجیاتیی ئەوەی بەشێوەی ژێربەژێر بدرێت، دیوێکی یاسایی وەرگرتووە.

تێکڕا، بە بڕوای من ئەوەی ئەم سەردەمە لە سەردەمەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەو جووڵە زۆرەیە لە زۆرینەی کایە و بەرەکاندا، لەوانەش ئایدۆلۆژیا و سیاسەت.

هەروەها تاکە ڕێگای ڕوونکردنەوەی ئەم جووڵە بەرفراوانانەش، سەرنجدانە لە ڕێژەی تاڕادەیەك بەرزی هاوپشتی لەناو چینی سەرمایەداردا. سەرمایە لە چوارچێوەی هەوڵێکی نائومێدانەدا بۆ باشترکردنی سامانی ئابوری و نفوزەکەی، کە لە کۆتایی شەستەکان تا حەفتاکان بەشێوەیەکی جدی لەناوچووبوو، هێز و دەسەڵاتی خۆی بەدەستهێنایەوە.

**پرسیار: لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر قەیرانمان بینیوە. مێژوو و چەمکی نیولیبراڵیزم لە تێگەیشتنی ئەم قەیرانانەدا چ یارمەتییەکمان دەدەن؟**

هارڤەی: لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٧٣، قەیرانەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. لە هەندێك بڕگەی مێژووییدا، کۆمەڵێك گرفتی جدی هەن؛ بەڵام هیچ قەیرانێکی گەورە دیار نیە. وەرچەرخان بە ئاراستەی سیاسەتە نیولیبراڵییەکاندا، لە ساتەوەختی قەیرانێکدا لە دەیەی حەفتادا ڕوودەدات؛ لەو کاتەشەوە تا ئێستا کۆی سیستەمەکە هیچ نەبووە جگە لە ڕیزێك قەیران. هەڵبەت دەبێت ئەوەشی بۆ زیادبکەین کە قەیرانەکان هەلومەرجێك دروستدەکەن کە خولقێنەری قەیرانەکانی دواترن.

لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢-دا١٩٨٥، لە مەکسیك، بەرازیل، ئیکوادۆر و هەموو وڵاتانی ڕوولەگەشەش، بۆنمونە پۆڵەندا، قەیرانی قەرز هەبوو. لە ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبەردەم قەیرانێکی گەورەداین لە سندووقەکانی پاشەکەوتی نیشتەجێبووندا. ساڵی ١٩٩٠یش سوید تووشی قەیرانێکی گەورە دەبێت کە بەهۆیەوە هەموو بانکەکان بەناچاری خۆماڵیدەکرێن.

هەڵبەت دواتر لە ١٩٨٧-١٩٨٨، قەیران لە ئەندۆنیزیا و ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێت، پاشان دەگاتە ڕوسیا، دواتریش بەرازیل دەگرێتەوە و لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٢یش ئەرجەنتین دەهەژێنێت.

لە ساڵی ٢٠٠١، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەندێك کێشە هەبوون کە بۆ چارەسەکردنیان پارەیان لە بازاڕی بۆرس هێنایەدەرەوە و خستیانە بازاڕی نیشتەجێبوونەوە. ئەم کێشەیە بووەهۆی ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨دا، بازاڕی نیشتەجێبوون لەناوەوە بتەقێتەوە، بۆیە لێرەشدا بەر قەیران کەوتین.

ئەگەر چاو بە نەخشەی جیهاندا بخشێنیت، دەبینیت کە قەیران چۆنچۆنی ئاراستەی خۆی دەگۆڕێت و لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر دەڕوات. تێڕامان لە نیولیبراڵیزم یارمەتیماندەدات باشتر لە جووڵە و گۆڕانی ئاراستەی قەیران تێبگەین.

یەکێك لە جووڵە گرنگەکانی پرۆسەی بەنیولیبراڵکردن، بریتیبوو لە دەرکردنی ئابورناسانی کینزی لە لە بانکی جیهانی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی لە ١٩٨٢، پاکسازییەکی تەواوەتی کە هەموو دامەزراوە گرنگەکانی ئابوریی لە دەستی ڕاوێژکارانی ئابوریی کینزی ڕزگاردەکرد.

لەجیاتییەکەیدا، تیۆریستانی نیۆکلاسیکی ئابوریی *لایەنگر-ی خستنەڕوو* جێگەی ئەوانیان گرتەوە و یەکەم کاریش کە کردیان بڕیاردان بوو لەوەی کە لەدوای سندووقی دراوی نێودەوڵەتییەوە(IMF)، دەبێت لە هەر جێیەك کە قەیران سەرهەڵدەدات، سیاسەتی داڕشتنەوەی هەیکەلی ئیداری(structural adjustment) بەکاربێنێت.

ساڵی ١٩٨٢، مەکسیك دووچاری قەیرانی قەرز بووەوە. سندووقی دراوی نێودەوڵەتی بە دەوڵەتی مەکسیك دەڵێت: ئێمە دەربازتان دەکەین. بەڵام لەڕاستیدا ئەوان هیچیان نەدەکرد جگە لە ڕزگارکردنی بانکە سەرمایەگوزارە نیۆرکییەکان و پیادەکردنی سیاسەتەکانی سکهەڵگوشینی ئابوری(تەقەشوفی ئابوری).

دوای ١٩٨٢، خەڵکی مەکسیك لە ئەنجامی سیاسەتەکانی داڕشتنەوەی هەیکەلییەوە کە لەلایەن IMFـەوە پێشنیارکرابوو، و ببووە هۆی کەمبوونەوەی لە سەدا بیستوپێنجی ستانداردەکانی ژیان، چوار ساڵی ڕەبەق عەزابیان چەشت.

لەو ساتەوە تا ئێستا خەڵکی مەکسیك چوار داڕشتنەوەی هەیکەلییان تێپەڕاندووە. زۆرێك لە وڵاتانی تریش داڕشتنەوەی هەیکەلییان ئەزموونکردووە. داڕشتنی هەیکەلی، تازە بۆتە شتێکی باو.

سەیرکەن چۆن خەریکن بەڵایەك بە سەری یۆناندا دێنن. سیاسەتی ئەوان لە بەرامبەر یۆناندا نوسخەیەکی تری ئەو کارەیە کە لە ١٩٨٢ لە مەکسیك کردیان، هێندە هەیە بە زیرەکییەکی زیاترەوە. ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨یش ئەمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوویدا. بانکەکانیان لە تەنگانە ڕزگارکرد و خەڵکیان ناچارکرد بەهۆی سیاسەتەکانی سکهەڵگوشینەوە، پارەی ڕزگارکردنی بانکەکان لە گیرفانی خۆیان بدەن.

**پرسیار: سەبارەت بە قەیرانەکانی ئەم دواییە و شێوازی ئیدارەکردنی قەیرانەکان لەلایەن چینی حاکمەوە، شتێك هەیە کە بەهۆیەوە بتوانیت بە تیۆرەکەتاندا بچیتەوە لەبارەی نیولیبراڵیزمەوە؟**

هارڤەی: ئەرێ، پێموانیە ئەمڕۆ چینی سەرمایەدار بە ڕادەی پێشوو یەکگرتوو بێت. لەڕووی جوگرافییەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پێگەیەکدا نیە کە بیەوێت وەك ساڵانی دەیەی ١٩٧٠ لە ئاستێکی جیهانییدا ملهوڕی و تەراتێن بکات.

پێموایە بینەری بەناوچەییبوونی بونیادەکانی دەسەڵاتی جیهانیین لە هەناوی سیستەمی دەوڵەتیدا(واتەهەیمەنە و سەرکردەی ناوچەییمان هەیە)، بۆنمونە لە ئەورووپا ئەڵمانیا هەژموونی ناوچەیی هەیە، لە ئەمریکای لاتین بەرازیل، و لە ئاسیای ڕۆژهەڵاتیش چین.

خۆ ئاشکرایە کە ئەمریکا هەروا پێگە جیهانییەکەی خۆی هەیە، بەڵام سەردەمەکەش گۆڕاوە. ئۆباما دەچێتە دانیشتنەکانی گرووپی بیست(G20) و دەڵێت: پێویستە ئەم کارە بکەین. ڕەنگە ئەنگێلا مێرکلێش لە وەڵامدا بڵێت: نا، ئێمە کاری وا ناکەین. لە دەیەی ١٩٧٠دا، شتێکی لەم جۆرە ئەستەم و نامومکین بوو.

بۆیە دۆخی جیۆپەلۆتیك، حاڵەتێکی ناوچەییتری گرتۆتە خۆی و ئۆتۆنۆمییتر بۆتەوە. پێموایە ئەم دیاردەیەش تاڕادەیەك بەرەنجامی شەڕی ساردە. هەندێك وڵاتی وەك ئەڵمانیاش بۆ پاراستنی خۆیان، چیتر پاڵ نادەن بە ئەمریکاوە.

وێڕای ئەوەی، کەسانی وەك بیل گەیتس و کۆمپانیاکانی وەك ئەمازۆن و سیلیکۆن ڤەڵی کە خۆمان پێیان دەڵێین "چینی نوێی سەرمایەدار"، بەراورد بە خاوەن سەرمایە کلاسیکەکان لە بواری نەوت و وزەدا، دوای سیاسەتێکی جیاواز دەکەون.

سەرەنجام، ئەمانە بە ڕێی خۆیاندا دەڕۆن، بۆیە بۆنمونە لەنێوان بواری وزە و بواری داراییدا، یانوزە و سیلیکۆن ڤەڵیدا کێبڕکێیەکی بەکۆمەڵی توند لەئارادایە. هەندێك کەرت هەن سەبارەت بە شتێکی وەك گۆڕانکاریی ئاووهەوا، بۆنمونە، شەفافانە کاردەکەن.

خاڵێکی گرنگی تر دەبێت زیادی بکەم ئەوەیە کە فشاری نیولیبراڵەکان لە دەیەی ١٩٧٠دا، ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی بەرفراوانی چینی کرێکار و حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپا بوویەوە.

بەڵام ڕێم بدەن ئەوەش بڵێم کە تا کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠ بەرەنگارییەکە تێکشکا و براوەی ئەم شەڕە کەس نەبوو جگە لە چینی سەرمایەدار. بۆیە بەو ڕادەیەی کە لە توندیی بەرەنگارییەکە کەمکرایەوە، و چینی کرێکاریش ئەو هێزەی لەدەستدا کە هەیبوو، بە هەمان ڕادە یەکێتی و هاوپشتیی نێوان ئەندامانی چینی حاکم زەروورەت و کارایی خۆی لەدەستدا.

ئەوان چیتر ناچارنین لە دەوری یەکتر کۆببنەوە تاکو بیرێك لە شەڕەکان بکەنەوە لە خوارەوە، چونکە چیتر مەترسییەك بوونی نیە هەڕەشەیان لێ بکات. چینی حاکم خەریکە زۆرباش ئیشدەکات، بۆیە چیتر پێویستناکات بیەوێت شتێك بگۆڕێت.

وێڕای ئەمەش، گەرچی چینی سەرمایەدار زۆرباش کاردەکات، بەڵام سەرمایەداری ناڕادەیەك خراپ کاردەکات. ڕێژەی قازانجەکان(Profit Rates) کەوتوونەتە دۆخێکی باشترەوە، بەڵام ڕێژەکانی دووبارەسەرمایەگوزاری(Reinvestment Rates) بەشێوەیەکی ترسناك لە خوارەوەن، هەر لەبەر ئەمە پارەیەکی زۆر ناگەڕێتەوە بۆ ڕەوڕەوەی بەرهەمهێنان، و لەجیاتیی ئەوە بۆ سەندنی زەوی و خانوبەرە دەخرێتەگەڕ.

**وەرن با زیاتر باسی بەرەنگاری بکەین. لە کتێبەکەتاندا، ئاماژەتان بۆ ناکۆکییەك کرد کە بەو پێیە بەهۆی توندبوونەوەی هێرشی نیولیبراڵیزمەوە ئاوابوونی ململانێ چینایەتییەکان دەبینین، لانیکەم لە نیوەگۆی باکوری زەوی، ئەو ململانێیانەی کە جێی خۆیان چۆڵکردووە بۆ "بزووتنەوە تازە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناوی ئازادیی تاکەکەسییدا". دەکرێت تۆزێ ئەو مەسەلەیە ڕوونبکەیتەوە کە بە بڕوای ئێوە چۆنچۆنی نیولیبراڵیزم دەبێتەهۆی هەندێك شێوازی تایبەتی بەرەنگاری؟**

هارڤەی: ئەو گریمانەیەی لێرەدا دەخرێتەڕوو، دەبێت زیاتر بیری لێ بکەینەوە. چی دەبێت گەر شێوازێکی زاڵی بەرهەمهێنان، بەهۆی شکڵە[٢٣] سیاسییە تایبەتەکەی خۆیەوە، جۆرێك بەرەنگاری بێنێتەئاراوە کە وەك وێنەیەکی ئاوێنەیی هەمان شێوازی بەرهەمهێنان بێت؟

بە درێژایی ئەو سەردەمەی کە ڕێکخستنی فۆردیستیی بەرهەمهێنان لەئارادا بوو، وێنەی ئاوێنەی شێوازی بەرهەمهێنانی فۆردیستی، خەباتی یەکێتییە کرێکارییە مەکەزییەکان و حیزبە سیاسییە مەرکەزییەکان بوو.

بەڵام لە سەردەمی باڵادەستیی نیولیبراڵیزمدا، بەهۆی ڕێکخستنی سەرلەنوێی پرۆسەی بەرهەمهێنان و سووڕان بەرەو جۆرێك لە کەڵەکەکردنی کشاوی سەرمایە(Flexible Accumulation)، چەپێکی تازە هاتەکایەوە کە لە زۆر ڕووەوە ئاوێنەی نیولیبراڵیزمە، چەشنی ئەو تۆڕتۆڕ و نامەرکەزی و بێ هەرەمیەتە. بە دیدی من ئەمە زۆر سەرنجڕاکێشە.

تا ئاستێك دەتوانین بڵێین، ئەم وێنە ئاوێنەییە ئەو شتە پشتڕاستدەکاتەوە کە دەیەوێت لەناویبیات. لە دواشیکاردا، پێموایە خەباتی یەکێتییە کرێکارییەکان بووەهۆی بەهێزبوونی فۆردیزم.

---

[23]. configuration

پێموایە ئێستا بەشێکی زۆری چەپ، کە زۆر ئۆتۆنۆمی و ئەنارشی بۆتەوە، خەریکی بەهێزکردنی زیاتری دواقۆناغی نیولیبراڵیزمە. زۆرێك لە چەپەکان حەزناکەن گوێیان لەمە بێت.

دیارە پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ڕێیەك هەیە بکرێت بەشێك لەو بەرەنگارییە ڕێکبخەیت کە بەشێك نەبێت لەو وێنە ئاوێنەییە؟ ئایا دەتوانین ئەم ئاوێنەیە بشکێنین و شتێکی تر بدۆزینەوە، کە بازیچەی دەستی نیولیبراڵیزم نەبێت؟

بەرەنگاربوونەوە دژ بە نیولیبراڵیزم، بە ڕێگای جیاجیا ڕوودەدات. لە کتێبەکەدا، جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەو خاڵەی بەها(value)ی تیا دێتەدی، هاوکات خاڵی گرژییشە.

بەڵێ بەها لە پرۆسەی کاردا بەرهەمدێت، ئەمەش یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی شەڕی چینایەتی. بەڵام بەها لە بازاڕدا و لەڕێگەی فرۆشتنەوە دێتەدی، ئەمە ئەو شتەیە کە لەبنەڕەتەوە پێی سیاسەت دێنێتەناوەوە.

بەشێکی سەرەکیی بەرەنگاری لەبەرامبەر کەڵەکەکردنی سەرمایەدا تەنیا لە خاڵی بەرهەمهێناندا ڕوونادات، بەڵکو دەکرێت لەڕێگەی مەسرەف و بەکاربردن(consumption) و بەدیهاتنی بەهاشەوە بەرەنگاری بنوێنیت.

کارگەیەکی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل بێننە بەرچاوتان: کارگە گەورەکانی پێشوو نزیکەی بیستوپێنج هەزار کەسیان دەخستە کارەوە، بەڵام ئێستا نزیکەی پێنجهەزار کەسێك دادمەزرێنن. بۆ؟ چونکە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە پێویستبوون بە هێزی کاریش کەمبۆتەوە. بۆیە هەمیشە هێزێکی زیاتری کار لە ڕەوڕەوەی بەرهەمهێنان دەردەچێت و بەرەو ژیانی شار پاڵدەنرێت.

لە دینامیکیەتی سەرمایەدارییدا، چەقی ناڕەزایەتی بەخێراییەکی زۆر بەرزەوە بەرەو خەبات دەجوڵێت لەسەر بەدیهێنانی بەها، یان خەبات بۆ سیاسەتی ژیانی ڕۆژانە لە شاردا[٢٤].

بێگومان کرێکارانیش هەروا گرنگن و هەندێك پرس لەناو کرێکاراندا هەیە کە بایەخێکی زۆریان هەیە. بۆنمونە، ئەگەر لە *شینژنی لە چین* بیت ئەوا خەباتکردن زیاتر پەیوەندیی بە پرۆسەی کارکردنەوە هەیە. گەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بیت، ڕەنگە پێویستبکات پشتگیری لە مانگرتنەکانی ناو کۆمپانیای *ڤێریزۆن* بکەیت.

---

[24] . daily life in the city

بەڵام لە زۆرێك لە بەشەكانی جیهاندا، بەشێوەیەكی سەرەكی خەبات و جووڵانەوەكان لەسەر كوالێتیی ژیانی ڕۆژانەن. سەیری ناڕەزایەتی و ململانێكان بكەن لەم دە تا پانزە ساڵەی دواییەدا: بۆنمونە، ناڕەزایەتییەكانی پاركی گزی لە ئەستەنبوڵ ناڕەزایەتیی كرێكاری نەبوون، بەڵكو لە ناڕەزایەتیی گشتییەوە سەرچاوەیان دەگرت دەرهەق بە سیاسەتی ژیانی ڕۆژانە و نەبوونی دیموكراسی و پرۆسەكانی بڕیاردان. لە یاخیبوونە شارییەكانی ٢٠١٣ی بەرازیلیشدا، دیسان خەڵك ناڕەزایەتییان هەبوو دەرهەق بە سیاسەتەكانی ژیانی ڕۆژانە: گواستنەوە و گەیاندنی گشتی، ئەو ئیمكان و پارەیەی لە دروستكردنی یاریگاكاندا خەرجدەكرێت بۆچی لە دروستكردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و نیشتەجێبووندا سەرفناكرێت؟ ئەو یاخیبوونانەی كە لە لەندەن و پاریس و ستۆكهۆڵم دەیانبینین، ناڕەزایەتی نین دەرهەق بە پرۆسەی كار، بەڵكو پەیوەندییان بە سیاسەتی ژیانی ڕۆژانەوە هەیە.

ئەم جۆرە سیاسەتە، جیاوازییەكی ڕێژەیی هەیە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی كە لە پنتی بەرهەمهێناندا هەیە. لە پنتی بەرهەمهێناندا، سەرمایە دەكەوێتە بەرامبەر كارەوە. خەباتكردن بۆ كوالێتیی ژیانی شار، لەڕووی شكڵ و پەیكەری چینایەتییانەوە كەمتر شەفافن.

سیاسەتی شەفافی چینایەتی، كە عادەتەن بەرەنجامی تێگەیشتنێكی تایبەتە بۆ بەرهەمهێنان، تاكو واقیعگەراتر دەبێت شەفافیەتی خۆی لەدەستدەدات و تەمومژاویتر دەبێت. "چین-class" هێشتاش هەر لە تێگەیشتنی سیاسەتی چینایەتییدا كۆمەكمان دەكات، بەڵام چین بە مانا كلاسیكییەكەی نا.

**پرسیار: پێتوانییە زۆر لەبارەی نیولیبراڵیزمەوە قسەدەكەین و زۆركەم دەپەرژێینە سەر سەرمایەداری؟ چ كاتێك پێویستە [ناوی] نیولیبراڵیزم بەكاربێنین و چ كاتێكیش سەرمایەداری؟ هەروەها تێكەڵكردنی ئەم دووانە لەگەڵ یەكتردا چ شوێنەوارێكی بەدواوەیە؟**

هارڤەی: زۆرێك لە لیبراڵەكان دەڵێن لەڕووی نایەكسانیی دەرامەتەوە نیولیبراڵیزم تامی تیا نەهێشتووە، دەڵێن بەتایبەتیكردنی كاری بەرەو شوێنی دوورتر بردووە، و هەروەها هەندێك شتی وەك ژینگە هەن موڵكی گشتیین و دەبێت هەوڵی پاراستن و هێشتنەوەیان بدەین.

هەروەها بۆ قسەکردن لەسەر سەرمایەداری، هەندێك ڕێگای تریش هەن، وەکو ئابوریی پشکداری و ئیشتراکی(Sharing Economy)، کە زۆر سەرمایەدارانە و قازانجخوازانە بووەتەوە.
چەمکێك هەیە بەناوی سەرمایەداریی ئەخلاقی(Ethical Capitalism)ــەوە، کە زۆر بەسادەیی مەبەست لەوەیە ڕاستگۆ بین و دزی لە یەکتر نەکەین. بۆیە، ئەو ئیمکانە لە زەینی خەڵکدا هەیە کە بشێت ڕیفۆرم لە نیولیبراڵیزمدا بکەیت و بیگۆڕیت بۆ شێوازێکی تری سەرمایەداری.
پێموایە ئەو ئەگەرە هەیە کە سەرمایەدارییەك درووستبکەیت باشتر لەوەی ئێستا هەیە، بەڵام ڕوودانی شتێکی لەم جۆرە کەمێك دوورە.
هەنووکە، کێشە بنچینەییەکان هێندە قووڵن کە ناگەینە هیچکوێ، ئەگەر بزووتنەوەیەکی دژەسەرمایەداریی زۆر بەهێز بوونی نەبێت. بۆیە دەمەوێت لەجیاتیی بەکارهێنانی زاراوە دژەنیولیبراڵییەکان، سود لە زاراوە دژەسەرمایەدارییەکان وەربگرم.
پێموایە مەترسییەکە لێرەدایە کاتێك خەڵك باسی خەباتکردن دەکەن دژی نیولیبراڵیزم، وادێتە بەرچاو وەكبڵێی سەرمایەداری، بە هەر شێوەیەك بێت، کێشەکە نیە.
بەشێکی زۆری ئەو ڕەوتانەی دژی نیولیبراڵیزمن، ناتوانن بچنەسەر ئەو کێشە گەورانەی کە لە گەشەی "لێکدراوی ناکۆتا[25]"وە سەرچاوەدەگرن؛ وەك کێشە ژینگەیی و ئابوری و سیاسییەکان. بۆیە من پێم باشترە لەبری خەباتکردن دژی نیولیبراڵیزم، باس لە [خەبات] بکەین دژی سەرمایەداری.


**سەرچاوەکان:**

١) http://meidaan.com/archive/19532

٢) https://www.jacobinmag.com/2016/07/david-harvey-neoliberalism-capitalism-labor-crisis-resistance/


---

[25]. endless compound

# زانكۆكان له جيهانی نيوليبراڵدا[٣٦]

ئالێكس كالينيكۆس
وەرگێڕانی: زەردەشت نورەدين

زانكۆكانی بەریتانیا كەوتوونەتە بەر شاڵاوی گۆڕانكارییەكی قووڵ. دیارترین لایەنی ئەم گۆڕانكارییانە زۆربوونی فیزیكییە[ واتە ژمارەی خوێندكار زیادیكردووە]. لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٥ ژمارەی خوێندكارانی زانكۆ ٢٢٨٧٥٤٠ خوێندكار بوو. لەمڕۆدا نزیكەی ٣٠% گەنجانی تەمەن ١٨ و ١٩ ساڵ دەچنە زانكۆ، لەكاتێكدا لە سەرەتاكانی ٦٠ـەكانی سەدەی ڕابردوودا، نزیكەی ٧%ـی ئەو ڕێژە دەچوونە زانكۆ. خوێندنی باڵا وەك ئیمتیازێكی تایبەت لەدەستی كەمینەیەك هاتۆتەدەرێ؛ بەڵام هێشتا چوونەزانكۆ بۆ ئەو كەسانەی كە لە زاگەی كرێكاری دەستییەوە هاتوون زۆر سەختە.

هەندێ كەس زیادبوونی زانكۆكان ڕەتدەكەنەوە. ئەوان لە تێڕوانینی نوخبەگەرایی خۆیانەوە درووشمی جۆن ئوزبۆرنـی شانۆنامەنووس دووبارە دەكەنەوە: «زۆرتر واتە خراپتر». هەر بەم بۆنەیەوە "پیتەر هیچەنز" وتارنوسی ڕاستگەرا، سەركۆنەی زیادبوونی زانكۆكان دەكات لەڕێگەی ئەم دەستەواژەوە: "هێرشێكی تری كوشندە بۆ سەر هەیكەلی پەروەردە". بەڵام لە بەرانبەردا كابینەی حكومەتی حیزبی كاری نوێ،

---

[٣٦]- ئەم وتارە پێشەكیی نامیلكەی "زانكۆكان لە جیهانی نیولیبراڵدا"ـی ئالێكس كالینیكۆسە و لەو نامیلكەدا بەوردی ڕەوشی خوێندن و خوێندكار و زانكۆ و سیستەمی پەروەردەی لە سیستەمی نیولیبراڵیزمدا شیدەكاتەوە، و هاوكات باسی مەترسییەكانی پرۆژەی جیهانیی نیولیبراڵیزم دەكات كە دواجار دەیەوێت هەموو زانست و مەعریفەی مرۆیی بخاتە خزمەت بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر بۆ سەرمایەدارەكان و پتەوكردنی سیستەمی سەرمایەداری لەڕێگەی پرۆژەی جیهانیی نیولیبراڵیزمەوە. دوالۆژیكی نیولیبراڵیزم قۆرخكردن و پاوانكردنی هەموو داهات و سامانی سەرزەوییە لە دەستی كەمینەیەكی زۆر بچوكدا و هاوكات گۆڕینی هەموو خەڵكە بۆ "حەقدەستوەرگرێكی مەسرەفكەر" و ئەم پرۆسەیە لە هەموو ئاستەكانی كۆمەڵگادا جێبەجێ دەكات_ وەرگێڕ

بانگەشەی ئەوە دەکات کە زۆربوونی زانکۆکان بابەتی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە؛ "هەموو ئەو کەسانەی پۆتانشیێڵ و توانای خوێندنی باڵایان تێدایە دەبێت دەرفەتی بەشداربوون بیانگرێتەوە. ئەمە خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی عادیلانەتر. لەبەرئەوەی خوێندن باشترین و باوەڕپێکراوترین ڕێگەیە بۆ دەربازبوون لە هەژاری و ژێرکەوتن".
بێگومان فراوانبوونی خوێندنی باڵا ئامانجێکی گرنگە. نوخبەگەراکان بەتەواوی بە هەڵەدا چوون. تا ئەوکاتەی سەرچاوەی گونجاو ئامادەیە، هیچ هۆکارێک نییە کە ٥٠%ـی خەڵکانی ١٨ تا ٣٠ساڵ (بەگوێرەی ئامانجی دەوڵەت) و زیاتر لەو ڕێژەیە نەچنە زانکۆ و سودمەند نەبن لە سودەکانی خوێندن. بەڵام واقیعی خوێندنی باڵا زۆر جیاوازە لەو بەیاننامە فەرمییانەی کە سەبارەت بە یەکسانیی هەل و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بڵاودەکرێنەوە.

**لەڕاستیدا زانکۆکانی بەریتانیا، بەگوێرەی [ئامانجە] بزنس و بازرگانییەکان بەڕێوەدەچن. لەڕاستیدا زانکۆکان، بەو بۆنەوە دروستەکرێنەوە کە پێداویستیی شەریکە و کۆمپانیا گەورەکانی بەریتانیا و کۆمپانیا بیانییە گەورەکان پڕبکەنەوە لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی و بەرهەمهێنانی کرێکاری پسپۆر، بۆئەوەی ئەم شەریکە و کۆمپانیایانە بەبەردەوامی قازانجبکەن. کەواتە لە ئێستادا زانکۆکان لە دامەزراوەی لێکۆڵینەوەوە گۆڕاون بۆ سەنتەری قازانجکردن، کە ئاڵوگۆری کاڵا بۆ ئابوریی بەریتانیا دەستەبەربکات.**

بەم پێیەش زۆربوونی زانکۆکان، بە تێچووی کەم دروستدەکرێنەوە. لەبەرئەوەی ڕێژەی سەرچاوەی خوێندکارەکان کەم کراوەتەوە و زانکۆکان و بەشەکان و ئەکادیمیستەکان هاندەدرێن تا لەگەڵ یەکتر، کێبڕکێ بکەن. گۆڕینی [ستراتیژی وەزارەتی خوێندنی باڵا] لە هاوکاریی دارایی خوێندکارەکانەوە بۆ باجی خوێندن و پێدانی قەرز و وەرگرتنەوەی بەزیادەوە، زۆرێک لە خوێندکارانی ناچارکردووە کە چەندین سەعات کاربکەن و بژێویی خۆیان بەدەستبهێنن بۆئەوەی ئامادەکاری بکەن بۆ دابینکردنی ژیانێکی موچەخۆری یان حەقدەستخۆری. جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەو خوێندکارانەی سەر بە خێزانییێکی هەژارن، نەتوانن بچنە زانکۆ.

**ئەم گۆڕانکارییانە بە هیچ جۆرێک تایبەت نیە بە بەریتانیا. زانکۆکان لە سەرانسەری جیهاندا، کەوتونەتە ژێر فشارەوە، بۆئەوەی گۆڕانکاریی لەو شێوە ئەنجامبدەن و خۆی لەبنەڕەتدا ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییانە لە بونیادی خوێندنی باڵادا، بەشێکە لە پرۆسەیەکی ئابوری و سیاسیی گەورەتر بەناوی "نیولیبراڵیزم"ـەوە کە جیهانییە [و لە**

**سەرانسەری جیهاندا کاری بۆ دەکرێت]. لە ساڵانی ١٩٨٠دا، ڕیگان و تاچەر ئەم گۆڕانکاریانەیان دەستپێکرد و لە وڵاتانی تری دونیا لەڕێگەی نوخبەی بازرگانی و میدیاوە دەستپێشخەریی لێکرا. نیولیبراڵیزم هەوڵدەدات هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بخاتە ژێر ڕکێفی لۆژیکی بازاڕەوە و هەروەها هەوڵدەدات هەموو شت بکات بە کاڵا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خاوەندارێتیی تایبەتەوە بۆ قازانجکردن، کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت.**

بەگوێرەی [بیریار] و جوگرافیناسی ڕادیکاڵ دەیڤید هارڤەی «بەڵگەکان بەڕوونی ئەوە دەردەخەن وەرچەرخان بەرەو نیولیبراڵ، پەیوەندیی بە ئاستی جۆراجۆری گەڕانەوە و دروستکردنەوەی دەسەڵاتی نوخبەی ئابورییەوە هەیە. بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی بۆتە هۆی ئەوەی دابەشبوونی سامان و داهات بە ئاراستەی نوخبەدا بڕوات».

١%ـی چینی سەرەوەی خێزانێکی ئەمریکی تێکڕا ١٦.٩%ـی لە کۆی داهاتی ساڵانەی خێزانی لە ساڵانی ١٩١٧ بۆ ١٩٤٠ دەبرد. ڕێژەی ئەوان تا ساڵانی ١٩٧٠ داکشا بۆ ٨.٤%. بەڵام پاش یەک نەوە لە دوای نیولیبراڵیزم، تا ئاستی ١٩.٦% بۆ ساڵی ٢٠٠١ هەڵکشا. لە هەمان کاتدا لە ساڵانی ١٩٧٠ـەوە بۆ ٢٠٠٢ ڕێژەی داهاتی خێزانەکانی خوارەوە لە کۆی گشتی داهات داکشا بۆ ١٢%. لە بەریتانیا نایەکسانی لە داهاتەکاندا لە سەردەمی حکومەتی تاچەردا زۆر گەشەیکرد و تا کاتی کابینەی حکومەتی حیزبی کاری نوێ لە هەمان ئاستی خۆیدا مایەوە.

ئەم ئاڵوگۆڕە لە داهات و سامان و هێزدا، لەسەر ئاستێکی گەورە گۆڕانکاریی لە بونیادی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا کردووە، کە بواری خوێندنی باڵاش لە خۆدەگرێت و دەرەنجامی زۆر خراپی هەبووە. مامۆستاکانی زانکۆ و فەرمانبەرانی تری زانکۆ، دەرفەتی بەدواداچوونی زانست و مەعریفەیان نامێنێت و هەروەها دەستەبەرکردنی پێداویستییە پەروەردەیی و ناپەروەردەییەکانی خوێندکارانیان نامێنێت. موچەیان بەراورد بە پیشەکانی تر کەمتر بووەتەوە. خوێندکارەکانیش سەرەڕای بانگەشە فەرمییەکان کە ئەوان بە مەسرەفکەری سەرەکیی کاڵای پەروەردەیی ناوزەددەکەن. لەڕاستیدا خوێندکاران قوربانی ملدانی زانکۆن بۆ لۆژیکی بازاڕ.

خۆشبەختانە نیولیبراڵیزم ڕووبەڕووی بەرەنگاریی زۆر بۆتەوە لە بواری خوێندنی باڵادا. لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٦دا خوێندکاران لە فەڕانسا و یۆنان بە هاوکاریی مامۆستاکان و کرێکارانی تر سەرکەوتنیان لەوەدا بەدەستهێنا کە "چاکسازی"ـی

حکومەتی لایەنگری بازار هەڵبوەشێننەوە. لە بەریتانیا هەوڵێکی لەو جۆرە شکۆدارمان نەبینیوە. بەڵام مامۆستایانی زانکۆ، سێ مانگ بە مەبەستی وەرگرتنی موچە و هەڵسەنگاندنی کورسەکانی خوێندن بایکۆتیان ئەنجامدا. ئەم خەباتانە، ئاسۆی بەرەنگاریی جیهانی لە دژی نیولیبرالیزم ئاواکرد، کە لە "سیاتل و جنێوا" دەستپێکردبوو.

بەڵام بۆ شکستپێهێنانی نیولیبراڵیزم و [تەرحکردنی ئەڵتەرناتیڤ] بۆ شوێنەکەی، پێویست بە بوونی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی گەورەتر دەکات. ئەم نامیلکەیە شیکردنەوەیەک دەخاتەڕوو کە لەڕێگەی دیاریکردنی ماهیەت و چییەتیی دوژمن و فۆرمی شەڕکردن لەگەڵی، ئاسانکاری بۆ بزووتنەوە بەرەنگارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا پشتی بە ژمارە و داتای هاوردە نەبەستووە بەڵکو هاوکات دەرەنجامی ئەزموونی وانەوتنەوەی شەخسیی خۆیشمە بۆ زیاتر لە چارەکە سەدەیەک، و لەو ماوەدا بینەری ئەو گۆڕانکارییانە بووم کە ڕوویانداوە و لەم نامیلکەدا هەڵمسەنگاندوون.

ئەو هێرشانەی کە دەیکەمە سەر ئەو گۆڕانکارییانە لە گۆشەنیگای نۆستالۆژییەوە نییە بۆ ڕابردوویەکی ئایدیال و نمونەیی. هەرگیز ئەوەم پێ باش نییە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سیستەمە زانکۆییەی سەرەتاکان کە بچوکتر و تایبەتتر بوو. بەرەنگاربوونەوەی نیولیبراڵیزم لە [کەرتی گشتی] خوێندنی باڵادا دەبێت بەشێک بێت لە خەباتی گشتی بۆ کۆمەڵگا بەشێوەیەک کە بەڕاستی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هەموو تاکەکاندا بکاتەوە بۆئەوەی تواناکانی خۆیان دەربخەن و پەرەی پێبدەن. چوارچێوەی تیۆریی من [لەم نامیلکەدا] لەسەر بنەڕەتی ڕەخنەکانی مارکس لەمەڕ سیستەمی ئابوریی سەرمایەداری، وەستاوە. دواجار ئەوەی کە نیولیبراڵیزم دێنێتەبوون لۆژیکی [کارکردنی] سەرمایەیە. بەمپێیەش خەبات بۆ ئاواکردنی زانکۆی باشتر بەدەر نییە لە خەبات دژی سەرمایەداریی جیهانی.

# نیولیبراڵیزم: ئەو ئایدیۆلۆژیایەی  کە لە ڕیشەی کێشەکانماندا جێگیرە

جۆرج مۆنبیوت
وەرگێڕانی: شاهۆ عەلی

وا خەیاڵ بکە، کە پێشووتر گەلی سۆڤیەت هیچی دەربارەی کۆمۆنیزم نەبیستبێت! ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە ئەمڕۆ ژیانی مۆنۆپۆڵکردووین، بۆ زۆریکمان، بێ ناوە. ئەگەر لە هەر گفتوگۆیەکدا ناوی ببەیت، ڕووبەڕووی ئینکارییەکی ئاشکرا دەبیتەوە، تەنانەت ئەگەر گوێگرەکانت پێشووتر ئەم دەستەواژەیەشیان بیستبێت، بەرەو ڕووی دژوارییەکی زۆر دەبنەوە لە پێناسەکردنی.

**"نیولیبراڵیزم: دەزانن چییە؟"**

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی نیولیبراڵیزم، شاردنەوەی ناسنامەکەییەتی، ئەم نیولیبراڵیزمە ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا لە پێکهاتەیەکی فراوان و جۆراوجۆری قەیراندا: داڕمانی دارایی لە ٢٠٠٧-٢٠٠٨، هەناردەکردنی سامان و مۆنۆپۆڵ، داڕمانی ڕۆژانە لە سێکتەرەکانی تەندرووستیی گشتی و خوێندن، گەشەکردنی دیاردەی منداڵی هەژار، پەتای تەنیایی (بە واتا دەروونییەکەی)، داڕمانی سیستەمە ئیکۆلۆژییەکان (ژینگەییەکان)، سەرکەوتنی بزاوتی پۆپۆلیزمی جیهانی .

هێشتا وا مامەڵە دەکەین لەگەڵ قەیرانەکانی نیولیبراڵیزم، وەک بڵێی کە لەجیهانێکی دابڕاوی تردا ڕوودەدەن، درکناکەین بەوەی ئەو قەیرانانە سپۆنسەر کرابوون و پرۆسەی کەڵەکەکردنیشیان لەلایەن فەلسەفەیەکی یەکگرتووەوە بەڕێوەدەچێت، ئەو

فەلسەفەیەی کە ناوی هەیە -یان هەبوو-. هەرچەندە لە ئێستادا نیولیبراڵیزم زۆر بەربڵاوە، بەڵام بەدەگمەن دانی پیادەنێین کە ئایدیۆلۆژیایە. وا دیارە ئێمە لاگیری پەسەندکردنی ئەو تێڕوانینە بووین کە دەڵێت "نیولیبراڵیزم یۆتۆپیا"یە، یان جۆرێکە لە یاسای بایۆلۆژی، هاوشێوەی تیۆری گەشەکردنی داروین، بەڵام فەلسەفە گەشەیکرد لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەوڵێکی هوشیارانەیە بۆ دووبارە دیزاینکردنەوەی ژیانی مرۆڤ، و گۆڕینی سەنتەرەکانی دەسەڵات.

**"لێهاتوویی بەرهەمهێنەری ئازانجە"**

نیولیبراڵیزم پێیوایە کێبڕکێ خەسڵەتێکی نمونەیی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانە، و بەپێی ئەم خەسڵەتە، دووبارە پێناسەی هاوڵاتییەکان دەکاتەوە و بە "بەکاربەر" هەژماریان دەکات، و دەتوانن "هەڵبژاردە دیموکراتییەکەیان" بەکاربهێنن لەڕێی پرۆسەی کڕین و فرۆشتنەوە، ئەمەش ئەو پرۆسەیەیە کە تێیدا "لێهاتووەکان" پاداشت دەکرێن و "نا لێهاتووەکان" تێیدا سزادەدرێن. نیولیبراڵیزم سوورە لەسەر ئەوەی "بازاڕ" ئەو سوودانە بەدەستدێنێت کە هەرگیز لەڕێی پلاندانانی ڕێکخراوەوە بەدەستنایەن.
سەبارەت بە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی تیژیی ئەم کێبڕکێیە "چارسەرکرا"، ئەویش بەو هەوڵەی "دوژمنەکانی ئازادیین". باج و پرۆسەکانی ڕێکخستن دەبێت کەمبکرێنەوە، خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەبێت بەتایبەت بکرێن (بخەصخەصە)، ڕێکخستنی کار و دانوستانە هەرەوەزییەکانی سەندیکاکانی کرێکاران هەژمارکران بەوەی " پشێوییەکانی بازاڕن" و ڕێگری دەکەن لە پێکهێنانی زنجیرەی ئاسایی هەرەمی لە نێوان "براوەکان" و "دۆڕاوەکان"دا. سەبارەت بە نایەکسانی لە دابەشکردنی سامانەکاندا دووبارە هەموارکرایەوە و بە "فەزیلەت" وەسفکرا: پاداشتەکان بۆ بەرهەمهێنەرانی سامانەکانن، و لەوێشەوە "دڵۆپ دڵۆپ" دەچۆڕێت بەرەوە خوارەوە بۆ "دەوڵەمەندکردنی هەموان"؛ و تەنها گەرەنتی بۆ بەدەستهێنانی کەسەکان بۆ شایستەییەکانیان "بازاڕە" و بەتەنها "بازاڕ".

دەوڵەمەندەکان بەو شێوەیە قەناعەتیان بە خۆیان هێناوە کە گوایە ئەو سەروەت و سامانەی بەدەستیانهێناوە بەهۆی "لێهاتوویی"ـەوە بووە، خۆیان دەخلافێنن لە تایبەتمەندییەکانیان-وەکو خوێندن و میرات و سەر بە چی چینێکن- کە ڕەنگە

ڕێخۆشکەر بووبن بۆ زامنکردنی بەدەستهێنانی ئەو سامانەیان، "هەژارەکان"یش سەرزەنشتی خۆیان دەکەن بەهۆی "شکستهێنانیانەوە"، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دەتوانن هەندێک ئەکت بنوێن بۆ گۆڕینی ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژین.
گوێ مەدە بە بێکاری لە گەشەکردندا: ئەگەر بێکار بوویت، هۆکارەکەی ناگوستاخی و بێدەستپێشخەریی خۆت بووە!
گوێ مەدە بە تێچووە زەبەلاح و نیمچە مەحاڵەکانی نیشتەجێبوون: ئەگەر کرێدت کارتەکەت تەواو مایە پووچ بوو، تۆ کەسێکی تەدبیرکەر نیت، بەڵکو دەستبڵاویت، گوێنادەیت بەوەی منداڵەکانت یاریگایەکی شایستەیان نییە لە خوێندنگاکانیان، بۆیە کە چەوری لە لەشیاندا کۆبووەوە، ئەوە دەرنجامی هەڵەی خۆتە ...! لە جیهانێکدا کە کێبڕکێ فەرمانڕەوایی دەکات، ئەوانەی "دوادەکەون" ناودەنرێن بە دۆڕاوەکان، و خۆیشیان هەمان ناو لە خۆیان دەنێن...!
لە دەرەنجامەکانی نیولیبراڵیزم، کە "پۆڵ ڤێرهاگ" ی نوسەر لە کتێبەکەیدا بە ناو ی "ئەی چی دەربارەی من؟" دۆکۆمنتەیشنی دەکات، پەتاکانی ئەشکەنجەدانی خود دەخاتەڕوو، هەروەها پشێوییەکانی نانخواردن، و خەمۆکی، دابڕان و لاگیری، ترس لە ڕەفتاردا، فۆبیای کۆمەڵایەتی، بۆیە ڕەنگە نامۆ نەبێت کە بریتانیا پایتەختی نەخۆشی "ئۆتیزم" بێت لە ئەوروپادا، کە بە شێوەیەکی توند و پەڕگیرانە نیولیبراڵیزمی تیا جێبەجێکرا. ئێمە ئێستا نیولیبراڵین...! .

## "گەورە ساماندارەکان، کتێبەکەی "هایك" دەخوێننەوە"

ساڵی ١٩٣٨ لە کۆبوونەوەیەکدا لە پاریس، پرۆسەی هەموارکردنی دەستەواژەی "نیولیبراڵیزم" بەڕێوەچوو، لە نوێنەران، دوو پیاو ئامادەبوون کە ئایدیۆلۆژیای نیولیبراڵیزمیان پێناسەکرد: "لۆدفیگ ڤۆن میزس" و " فریدریک هایك" کە هەردووکیشیان دوورخرابوونەوە لە نەمسا (نەفی کرابوون)....
لە کتێبەکەیدا "ڕێگە بەرەو کۆیلایەتی" کە لە ساڵی ١٩٤٤ بڵاوکرایەوە، هایك دەڵێت: کۆنترۆڵێکی تۆتالیتاریزم، دەرەنجامێکی حەتمیی ڕیشەکێشکردنی تاکگەراییە بە مەبەستی پلاندانانی حکومی. ئەم کتێبە بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبویەوە، و سەرنجی هەندێک لە گەورە ساماندارەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا، وەکو فریادڕەسێک دەیانڕوانییە ئەم تیۆرە نوێیە بۆ دەربازبوونیان لە باج و ڕێکخستن؛ و کاتێکیش هایك لە ساڵی ١٩٤٧ یەکەم ڕێکخراوی دامەزراند "ڕێکخراوی پیلێرین مۆنت" بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی

فیکری نیولیبرالیزم، لەلایەن گەورە ساماندارەکان و دەزگاکانیانەوە پشتیوانییەکی دارایی کرا، و بەم هاریکارییە، هایك هەستا بە درووستکردنی ئەوەی ناوبرا بە "جۆرێک لە نیولیبرالیزمی نێودەوڵەتی": تۆڕێک جیهانی تەنیبوو، لە ئەکادیمیستان، و بازرگانان، و ژۆرنالیست، و چالاکوانان. و پشتیوانانی ئەم بزاوتە لە دەوڵەمەندەکان، هەستان بە دابینکردنی پشتیوانییەکی دارایی بۆ زنجیرەیەک دەزگا کە ئامانجی برەودان و باشترکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایە، لەو دەزگایانەش:
< American Enterprise Institute > و دەزگای کەلتوری <Heritage Foundation> و <The Cato Institute> و <پەیمانگای کاروباری ئابوری - The Institute of Economic Affairs>و <ناوەندی توێژینەوەی سیاسی- The Centre for Policy Studies> و <پەیمانگای ئادم سمیس- The Adam Smith Institute>، و هەروەها هەستان بە پشتیوانی دارایی هەندێک کارگێڕی و کەسایەتی ئەکادیمیست، بە تایبەت لە زانکۆکانی شیکاگۆ و ڤێرجینیا.

پاش گەشەکردنی، نیولیبرالیزم تیژتر بوویەوە، بۆیە هایك پێی وابوو: ئەرکی ڕێکخستنی کێبڕکێکان لە ئەستۆی حکومەتەکاندایە، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پاشگەزبوونەوە و کشانەوەی مۆنۆپۆڵەکان- هاوکات "میڵتون فریدمان" پێی وا بوو کە دەبێت وا بڕوانرێت بۆ "هێزی مۆنۆپۆڵ" وەکو پاداشتێک بۆ "خەڵکە شایستەکان".
شتێکی تر روویدا لە نێو ئەم قۆناغە راگوزەرەدا: بزوتنەوەکە ناوەکەی ونبوو، لە ساڵی ١٩٥١ فریدمان خۆشحاڵبوو بە پێناسەکردنی خۆی بە نیولیبرالێک، بەڵام ڕاستەوخۆ پاش ئەو بەرەوارە، دەستەواژەکە بەرەو ونبوون دەچوو. لەمەش سەیرتر، لەو ماوەیەی کە ئایدیۆلۆژیای نیولیبرالیزم کرژبوویەوە، و بزوتنەوەی نیولیبرالیزم توندوتۆڵتر بووەوە، کۆدەنگییەک نەبوو بۆ گۆڕینی دەستەواژەی "نیولیبرالیزم" بە دەستەواژەیەکی تر.

## "نیولیبرالیزم لەسەر وێرانی کینزیزم"

لە سەرەتادا، سەرەڕای ئەو پشتیوانییە داراییە بەهێزە، نیولیبرالیزم لە پاشکۆدا مایەوە، پاش جەنگ (جەنگی جیهانیی دووەم) جیهان نزیکبوویەوە لە هاوڕابوونێکی

دەستەجەمعی لەسەر جێبەجێکردنی کینزیزم: تێزە ئابوورییەکانی "جۆن کینز" لەسەر ئاستێکی فراوان خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، و بیرۆکەکانی " شەفتێکی تەواوی کارکردن" و "کەمکردنەوەی هەژاری" ئامانجی هاوبەشی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بوو، بۆیە ئاستێکی بەرزی سەپاندنی باج هێشتا جێبەجێدەکرا، و حکومەتەکان بێشەرمانە هەوڵی بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوتی کۆمەڵایەتییان دەدا، و گەشەیاندەدا بە خزمەتگوزارییە گشتییە نوێیەکان و تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

بەڵام لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێک سیاسەتەکانی کی کینزیزم بەرەو داڕمان دەچوو، و قەیرانی ئابوری هەردوو دیوی زەریای ئەتڵەسی تەنیبوو، پەیتاپەیتا تێزەکانی نیولیبراڵیزم دەهاتە سەرهێڵ، وەکو ئەو تێبینییەی کە فریدمان کردی "کاتێک ئەو هەلومەرجە هاتەپێش و پێویستی بە گۆڕان بوو ... ئەلتەرناتیڤێک ئامادەبوو بۆ پەیڕەوکردنی "، و بە یارمەتیی ژورناڵیستە "هاوسۆزەکان" و ڕاوێژکارە سیاسییەکان، کۆمەڵێک تێزی سیاسیی نیولیبراڵ -بەتایبەتی تێزە سیاسییە داراییەکان- لەلایەن ڕژێمی "جێمی کارتەر"ـەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گیرانەبەر، و هاوکات لەلایەن "جێم کالاهان"ـەوە لە بەریتانیا.

پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن "مارگرێت تاچەر" و "ڕۆناڵد ڕیگان" لە وڵاتەکانیاندا، بەخێرایی تێزەکانی تریان گرتەبەر: دابەزاندنێکی بەرچاوی باج بۆ دەوڵەمەندەکان، و سەرکوتکردنی سەندیکاکان، و هەڵگرتنی کۆتەکان، و بەتایبەتکردن، و پەنابردن بۆ سەرچاوە ڕکابەرییە دەرەکییەکان لە کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا. هەروەها لەڕێی "سندووقی دراوی نێودەوڵەتی" و "بانکی نێودەوڵەتی"، و "پەیمانی ماسترێخت"، و "ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی"ـەوە، سیاسەتەکانی نیولیبراڵیزم لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان سەپێندران. لەوەش سەیرتر بەرپاکردنیان بوو لەلایەن هەندێک لایەنی سەر بە چەپ وەکو "کرێکاران" و "دیموکراتەکان"ـەوە بە نموونە.

### "قەیران و کارەساتەکان هەلن بۆ نیولیبراڵەکان"

ئەم "دۆکترینی هەڵبژاردە و ئازادییە" نیولیبراڵیزمە ڕەنگە جێی سەرسوڕمان بێت، چونکە دەبوایە بازاڕی بۆ گەرم بکرایە لەژێر درووشمی "ئەلتەرناتیڤی تر بوونی نییە"دا! بەڵام، وەکو هایك تێبینیکرد لە سەردانێکیدا بۆ "شیلی" - یەکێکە لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی گشتگیر و توند نیولیبراڵیزمی تیادا

جێبەجێکرا-  و وتی " من دیکتاتۆرییەتێکی نیولیبرالێزمم وەکو هەڵبژاردە پێ باشترە، لەجیاتی بوونی حکومەتێکی دیموکراسی خاڵی لە لیبرالیزم" . ئەو "ئازادی"ـەی کە نیولیبرالیزم پێشکەشیکرد، دەرکەوت تەنها فێڵێکە بە واتا گشتییەکەی، ئاشکرا بوو کە مەبەستی "ئازادیی رممەکانە، نەک ئازادیی ماسییەکان" ...! .

دەربازبوون لە سەندیکاکانی کرێکاران واتا ئازادی  چەوساندنەوەی کرێی کار، دەربازبوون لە رێکخستن واتا ئازادی  لە : بەزەهراوی کردنی رووبارەکان، رووبەرووکردنەوەی کرێکاران بە مەترسی، وبەدەستهێنانی سوودی  ستەمکارانە ، و داهێنانی کەرەستەی دارایی زۆر سەیر، ودەربازبوون لە پێدانی باج بە واتای ئازادبوون لە دابەشکردنی ئەو سامانەی کە خەڵک دەرباز دەکات لە چنگی هەژاری.

وەکو نوسەر و ژۆرناڵیست "نایۆمی کلاین"  لە کتێبەکیەدا  "دۆکترینی شۆک" خستییەڕوو، تیۆریستەکانی نیولیبرالیزم بانگەوازیان کرد بۆ بەکارهێنانی قەیرانەکان و کەڵکوەرگرتن لە شڵەژانی سەرنجی خەڵک، بەمەبەستی سەپاندنی ئەو سیاسەتانەی کە پشتوانیی جەماوەری ناکرێن، بۆنمونە: ئەوەی ڕوویدا لە "شیلی" پاش کودەتاکەی "پینۆشێ" ، یان لە وەسفێکی فریدمان دا بۆ جەنگی عێراق  و زریانی کاترێنا  و پێیوابوو " هەلێکن بۆ سەپاندنی ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی لە سیستەمی خوێندندا"

## "هەر بەڕاست نیولیبرالێزم ڕقی لە بیرۆکراسییەتە[٢٧]؟"

کاتێک نەتوانرا لە ئاستێکی ناوخۆیی سیاسەتەکانی نیولیبرالێزم بسەپێنرێت، لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی سەپێنرا، لەڕێی تێکهەڵکێشکردنی پەیماننامەکانی بازرگانی، و یەکلاییکردنەوەی ململانێکانی نێوان وەبەرهێنەران و دەوڵەتدا: بۆنمونە: دادگا دەریاچەییەکان کاریانکرد (کە تێیدا کۆمپانیاکان دەتوانن پاڵەپەستۆ درووستبکەن) بۆ نەهێشتنی کۆتە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی ژینگە.

پارادۆکسەکەی تری نیولیبرالێزم  خۆی دەنوێنێت لەوەی کە کێبڕکێی جیهانی لەبنەڕەتدا پشتدەبەستێت بە ئاماری جیهانی و بەراورد، دەرەنجام، کرێکاران و سۆراخکەرانی کار، و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کەوتنەژێر ڕکێفی سیستەمێکی هەڵسەنگاندن و چاودێریی خنکێنەر و پڕ لە پڕوپووچی، داهێنراوە بۆ  دیاریکردنی

---

[٢٧]. ڕێکخستنی توندوتۆڵی ئیداری لەلایەن نوخبەیەکەوە کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ جۆرێك لە چینایەتی و دوورکەوتنەوە لە خەڵك.

"براوەکان" و سزادانی "دۆڕاوەکان". لێرەدا ئەو حەقیقەتە دەردەکەوێت: ئەو نیولیبرالیزمەی کە "ڤۆن میزس" پێی وابوو ئازادمان دەکات لە "کابوسی بیرۆکراسی" پلاندانانی مەرکەزی، خودی خۆی کابوسێکی هاوشێوەی دامەزراند...! .

## "نیولیبرالیزم چیی دەستەبەر کرد؟"

نیولیبرالیزم وەکو کردارێکی "تەنگ پێ هەڵچنین-ابتزاز" وێنانەکرا بۆ خزمەتکردنی مەسڵەحەتە شەخسییە تایبەتەکان، بەڵام بەخێرایی وا هەڵگەڕا. لە سەردەمی نیولیبرالی دا(لە ساڵی ١٩٨٠وە لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان) سستیی گەشەی ئابوری زۆر بەرچاوتر بوو، زیاتر لە دەیەکانی پێشووتری. دەربارەی پرسی نایەکسانی لە دابەشکردنی سامان و داهاتدا، و پاش ٦٠ ساڵ لە پاشەکشێی، لەم سەردەمەدا بەخێرایی بەرزبوویەوە (سەردەمی نیولیبرالی)، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ تێکشکانی سەندیکاکان، و کەمکردنەوەی باجەکان، و بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان(ریع)، و بەتایبەتکردن، و دەربازبوون لە کۆتوبەندەکان.

بەرپاکردنی "بەتایبەتکردن" و " ئابوریی بازاڕ" لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، وەکو : وزە، و ئـاو، و شەمەندەفەر، و تەندروستی، و خوێندن، و ڕێگاوبان، و زیندانەکان، ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان "تۆلبۆس-tollbooth " بسەپێنن بەسەر هاوڵاتیان یان حکومەتەکاندا، بەرامبەر بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە بنەچەییەکان. رەیع-بەرهەمهێنان، واتایەکی ترە بۆ داهاتی "بێ بەرامبەر"، بۆنمونە کاتێک پارەیەکی زۆر دەدەیت بۆ کڕینی تکتێکی شەمەندەفەر، بەشێکی ئەو پارەیە بۆ تێچووی سوتەمەنی، و کرێی کار، و ئاڵوگۆڕی پشکەکان و سەرفییاتەکانی تر دەڕوات، بەشەکەی تری ناچاریانکردوویت بیدەیت.

ئەوانەی لە بەریتانیادا "خاوەندارێتی" و "بەکارخستنی" خزمەتگوزارییە بەتایبەتکراو و نیمچەبەتایبەتکراوەکانیان بەدەستەوەیە، سامانێکی زەبەلاح بەدەستدێنن لەڕێی وەبەرهێنانێکی کەم و سەپاندنی بەرامبەرێکی زۆرەوە، لە ڕوسیا و هیندستاندا، "ئۆلیگارشیزم" دەستیگرت بەسەر خاوەندارێتییە بنچینەییەکانی دەوڵەتدا، لەڕێی کردارەکانی فرۆشتنەوە کە پاش داڕمانی دەوڵەت بەرتاکران. لە مەکسیک، "کارلۆس سلێم" مافی دەستبەسەراگرتنی زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیی سیم و بێسیمی پێبەخشرا، بۆیە زووبەزوو بووە دەوڵەمەندترین پیاوی جیهان.

**"له هەژارەوە بۆ دەوڵەمەند"**

وەکو "ئاندرۆ سایر" تێبینیی دەکات لە کتێبەکەیدا "بۆچی ناتوانین تەحەمولی دەوڵەمەندەکان بکەین"، کە سەرمایەداریی دارایی هەمان کاریگەری بەجێهێشت، سایر دەڵێت: "سوود، هاوشێوەی بەرهەمهێنان-رەیع، داهاتێکی بێ بەرامبەرە، بەبێ هیچ ماندووبوونێک کەڵەکەدەبێت". بۆیە هەژارەکان هەژارتر دەبن، و دەوڵەمەندەکانیش دەوڵەمەندتر دەبن، چونکە دەوڵەمەندەکان دەستدەگرن بەسەر سەرچاوەی تری زۆر گرنگدا: کە ئەویش دراوە، پێدانی سوودی بەرامبەر (مدفوعات الفائدە)، و بەشێوەیەکی زۆردار، پارە دەگوازێتەوە لە هەژارەکانەوە بۆ دەوڵەمەندەکان، بێجگە لەوەی نرخی خانووبەرە، و کشانەوەی پشتیوانیی دارایی حکومی، پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت بەرەو "قەرز" (تەنها بیربکەنەوە لە گۆڕینی بیمەی خوێندن بۆ قەرزی خوێندن)، لە کاتێکدا بانک و بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان قازانجی زەبەلاح بەدەستدێنن.

هەروەها "سایر" دەڵێت: تایبەتمەندیی چوار دەیەی ڕابردوو، خۆی لە گواستنەوەی ساماندا نواند، نەک بەتەنیا لە هەژارەکانەوە بۆ دەوڵەمەندەکان، بەڵکو بەهەمان شێوە لە نێوان دەوڵەمەندەکان خۆیشیاندا: لەوانەی کە داهات بەدەستدێنن لەڕێی بەرهەمهێنانی کاڵا یان خزمەتگوزاریی نوێوە، بۆ ئەوانەی کە داهات بەدەستدێنن لەڕێی دەستبەسەرکردنی سەرچاوە داراییە بەردەستەکان، و داهاتی بەرهەمهێنانەکان-رەیعەکان، هەروەها لە سوود یان قازانجی سەرمایەکانەوە. بۆیە داهاتی بێبەرامبەر جێگەی داهاتی بەبەرامبەری گرتەوە.

بەهۆی "شکستەکانی بازاڕەوە" سیاسەتەکانی "نیولیبراڵیزم" لە هەموو شوێنێکدا دەناڵێنێت، وەکو "تۆنی جۆدێت" لە دواکتێبی دا ئاماژەی پێدەدات، ***هایك*** ئەوەی لەبیرکرد کە ناکرێت ڕێبدرێت بە داڕمانی خزمەتگوزارییە نیشتیمانییەکان، کە ڕێگری دەکات لە کێبڕکێکان بە ڕێچکەی خۆیاندا بڕۆن، بزنسەکان قازانجی خۆیان بە دەستدێنن، و دەوڵەتیش لە مەترسیدا دەمێنێتەوە .

**"نیولیبراڵیزم و توندڕەوی"**

کە شکستەکانی زیاتر دەبن، ئایدیۆلۆژیای نیولیبراڵیزم تا دێت توندڕەوتر دەبێت. بۆیە حکومەتەکان قەیرانەکانی نیولیبراڵیزم وەکو بەهانە و هەلێک بەکاردەهێنن بۆ کەمکردنەوەی باج، و بەتایبەتکردنی سێکتەرە گشتییەکانی تر کە بە تایبەتی نەکراون،

و گەورەکردنەوەی کەلێنی نێو تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، و هەڵگرتنی کۆتەکانی سەر کۆمپانیاکان، ولە قاڵبدانەوەی هاوڵاتیان. لە ئێستادا ئەو دەوڵەتانەی ڕقیان لە بوونی خۆیانە، بە دڕندانەترین شێوە هەڵدەکوتنە سەر هەموو دەزگایەکی کەرتی گشتی.
ئەو قەیرانە ئابوورییانەی کە نیولیبراڵیزم هۆکاریان بوو، مەترسیدارترین ئاکار نین بەجێیهێشتبن، بەڵکو قەیرانە سیاسییەکانییەتی، لەکاتێکدا کار بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکرێت، هاوکات توانای گۆڕینی ڕێچکەی ژیانمان لەڕێی دەنگدانەوە کۆتایی پێهات، لە جیاتیی دەنگدان، ئایدیۆلۆژیای نیولیبراڵیزم پێیوایە "خەرجکردن-انفاق" بەدیلێکە خەڵکی دەتوانێت لەڕێیەوە هەڵبژاردەی خۆیان ئەزموونبکەن، بەڵام هەندێک دەتوانن لەوانەی تر زیاتر "خەرج" بکەن: لە "دیموکراسیەتی " نوخبەی بەکاربەران و هەڵگری پشکەکاندا، دەنگەکان بەیەکسانی دابەشناکرێن، سەرەنجام بەتەنیا دەوڵەمەندەکان "جێنشین- تمکین" دەکرێن؛ چونکە حیزبە ڕاسترەوەکان و "چەپەکانی پێشوو" کە لەسەر گۆڕەپانن، سیاسەتی نیولیبراڵیزمی هاوشێوە دەگرنەبەر، "جێنشینکردن-تمکین" دەبێتە هۆی بێ بەشکردن، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک دوورخراوە دەبن لە سیاسەت.
"کرێس هێدجز" پێیوایە " بزووتنەوەی فاشیزم بنەچەکەی لەسەر "چالاکیی سیاسی" بونیاد نەناوە، بەڵکو بەهۆی "سستیی سیاسیە"وە بونیادی ناوە، بەهۆی "دۆڕاوەکانەوە"، ئەوانەی کە زۆرجار بەشێوەیەکی درووست هەستدەکەن دەنگیان نییە، یان لە ژیانی سیاسیدا ڕۆڵێکیان نییە بیگێڕن"، کاتێک کە لە دیالۆگە سیاسییەکە دووردەخرێنەوە، خەڵکی زیاتر هاودەنگی درووشم و کۆد و هێما و هەستەکان دەبن.

### "ئاوەژوو بوونەوەی وێنەکە"

ئەو دەستەواژانەی کە نیولیبراڵیزم بەکاریاندێنێت، ڕۆڵێکی سەرلێشێوێنەر دەگێڕن. سیستەمی "بازاڕ" خۆی دەنوێنێت وەکبڵێی سیستەمێکی سرووشتییە و بەیەکسانی بەسەرماندا دابارێوە، هاوشێوەی یاساکانی ڕاکێشان یان پاڵەپەستۆی هەوا، دەستەواژەی "داخوازیی بازاڕ" واتاکەی "داخوازیی کۆمپانیا و خاوەن کارەکان"ـە، لەگەڵ "وەبەرهێنان" دوو بابەتی تەواو جیاوازن، وەکو "سایر" تێبینیی دەکات: یەکەمیان: مەبەستی پشتیوانیی داراییە بۆ کردارەکانی بەرهەمهێنان کە سوودی کۆمەڵایەتیی هەیە،

دووەمیان: واتا کڕینی سەرچاوە ئابورییە بەردەستەکانە، و بەتاڵانبردنی بە مەبەستی بەرهەمهێنان-ڕەیع، و سوود، و قازانج، و دەستکەوتەکانی سەرمایە. بەکارهێنانی هەمان دەستەواژە بۆ کرداری جۆراوجۆر "سەرچاوەکانی سامان ڕووپۆشدەکات" و پەلکێشمان دەکات بۆ تێکەڵکاری لەنێوان "تاڵانکردنی سامان" و "درووستکردنی سامان"دا ...! .

سەدەیەک لەمەوبەر، دەوڵەمەندە نوێیەکان جێگەی گاڵتەجاڕی بوون لەلایەن میراتگرەکانی سامانەوە، بۆیە ئەستێرەکانی جیهانی کار هەوڵیان دەدا بۆ پەسندکردنیان لەلایەن کۆمەڵگاوە لەڕێی وێناکردنی خۆیان وەکو میراتگری سامان، بەڵام ئەمڕۆ، پەیوەندییەکە ئاوەژووبووەتەوە: میراتگرەکانی سامان هەوڵدەدەن خۆیان وەک دەوڵەمەندی نوێ وێنابکەن!

ئەمەیە ئەو تۆڕەی سەرمایەداریی نوێ، کە ناو و شوێنەکانی تیادا شاراوەیە: نمونەیەکە کە زامنی ئەوەیە کرێکاران درک نەکەن بۆ مەسڵەحەتی کێ ماندوودەبن، چونکە کۆمپانیاکان تۆڕێکی نهێنی دەرەکییەوە تۆمارکراون، و لە ئاستێکی بەرزی جەنجاڵیدایە، تەنانەت پۆلیسەکانیش ناتوانن سوودمەندە ڕاستەقینەکان دەستنیشانبکەن، دەربارەی کردارەکانی خۆدزینەوە لە پێدانی باجەکان –التهرب الضريبي-، بەهێزترین حکومەتەکانی جیهان بێ دەسەڵاتن بەرامبەری.

### "ناکرێت کینیزم چارەسەر بێت"

هەموو ئەوەی داواکراوە لە "لۆرد کینز" دانپیادانانە بە شکست (فشل)دا، چونکە پێشنیارکردنی "چارەسەری کینزی" بۆ قەیرانەکانی سەدەی ٢١، واتا پشتگوێخستنی سێ کێشەی ڕوونە، یەکەم: ئەستەمە خەڵک سازبدەیت لەسەر بنەمای بیرۆکەگەلێک کە شکستی خۆیان سەلماندبێت، دووەم: خەوش و نەنگییەکانی کینیزم کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوتن، تا ئەمڕۆ بەردەوامن، سێیەم: لە هەمووشی گرنگتر، کینزییەکان دەربارەی مەترسیدارترین کێشەکانمان هیچیان پێ نییە بیڵێن: قەیرانە ژینگەییەکە، خودی کینیزم کاردەکات لەڕێی برەودان بە داخوازی (طلب) لەسەر کاڵا بەکاربراوەکاندا بۆ پاڵپشتیی گەشەی ئابوری، لەکاتێکدا ئەو شێوازەی ئێستا بەرپایە لە داخوازیی کاڵا بەکاربراوەکان و گەشەی ئابوری دا، دوو داینەمۆی وێرانکردنی ژینگەن.

**ئەوەی مێژووی کینیزم و نیولیبراڵیزم بۆمان دەردەخات ئەوەیە، کە هەردووکیان بە کەڵکی ڕووبەڕووبونەوەی سیستەمێکی تێکشکاو نایەن، و ئەڵتەرناتیڤێکی توندوتۆڵ و یەکگرتوو  هەیە دەبێت تەرحی بکەین... .**

سەرچاوەکان:

1. The Guardianthe ideology at the root of all our problems -George Monbiot
www.theguardian.com/books/2016/apr/15/neoliberalism-ideology-problem-george-monbiot

.٢

اللیبرالیه الجدیده: الڕیدیولوجیا التی تکمن فی ڕێل مشاکلنا
موقع قاسیون/حزب الاراده الشعبیه – ترجمه احمد الرز
www.kassioun.org/reports-and-opinions/item/19136-2016-11-14-21-38-31

# چاوپێکەوتن لەگەڵ "هارڤەی" دەربارەی نیولیبراڵیزم و...

وەرگێڕانی: ئاکۆ حەسەن

**پ: ماوەی چوار [و ئەوەندە] ساڵێکە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی هەڵگیرساون. ئەوەی جێی سەرنجە درووشمەکانی شۆڕش بەدرێژایی نیشتیمانی عەرەبی بە درووشمەکانی چەپ دەستیانپێکرد: "ژیان، ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی". لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسییەکاندا گەلانی عەرەبی کەوتنە نێوان دوو فاشیزمەوە: فاشیزمی سەربازی و فاشیزمی ئاینی. ڕای بەڕێزتان چییە؟ ئایا شتێک هەیە مژدەی ئەگەری بڵاوبوونەوەی گوتاری چەپ بدات ئەگەر چەپ بتوانێت قەیرانی خۆی لەسایەی نیولیبراڵیزمدا تێپەڕێنێت؟**

هارڤەی: نازانم، تۆ پێم بڵێ. هیچ بیرۆکەیەکم لا نییە...لە دەرەوە بۆ من وادەردەکەوێت وەک ئەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٤٨ جارێکی دیکە دووبارەببێتەوە. لێرەدا شۆڕشێک لە چینەکانی خوارەوە هەیە، و دژەشۆڕشێکیش هەیە کە دەبێتەهۆی گێرە و کێشە لە ئاسایش و دڵنیاییدا. دواتر حیزبی ئاسایش و دڵنیایی دێت بۆ ئەوەی بگاتە دۆخێکی سەقامگیر، دواتر لویس پۆناپارت دێت و دەڵێت: هەموو کێشەکان چارەسەردەکەم، و دەبمە دیکتاتۆری مەزنتان، و بەم جۆرە ئیمپراتۆریەتی دووەم دەردەکەوێت. پەرەسەندنی بارودۆخەکەلەم دوو حاڵەتەدا تاڕادەیەک هاوتای یەکترین.

**پ: ئایائێمەئێستا لەسایەی نیولیبراڵیزمدا دەژین؟و نیولیبراڵیزم لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر درێژدەبێتەوە، ئابورییەکەیشی بۆ جیهانی سێیەم هەناردەدەکات. تا چ مەودایەک و تاوەکو کەی نیولیبراڵیزم بەردەوام دەبێت؟ ئایا لێرەدا ئاسۆیەک لە بەرەنگاربونەوەی گەلاندا هەیە؟**

هارڤەی: بەدڵنیاییەوە شتەکە لەسەر پێناسەی تۆ بۆ نیولیبراڵیزم وەستاوە. هەمیشە وەک پرۆژەیەکی چینایەتی بۆ کەڵەکەکردنی سەروەت و هەژموون لەژێر سایەی دەسەڵاتداریێتیی کەمینەیەکدا پێناسەی دەکەم، و بەشێکی ئەو پرۆژەیە ئامانجی دیلکردنی دەوڵەت و بەکارهێنانیەتی وەک ئامرازێکی پەتی بۆ دەسەڵاتداریێتیی چینایەتی. ئەوە پرۆژەکەیە. یاساگەلێک هەیە کە لەم پرۆژەیەوە هەڵقوڵاون، لەوانەش

کاتێک دەوڵەت دەکەوێتە بەردەم بژاردەی نێوان پشتگیرییکردنی گەل و پشتگیرییکردنی سەرمایەداری، ئەوا پشتگیرییکردنی سەرمایە هەڵدەبژێرێت. هەروەها لە یاساکانی دیکەی یارییەکە درووستکردنی کۆمەڵێک ئاستەنگە کە کۆسپ و تەگەرە دەخاتەبەردەم مەنزوومەی دارایی وگەل، و دواتر هەڵدەستێت بە ڕزگارکردنی مەنزوومەی دارایی و گەلیش ناچاردەکات باجی ئەوە بدات. ئەوەش بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە چارەسەرە بوو کە زۆر بەڕوونی لە بەرنامەی پەیکەری ڕێکخستنی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا نواندی. ئەوەمان لەساڵی ١٩٩٢دا لە مەکسیک بینی، هەروەک ژمارەیەک دەوڵەت بەدیاریکراوی ملکەچی سیاسیەتگەلێکی لەو جۆرە کراون. ئەوە نیولیبراڵیزمە. بەڕای من نیولیبراڵیزم بە قەیرانەکانی ساڵی٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ کۆتایی نەهات، ئەوەشی کە نیولیبراڵیزم ئەوکات کردی ڕزگارکردنی بانکەکان و ناچارکردنی گەل بوو کە باجەکەی بدات. ئەوە چییە کە ئێستا لە یۆنان ڕوودەدات؟ بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان ڕزگاردەکەن و گەلیش ناچاردەکەن باجەکەی بدات. نیولیبراڵیزم ئێستا لە ژیاندایە و هەروەها لە باشترین دۆخەکانیشیدایە. ئەگەر نیولیبراڵیزم بە مانای کەڵەکەکردنی سەروەت و دەسەڵات بێت لەژێر دەستی کەمینەیەکدا، ئەوا هەموو پێوەرەکان پێماندەڵێن کە لە ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨وە چینە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بوون، لەکاتێکدا تێکڕای گەل هەژارتر بوون. بەو جۆرە قەیرانەکانی ساڵی٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ لە بەرژەوەندیی چینە باڵاکان بوون، بەجۆرێک لە جۆرەکان و، و چینە باڵاکانیش قۆستیانەوە.

کەواتە نیولیبراڵیزم نەمردووە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین جووڵانەوەگەلێکن لەنێو گەلانی دژبەم سیاسەتانە.و لەڕاستیدا ئەم جووڵانەوانە مێژوویەکی درێژیان هەیە. ئەوکات کاری ئاژاوەگێڕی لە دژی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هەبوو لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا. بەڵام ئێستا سەرکەوتنی حیزبگەلێکی لەنمونەی (سیریزا)لەیۆنان، جووڵانەوەکانی نمونەی (پۆدیمۆس) لە ئسپانیا، و تەنانەت لە بەریتانیاش هەندێک سیاسەتی دژ بە سکهەڵگوشین(تەقەشوف) دەرکەوتووە. پێدەچێت ئەوە دەستپێکی دەرکەوتنی هەڕەشەگەلێک بێت دژ بەو جۆرانەی سیاسەت. بەڵام ئەو جۆرە سیاسەتانە لەگەڵ ڕوودانی قەیراندا ڕاناوەستن. پەندێک هەیە دەڵێت: "پێویستە ڕێگەنەدەیت قەیرانە باشەکان بین بە تەپوتۆز". کەمینە فەرمانڕەواکانی شوێنکەوتەی نیولیبراڵیزم ئەو قەیرانەی دواییان بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە قۆستەوە بۆ ئەوەی زیاتر دەوڵەمەند ببێت و سەروەت و سامان بەدەوریدا کۆ و چڕ ببێتەوە. پێدەچێت ڕۆژێک

له ڕۆژان ئەوە بە کۆتابگات، بەڵام ئەوە بە کۆتاناگات تا ئەو کاتەی بزووتنەوە میللییەکان مەودایەکی فراوانتر نەگرنەوە. ئێمە ئێستا بینەری سەرهەڵدانی حکومەتە داپلۆسێنەرەکانین، کە بە لایەنی کەمەوە هەوڵی داپلۆسینی بزووتنەوەکانی دژبەدەستپێوەگرتن دەدات، کە بە نانیشتیمانی و تەنانەت بە تیرۆریستیش تاوانباریاندەکات. ئەوە دەبینین کە بە پلەیەک لە تورکیا ڕوودەدات، و لە هەندێک لە وڵاتە ئەوروپیەکانیشدا کە تەوژمە ئەوپەڕی ڕاستڕەوەکان کۆدەکرێنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی دژ بە سکههەڵگوشیندا کە خەریکە دەردەکەون.

**پ: ئێوە تێڕوانینێکی تایبەتیتان هەیە دەربارەی وەرچەرخانی تایبەتمەندێتییەکانی چینی کرێکار و، کاریگەریی ئەو خەسڵەتانە لەسەر ئاراستەکانی حیزب و بزووتنەوە چەپەکان. دیدگای بەڕێزتان چییە؟**

هارڤەی: هیچ هاوکێشەیەکی ئەفسوناویم پێ نیە. وایدەبینم تێگەیشتن لە سرووشتی ئەو کێشەیە بۆ ڕێکخراوە چەپەکان شتێکی زۆرگرنگە، بەجۆرێک نمونەیەکی ڕێکخراوەیی بەکارنابەین بۆنمونە گونجاو بێت لەگەڵ کرێکارانی کارگەکان لەوڵاتێکی پیشەسازیدا بەشێوەیەکی گەورە. وایدەبینم زۆربەی ڕێکخستنەکانی چینی کرێکار لە زۆربەی کاتدا تیشکدەخاتە سەر شوێنی کار؛ بەڵام لەسایەی بارودۆخی ناجێگیردا بە پلەیەکی باڵا لەڕووی شوێن و چۆنیەتیی کارەوە، واباشتردەبێت کرێکاران بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان ڕێکبخرێن. بەردەوام وام هەستکردووە سیاسەتەکانی ژیانی ڕۆژانە بە هەمان پلەی گرنگی سیاسەتەکانی(شوێنی کار)ن. لەبەر ئەوە پێموایە پێناسەکردنی کەرتە نافەرمییە قەبارە گەورەکان، بەشێوەیەکی دووبارە بەشاری دەکرێن، یاخود گرووپە کۆچبەرەکان ئەوانەی کە لە کشتوکاڵدا کاریاندەکرد، ناونیشانێکی جێگیرمان نابێت. پێویستە شوێنی خەڵک بکەوین لە هەر کوێیەک دەژین، دەست بە قسەکردن بکەین لەگەڵیاندا دەربارەی بارودۆخی گوزەرانیان، لەڕووی بەڕێوەچوونی کار و هەروەها لەڕووی کێشە گوزەرانییەکان و ژیانی ڕۆژانەیانەوە. وادەزانم ئەوە وای لێهاتووە تەنانەت بەسەر سەرمایەدارترین وڵاتاندا جێبەجێدەکرێت، بەجۆرێک چینی کرێکار لە بەرهەمهێناندا لە گەشەسەندن وەستاون. بەڵکو دەستی بە پووکانەوە کردوە. پێویستە لەسەری چینی کرێکارە ڕاگوزەرەکان ڕێکبخات کە پاڵپشتی ژیانی مەدەنیانە دەکات، لە کرێکارانی گواستنەوەوە بۆ کرێکارانی چێشتخانە و گەیاندن، لەسەر بنەمای ڕێبازە جیاوازەکان. لەبەر ئەوە من بەشێوەیەکی گەورە پەیوەستم بەو نمونەیەی ڕێکخستن لەسەر بنەمای دابەشبوونی جوگرافی، یاخود

ڕێکخستنی هەر گەڕەکێک بەجیا، بەجۆرێک کە ئەو کرێکارانەی پێکەوە لە گەڕەکێکی دیاریکراودا دەژین گەشە بە ئاگایی دەستەجەمعییان بدەن لەڕێگەی شوێنی نیشتەجێبونیانەوە، و هەروەها دواتر بۆ شوێنی کارەکەیانی دەگوازنەوە. ئەوەی بەبەردەوامی وام بینیوە کە پێویستە لەسەرمان کار لەسەر ئەو نمونەیە زیادبکەین و، وایدەزانم کە ئەو وەرچەرخانە لەناکاوەی بەسەر شێوەکانی دامەزراندن و بەسەر سەرمایەدارییدا هاتووە بەشێوەیەکی گشتی وایکردوە ئەو شێوەیە لە ڕێکخستن ببێتە شوێنگرەوەیەکی زۆرلۆژیکی.

**پ: دەمەوێت شوێن پرسیارێکی دیکە بکەوم پێش ئەوەی بچینە خاڵی دواتر. لەبەرئەوەی من بەتەواوەتی باوەڕم بە هێزی بزووتنەوە میللیەکان هەیە بۆیە پێشکەشکردنی پرسیارێکی لەو جۆرە بە نامۆ دەبینم، بەڵام وادیارە هەندێک لە ئابورناسەکان لە تەوژمی سەرەکی هەن دەستبەرداری گونجاندنی نیولیبراڵیزم بوون، لە نمونەی ستیگلیز و کرۆجمن و ئەوانیتر، و لە دامەزراوە ئابورییەکانی وەک سندووقی دراوی نێودەوڵەتی ڕەخنەگەلێک هەبوون دەربارەی شێوازی بەرخورد لەگەڵ قەیرانی یۆناندا، و هەندێک لێکۆڵینەوەیان بڵاوکردەوە دەربارەی سکهەڵگوشین و کاریگەرییە نەرێنیەکانی لەسەر گەشەسەندن. وایدەبینیت هەستێک هەبێت بەوەی کە داڕشتە کۆنەکان کەموکوڕییان هەبێت، بەڵام بەبێ بوونی کۆگیری دەربارەی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا؟ ئایا دەتوانرێت بوترێت لیبراڵیزمی نوێ کەسێکی وەکو(کینز)ی بەرهەمنەهێناوە لەسەر یەکخستنی ڕاکان؟**

هارڤەی: هەڵوێستەکە وەک ئەوەی من دەیبینم دەکرێت بەم جۆرەکورتبکرێتەوە: ڕۆڵی سەرمایەداری زۆرخراپە، بەڵام چینی سەرمایەدار، ئەو کەرتەی کە بەفیعلی زاڵن بەسەر هەموو شتەکانەوە ڕۆڵیان زۆرباشە. ئەوەی بەبەردەوامی ڕوودەدات ئەوەیە کەرتێک لە چینی سەرمایەدار و، تیۆریستەکانی ئەم چینە بەشێوەیەکی گەورە گرنگی بە ڕۆڵی سەرمایەداری دەدەن، ئەوانەی لە نمونەی ستیگلز و کرۆجمن، پێیانوایە ڕۆڵی سەرمایەداری زۆرخراپە، و دەیانەوێت سەرمایەداری ڕزگاربکەن. وەک کینز وتی: "من سەرمایەداری ڕزگاردەکەم و دژی نیم"، و وایدەبینم ئەوانە لە هەوڵی ئەوەدان سەرمایەداری لە سەرمایەداران ڕزگاربکەن. لەبەرئەوەی بەپێی تێڕوانینی ئەوان سەرمایەدارە تاکەکان، کە ئەوانە بەشێکن لە چینی سەرمایەدار، بەشێوەیەکی خۆپەرستانە هەڵسوکەوتدەکەن کە لە توانایدایە بنەمای سەروەتەکانیان لەناوبەرێت، و

بەلای ئەوانەوە ئەو لێکدژییە زۆر ڕوونە، ئەوەیە وایان لێدەکات داوای بزووتنەوەیەک لەنێو سەرمایەدارییدا بکەن بۆ ئەوەی گرنگی بە حاڵی سەرمایەداری بدات؛ و ئەگەر ئەوە پێویستی بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەستەیەکی کەمیش هەبێت ئەوا هەر دەبێت ئەوە بکرێت، لەبەرئەوەی ئەوە تاکە ڕێگەیەکە بۆ بەردەوامبوونی سەرمایەداری. بەڕای من ئەوە ئەو شتەیە کە دەیڵێن. وایدەزانم ئەوە خەریکە ڕووندەبێتەوە، وەکچۆن لە گوتاری سیاسییدا دەستی بە دەرکەوتن کردووە، و ئەو ئاراستەیەی کە هیلاری کلینتۆن هەوڵی نوێنەرایەتیکردنی دەدات: "من دەمەوێت سەرمایەداری ڕزگاربکەم. پێویستە لەسەرم ئەوەبکەم لەڕێی دابەشکردنەوەی سەروەت و دەسەڵاتەکانەوە، دژایەتیی چڕبوونەوەی سەروەت و دەسەڵاتەکان بکەم". هەرگیز باوەڕی پێناکەم، بەڵام ئەمە ئەوە بوو کە لەم دواییانەدا گوتی. هەروەها لەبەر ئەوە پێموایە ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو شیکارییەدا ڕێککەوتین کە دەڵێت ڕۆڵی سەرمایەداری زۆرخراپە، و بەبڕوای من ئەوە کارێکە پێموایە گومانهەڵنەگرە، و ڕۆڵی چینی سەرمایەدار زۆرباشە، هەروەها ئەوەش بەبڕوای من گومانهەڵنەگرە. ئەوا لێرەدا لێکدژییەک دەبینینەوە لە کاتێک لە کاتەکاندا چەند کەرتێکی چینی بۆرژوازی ناچاردەکات داوای چارەسەرکردنی بکەن، و هەندێک هەن ماوەیەکە داوای ئەوەدەکەن، لەنمونەی وورین بافیت و جۆرج سۆرس –زۆرێک لەدەوڵەمەندەکان وادەڵێن، و هەڵوێستی جۆرج سۆرس زۆر جێگەی سەرنجە. ئەو دەڵێت: "من بەتەواوەتی پشتیوانی لە گۆڕانکاری دەکەم، بەڵام هەتاکو ئەو گۆڕانە ڕوودەدات من لەسەر قازانجکردن بەردەوام دەبم، وەک چۆن پێشتر کردوومە". ئەم هەڵوێستە زۆر جێی سەرنجە، بەڵام ئەوە پشتیوانی لەو باڵە دەکات کە لە هەوڵی ڕزگارکردنی سەرمایەدارییدایە.

**پ: سەرمایەداریی جیهانی و کۆمپانیا فرە-ڕەگەزەکان دەستیان بە بنیاتنانەوەی جیهان لەڕێگەی نیولیبراڵیزمەوە کردووە. ئایا لێکدژییەک هەیە لەنێوان سندووقی دراو و بانکی نێودەوڵەتی و لەنێوان برێکسی ئاسیایی لەڕووی پشتیوانیکردن و هەژموونی سەرمایەداریی جیهانی بەسەر چارەنوسی گەلان و چینەکانی کرێکار لە جیهاندا؟ ئایا برێکس پەیڕەوی هیچ ڕێبازێکی میللییانە دەکات؟**

هارڤەی: ماوەیەک دەبێت من بە چەمکی "ئیمپریالیزم" ڕازی نیم. کتێبێکم لەسەر ئیمپریالیزمی نوێ نوسیوە، بەڵام بەجۆرێک ڕەخنەی چەمکە تەقلیدییەکانی ئیمپریالیزمە. وەک هاوڕێی خۆشەویست و هاوکارم جۆڤانی ڕیجی، لە ئیشەکەدا

قوولْنەبووبوومەوە، مەبەستیشم لەوەدا ئەوەیە بەهیچ شێوەیەک ئارەزووی قسەکردن دەربارەی ئیمپریالیزم ناکەم، و ئەو ئارەزوی قسەکردنە دەربارەی هەژمون لە سیستەمی جیهانی و وەرچەرخانی پێکهاتنەکانی هەژمونی دەکرد. بەڵام پێموایە ئەوەی ئەو گوتی شتێک لە ڕاستیی لەخۆیدا هەڵگرتبوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێستا سەیری گرنگترین قۆرخکارانی بازاڕی مس بکەین لە زامبیا بۆنمونە، ئەوا دوو کۆمپانیای گەورە دەبینینەوە کە یەکیان چینی و ئەوی دیکەیان هیندیە. هەروەک چۆن دەبینیت کەسێکی وەک (کارلۆس سەلیم) لە مەکسیک بەرژەوەندیی لە سەرتاسەری ئەمریکای لاتیندا هەیەبە دەربڕینێکی تر، قۆرخکردنی گەلێک لە شوێنێکی دیاریکراودا لەلایەن کەسێکی دیکە لە شوێنێکی جیاوازترەوە بووەتە شتێکی زۆرئاڵۆز لە دیمەنی جیهانیدا. لەڕووی جوگرافیای سیاسییەوە، ویلایەتە یەکگرتوەکان لەڕووی سەربازییەوە بە هەژمونکار دەمێنێتەوە. لە جیهاندا وڵاتێک نیە لەڕووی تەکنەلۆژیای سەربازییەوە بەسەر ویلایەتە یەکگرتوەکاندا باڵادەست بێت. بەڵام وەک دەزانین، شتەکە بەتەنها لە تەکنەلۆژیای سەربازییدا کورتناکرێتەوە. بوونی سەرباز لەسەر زەوی، وەک لە ئەفغانستان و عێراق و شوێنانی تریش بینیمان، شتێکی تەواو جیاوازە. لەبەرئەوە وایناببینم ئەمڕۆ بتوانرێت تیۆری کلاسیکیی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم وەک ئەوەی سەدەی نۆزدە هەبووە، جێبەجێبکرێت؛ ئەوەی کە لینین دەربارەی نوسیبووی. بۆنمونە، من هەندێک کات لە ئیکوادۆر کاردەکەم، چلوپێنج لەسەدی وەبەرهێنەکانی ئیکوادۆر لە چینەوە دێت، و ئیکوادۆر تووشی هەڵئاوسانێکی گەورە بووە لە بودجەی نەتەوەییدا، بەهۆی پەیوەندیی چل لەسەدی بودجەکەی بە بەرهەمەکانی پترۆڵەوە، و نرخی پترۆڵیش بۆ نیوە دابەزیوە. ئەوەی بووەهۆی قەیرانێکی گەورە لەبودجەدا. چییان کرد؟ پارەیان لە چین قەرزکرد. ئەی چین لەبری ئەوە داوای چیی کرد؟ کردنەوەی بوار بۆ بەکارهێنانی بەرهەمە کانزاییەکان لە ئیکوادۆر، و ئەوانیش{چینیەکان}ئێستا خەریکی بەتاڵانبردنن. لەبەرئەوە کاتێک دەبینین ئەوە ڕوودەدات، لەوانەیە بڵێین ناتوانین سەرزەنشتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی بکەین لەسەر بارودۆخەکە لە ئیکوادۆر. وێڕای مێژووی درێژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی کە پێویستە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، لەبەر بوونی ئیمپریالیستیانەی ئێستای چین. باسی "برێکس"ت کرد، حەزم لەو چەمکە نیە. وادەزانم جیاوازییەکی گەورە لەنێوان بەرازیل بۆنمونە لەگەڵ چیندا هەیە، لەڕووی گرنگی و هێزەوە سەبارەت بە ئابوریی جیهانی. پێموایە بووژانەوەی ئابوریی بەرازیل و زۆرێک لە ئەمریکای لاتین بەشێوەیەک پەیوەندیی بە بەتاڵانبردنی کەرەستەی

خاوەوە هەیە بۆ چین. دابەزینی بەهای کاڵاکانی وەك مس و ئاسن و.. هتد، بەهۆی ئەو وەستان- سستبوون(رکود)ەوە بوو کە لەم شەش مانگەی دواییدا تووشی چین هات، کە بووەهۆی کێشەی گەورە بۆ ئوسترالیا و شیللی و بەرازیل. لەبەرئەوە دووبارەی دەکەمەوە ئێمە لەبەردەم ئابوورییەکی جیهانیی دابەشبوودایین، لێرەدا کەرتی ئەمەریکای باکور و ئەوروپامان هەیە کە لەسەر سکهەڵگوشین کاردەکات، و شێوەبەندیی چینی ئارەزوومەند بۆ فراوانخوازی یاخود کینزییانە، ئەگەر دەربڕینەکە ڕاست بێت، کە بەشێکی گەورە لە بازرگانیی جیهانی لە خولگەی خۆیدا جەمسەرگیر کردووە. لەبەرئەوە دەبێت هەڵوێستەکە بەم جۆرە شیکاربکەین: لەبری تیشکخستنە سەر چەمکە کلاسیکییەکانی ئیمپریالیزم، یان تەنانەت تیۆری مەنزوومەی جیهانی کە وایدەبینم ئەویش بەسەرچووە، قسەکردن دەربارەی جوگرافیای سیاسی بۆ گەشەی جوگرافیانەی نایەکسان بەباشتر دەزانم. لەگەڵ دانانی هەندێک لە تیۆرەکانی جیوڤانی ریجی دەربارەی وەرچەرخانەکان لە پێکهاتەی هەژمونەکاندا. ئێمە ئێستا دەرکەوتنی هەژموونە هەرێمییەکان دەبینین، ئەڵمانیا بەشێوەیەکی ڕوون هەژموون بەسەر ئەوروپادا دەکات، و بەرازیلیش هەژموون بەسەر ئەمریکای لاتینیدا دەکات، چینیش هەژموون بەسەر ڕۆژهەڵاتی دووردا دەکات، و بەدڵنیاییەوە لێرەدا ئەمریکا(ی باکور) و مەکسیک و کەنەدا و پێکهاتەی دیکەی هەژموون بوونیان هەیە. ئێمە ئێستا لەبەردەم هێزگەلێکی هەژموونگەردایین کە مۆرکێکی هەرێمییانەیان هەیە. وێڕای هێزی سەربازییانەی ئەمەریکا، لەگەڵ ئەوەدا لەهەمان پلەی بەهێزیی ئابووریدا نیە. ئەو شتە بەشێوەیەکی خێرا لەگۆڕاندایە، پێش سێ ساڵ هەموان ئەبڵەق ببوون بە گەشەسەندنی خێرای ئەمریکای لاتین، بەڵام ئێستا کە لێی وردەبینەوە دەبینین دۆخەکە کارەساتاوییە. وەرچەرخانگەلێکی لەو جۆرە بەشێوەیەکی خێرا ڕوودەدەن، لەبەرئەوە پێموایە قسەکردن دەربارەی ئیمپریالیزم ئەوەندە نەرم نیە بۆ لەخۆگرتنی دینامیکیەتی ئەو وەرچەرخانانە، من بەکاربردنی زمانێک بەباشتر دەزانم کە بتوانێت وەرچەرخانەکانی شێوەی هەژمون و گەشەی جوگرافی نابەرابەر و شتی لەو بابەتە لەخۆبگرێت.

**پ: ئەوەی کە لە قسەکانت تێگەیشتم ئەوەیە ریجی باسی خولەکانی کەڵەکەبوونی هەژموونگەر وەک دیاردەیەکی جیهانی کردووە.**

هارڤەی: بەڵێ.

**پ: کەواتە ئەوەی تۆ پێشنیاریدەکەیت، بوونی کۆمەڵێک پانتاییە کە هێزە هەژموونگەرەکان تێیدا تێکەڵدەبن.**

هارڤەی: بەڵێ. ئەوە ڕاستە. چین ئێستا بەرەو ڕووی دژواریگەلێکی زۆردەبێتەوە، لەگەڵ داڕووخانی بازاڕی کاغەزە نەختینەییەکان و زەویوزارو..هتد. و هەروەها هەموو ئەو شوێنانەشی کە بەبازرگانی چینەوە پەیوەستن تووشی دژواری دەبنەوە. بارودۆخەکە پێش سێ ساڵ بەو جۆرە نەبوو. جیاوازییەکە لەوەدایە ئێمە پێش سێ ساڵ دەمانگوت ئەمریکای باکور کۆتاییهاتوە. بەڵام ئەوێ تاکە شوێنێکە کە گەشەسەندنی ڕاستەقینە تێیدا ڕوودەدات. لەبەرئەوە بەردەوامبوونی سەرمایەداریی جیهانی، بەجۆرێک لەجۆرەکان، پەیوەستە بە چاکبوونی بارودۆخی ئەمریکاوە. لەڕاستیدا بەریتانیا زیاتر لە ئەمریکاوە نزیکترە وەک لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپا. لەبەرئەوە جیهانی ئەنگلۆ(ئەمریکی) تاکە هیوایەکە بۆ بەردەوامبوونی سەرمایەداری. پێش سێ ساڵ ئەمەمان نەدەگوت، لەبەرئەوە پێویستە نەرمتر بین لەتێگەیشتنمان بۆئەم دینامیکیەتە.

**پ: جوگرافیای سیاسی لە دیدگای چەپەوە: لەڕێی ئەوەوە ئابوریی نەوتی عەرەبی چۆن دەبینن؟ ئەو ئابورییە سەر بەچی قوتابخانەیەکی بەرهەمهێنانە؟**

هارڤەی: لە دیدی منەوە سەرمایەداری بەبەردەوامی لێشاوێک{زێدەبەرهەم}دەخوڵقێنێت، لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە زێدەبەهاوە، و لە کاتی بەرهەمهێنانی ئەم زێدەبەهایەدا پێویستە بەرەو ئاراستەیەک بڕوات. بەو شێوەیە پرسیارەکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە، چۆن لە زێدەبەها ڕزگارمان ببێت؟ چۆن و لەکوێوە فراوان ببین؟ ئەوکات هەلی فراوانبوون پابەندی شوێن یان ناوچەیەکی سنوردار دەبێت. لەبەرئەوە سەرمایەداری بەدوای شوێنێکی دیکەدا دەگەڕێت کە بتوانێت فراوان بێت تێیدا. ئەو کاتەی سەرمایەی بەریتانی لە سەدەی نۆزدەدا فەرمانڕەوایی بەسەر سەرمایەوە دەکرد ئەوکات سەرمایە لە بەریتانیاوە بۆ ئەمریکای لاتینی و ئەرجەنتین و ئەمریکای باکور و ئوسترالیا و باشوری ئەفریقا هەناردەدەکرا. بەریتانیا خاوەنی ژمارەیەک لەوە بوو کە پێیدەوترا "چارەسەری شوێنگەیی". سەرمایەیەکی زۆرمان هەیە کە ناتوانین لە وڵاتەکەماندا پێی ڕابگەین، کەواتە چی بکەین؟ ڕووەو دەرەوە دەڕۆین. لەڕاستیدا زۆربەی کات ئەوە

دەبەسترایەوە بە داگیرکاریی ئیستیعماری و هەژموونی ئیمپریالیزمەوە. بەڵام ئەوەی جێی گرنگیپێدانە ئەوەیە ئەو وڵاتانەی کە خرانەژێر توندترینی هەڵسوکەوتە ئیستیعمارییەکانەوە سودێکیان بۆ بەریتانیا نەبوو؛ لەبەر ئەوەی داواکارییەکیان بۆ بەریتانیا درووستنەدەکرد، و لێرەدا شتێکی نامۆ هەیە. شتەکە لە بەریتانیا گەیشتە ئەوەی گەشەی هیندی جڵەوکردووە کە هێزێکی سەرمایەداری لەسەدەی نۆزدەدا، بەوەش بازاڕێکی شیمانەیی لەناوبرد. بەوەی کە هەمیشە ویلایەتە یەکگرتووەکان گەورەترین بازاڕێکی بوو، بەڵام بەدوور لە هەژموونی بەریتانیا فراوان بوو. ئەوەش گیروگرفتێک درووستدەکات: ئایا شوێنێک داگیربکەین و بەکاری بێنین، یان دەستبەرداری ببین و لێگەڕێین سەرمایە تێیدا گەشەبکات بۆ ئەوەی ئەو گەشەسەندنە ببێتە خواستێک بۆ بەرهەمەکانمان؟ ئەمە ئەو شتەیە کە بە چارەسەری شوێنگەیی ناسراوە بۆ کێشەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە.

لەسەدەی نۆزدەدا شوێنگەلێک هەبوون کە دەتوانرا بۆی بگوازرێتەوە. لە حەفتاکاندا شوێنەکان بەرتەسک بوونەوە، بەڵام خۆشبەختانە بازاڕی چین کرانەوەی بەخۆیەوە بینی، و دەتوانرا بەشێک لە سەرمایە بۆ چین بگوازرێتەوە. دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتیش گواستنەوەی بەشێکی زۆر لە سەرمایە بۆ ئەوێ بوو بە شتێکی مومکین. بەڵام دواتر ڕێڕەوێکی وروژێنەری ڕوداوەکانمان بینی. تەنها بەوەندەی دەوڵەت گۆڕا بۆ سەنتەرێک بۆ گواستنەوەی زێدەی کەڵەکەبووی سەرمایە کە چیتر توانای ئەوەی نەبوو لە ناوخۆدا وەگەڕبخرێت، بە ڕۆڵی خۆی هەڵدەستێت بە هەناردەکردنی سەرمایە—و دەتوانرێت وەدووی مێژووەکانی ڕوودانی ئەوانە بکەوین، بەدیاریکراوی ئێستا لە بیرم نین. لە کۆتایی حەفتاکاندا کۆریای باشور بەشێوەیەکی شێتانە دەستیکرد بە هەناردەکردنی سەرمایە. وەک چۆن تایوانیش بەشێوەیەکی شێتانە لە نیوەی هەشتاکاندا دەستیکردە هەناردەکردنی سەرمایە، لەبەرئەوەی ئەو دووبارە لێشاوی سەرمایەی بەرهەمدەهێنایەوە و نەیدەتوانی لەناوخۆدا بیگرێتەخۆ. وەک بەرەنجامێکی ئەوەش لەناوخۆدا هەندێک بەڵێندەر هەبوون لەناو کۆریا و تایواندا دەچوون بۆ چین، و ئەمریکای ناوەڕاست، و باشوری ئەفریقا، و لەوێ دڕندانەترین سیاسەتەکانی کاری زۆرەملێیان پەیڕەودەکرد.

زۆرینەی ئەوەی بەرهەمیاندەهێنا کاڵاگەلێک بوون لەکۆتاییدا دەڕۆیشت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک بەشێک لە سەرڕێژی کاڵا بەرخۆرییە فرەڕەگەزەکان. چۆن ئەوشتە وەرگرین؟ لەدیدی منەوە، کاتێک زیادەی سەرمایە سەرڕێژدەکات لەناوەوە بەرەو دەرەوە،

ئەوە مانای بوونی ئیمپریالیزمێکی ناواخنییانەیە. چین ئێستا سەرڕێژێکی لە سەرمایە هەیە کە بۆ ئیکوادۆر و سەرتاسەری ئەمریکای لاتین دەڕوات؛ و ژمارەیەک وەبەرهێنانی چینی لە ئەمریکای لاتیندا هەن. وەکچۆن بەشێکی گەورە لە سەرمایەی چینی ئاراستەی ئەفریقا دەکرێت. ئایا ئەوە بە مانای پەیوەندیی ئیمپریالیزم دێت؟ لەڕووی ئابورییەوە پێدەچێت ئەوە ڕاست بێت، بەڵام نەک لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە. لەبەرئەوە بارودۆخەکە لەبەردەمماندا ئاڵۆزە. لەڕاستیدا زنجیرەگەلێکی فراوان کتێب لەبەردەستدایە لەژێر ناونیشانی "وەرچەرخانی جیهانی"دا کە هینی نوسەر پیتەر دینکن-ە، وادەزانم بەشی یەکەم نزیکەی هی ساڵی١٩٩٢-ە، بەداوی ئەوەشدا بەشە سەرکەوتووەکانی دیکەی هاتن دواترینیان بەشی شەشەمیەتی کە ساڵی پار دەرچوو. ئەگەر بەسەر هەر شەش بەرگەکەیدا بگەڕێیت و لە خۆت بپرسیت: ئەمڕۆ سەرمایەداری لەکوێیە؟ ئەوە دەبینیتەوە کە وەرچەرخانێکی تەواوەتی لە دابەشکردنی سەرمایەدا هەیە. لێرەدا بەدڵنیاییەوە بزووتنەوەیەک هەیە. ئەمڕۆ بەرهەمهێنان لەڤێتنام و بەنگلادشدا دەبینین، تەنانەت سەرمایەی چینی دەڕژێتە تایوان و ڤێتنامەوە، لەبەرئەوەی دەستی کار لەوێ بەراورد بە چین هەرزانترە. بەو جۆرە ئەو هەڵقوولانانە دەبینین. بەو خەسڵەتەی من زانایەکی جوگرافییم هیوای ئەوەم دەخواست بەدوای ڕەوتی ئەو هەڵقوولانانەدا بڕۆم. کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدڵنیاییەوە قازانجەکانی پترۆڵە. دەتوانرێت چی بەو هەموو قازانجە زۆرەی پترۆڵ بکرێت؟ ئایا دەتوانرێت بەرەو گەشەپێدانی نەریتیانە ئاراستەبکرێت؟ بە هۆکارێک وەڵامەکە بە نەرێ دێتەوە. کەواتە چی دەکەن؟ شارە زۆرکەشخە-شاهانەکانی وەک دوبەی و ئەوانیتر بنیاتدەنێن. ئەوەی دەیبینین لەخۆگرتنی زێدەی سەرمایەیە لەڕێگەی بنیاتنانی قەبەوە. لەهەمانکاتدا دوبەی لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە سەنتەرێکی دارایی، وەک شەنگەهای و ئەستەنبوڵ؛ و هەموان دەیانەوێت بۆ شارێکی جیهانی وەرچەرخێن، بۆ وەدیهێنانی ئەوەش پێویستە هەموو کۆمپانیا داراییە گەورەکان لەخۆبگرن، و لە ناوەڕاستی بیاباندا ئوتێلگەلێک بنیاتبنرێت کە زنجیرەی خلیسکێنەی سەربەفری تێدایە. ئایا ئەوە ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ بەکاربردنی بەرهەمەکان لە بەشێکی بچوکی جیهاندا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی تووشی داڕمانی گوزەرانی ژیان هاتوون؟! ئەوە شتێکی گاڵتەجاڕانەیە، بەڵام هەر بەردەوامە. پیاوێک هەبوو وێنەگەلێکی کۆمەڵگا قەبەکانی هیندی نیشاندەدام کە هەر ماڵێک تێیدا شوقەیەکی دابڕاو بوون، و هەموو شوقەیەکیش لەبری باڵکۆنێکی ئاسایی حەوزێکی مەلەکردنی تێدا بوو. لە بەرزیی چل نهۆمەوە

شوقەگەلێک دەبینران کە حەوزی مەلەکردنیان تێدابوو، ئەویش لە بەشێکی جیهاندا کە کێشەی کەمئاویی هەیە! لە ولاتێکدا کە تێکڕای خەڵک بەتوندی پێویستیان بە گەشەپێدانی ئابوری هەیە، ئەو زێدەیە بۆ شتگەلێکی ئاواهی ئاراستەدەکەن.

لەبەرئەوە وایدەبینم کە چۆنیەتی بەکارهێنانی زێدە لە سەرتاسەری جیهاندا شتێکە جێی گرنگییە. بەشێوەیەکی جوگرافیانە شوێنی ئیشەکە نەکەوتووم بەڵام لە کاتی گەشتەکانمدا تێبینیی ئەوە دەکەم، بۆنمونە لە ساوپاولۆ، و لە سانتیاگۆ لە شیلی شوێنگەلێک هەن بە "مانهاتنی بچوک" بەناوبانگن، لەبەر ئەوەی چاپێکی مانهاتنن بە کۆشکە قەبەکانیەوە، و لەنزیکیانەوە گەڕەکە هەژارنشینەکان دەبینیتەوە. ئەوە تێڕوانینی جوگرافییانەی منە بۆ شتەکە. گرنگیشە شوێن هەڵقوولانە شوێنگەییەکان بکەوین لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ ئەوەی شتەکەمان لەلا ڕوون ببێتەوە. هیوای ئەوەم دەخواست تیمێکی تەواوەتیم هەبووایە بۆ شوێنکەوتنی ئەو شتانە. بەڵام هەندێک لە دامەزراوە لێکۆڵینەوەییەکان لە بانکە گەورەکاندا بەبەردەوامی بە شوێنکەوتنی ئەوانە هەڵدەسێت. ئەوانە بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێن کە پارەکانیانی تێدا ڕۆبکەن، جا چ لە ولاتانی کەنداو یان ئەمریکای لاتین یاخود کازاخستان بێت. بەدوای شوێنێکی لەباردا دەگەڕێن بۆ لەخۆگرتنی زێدەی سەرمایە. ئەو خەملاندنانە شارەزاییان لە جوگرافیادا لە کەرتەکانی بانکەکان پێیهەڵدەستن.

**پ: لە دۆخی ولاتانی کەنداو(خلیج)دا ڕەگەزێکی گرنگ هەیە ئەویش ڕەگەزی هەرێمییە. خەلیج وەک هێزێکی سەرمایەداری بەشێوەیەکی گەورە لە بەشەکانی بانکەکان و زەویوزاردا وەبەرهێنان دەکات، وەک چۆن ئێستا خۆی فڕێداوەتە بەشی کنەکردنەوە .**

هارڤەی: بەڵێ. ڕاستە.

**پ: ئایا وایدەبینن کە ئەزموونەکانی ئەمەریکای لاتین تەنگژەی سۆسیالیزمی جیهانیی چارەسەرکردووە بەخستنەڕووی ئاڵۆزیی دیموکراسیی میللی لەبەرانبەر مارکسیزمی کلاسیکدا، کە بواری نوێکردنەوەی سۆسیالیستیانەی لەبەردەمدا داخراوە؟ و هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەزموونی یۆنان چیە؟**

هارڤەی: دەبێت وریابم لەوەی لەوبارەیەوە دەیڵێم. دەتوانین بڵێین لەڕاستیدا بزووتنەوەگەلێکی شۆڕشگێڕانە هەبوون لە ئەمریکای لاتین لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا و بۆ ماوەی(١٠-١٥)ساڵ بەردەوام بوون. ئەو بزووتنەوانە بەرەنگاری هێزی

دەستەبژێری نەریتی بوونەوە، و مۆرکێکی دیموکراسیانەی دا بە حکومەتەکان، و بەشێوەیەکی گەورە کاریگەربوو بە بزووتنەوەکانی خەڵکە بنەڕەتییەکە و ئەو جووتیارانەی کە زۆربەی کات پشتگوێدەخران، وەک بزووتنەوەی (میستیزۆ) و هاوشێوەکانی. گومانی تێدا نیە بزووتنەوەگەلێکی گەورەی دیکە هەبوون، وەک ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییانەی کە ژمارەیەک لە حکومەتەکانی ڕووخاند لە پۆلیڤیا و ئیکوادۆر، و چاڤێزیش لە ڤەنزوێلا دەسەلاتی گرتەدەست. ئەو چاپە دیموکراسییەی کە بەدوایدا هات لەڕێگەی حیزبی کرێکاران لە بەرازیل، و بە جۆرێک کیرشنەر لە ئەرجەنتین-بەڵام ئەم حاڵەتە پەککەوتە بوو بەراورد بە مێژووە هەڵاوێردەکەی بیرنییەکان. ئامانجی سەرەکی لێی وەرچەرخانی کردەی گەیشتن بە دەسەلات بوو، بە ڕێڕەوێکی دیموکراسی، هەروەک ئامانجی دووەمی بەرپەرچدانەوەی نیولیبراڵەکان بوو. هەروەها بزووتنەوەگەلی دژبەری نیولیبراڵیزم و دەستەبژێرەکان هەبوون، کە لەئەنجامیدا هەڵبژاردنی سەرۆکە میللیەکانی لە نمونەی چاڤێزی لێ بەرهەمهات، ئەوەش حاڵەتێکی تاقانە بوو چونکە یەکەم سەرۆک بوو لە ئەمەریکای لاتیندا کە ڕەچەڵەکێکی عیرقی و ئەتنیی هەبوو، سەر بە نوخبە نەبوو، بەدوای ئەویشدا مۆراڵیس دێت کە سەر بە کۆمەڵەی ئایمار-ی گەلە ڕەسەنەکەیە. لەڕاستیدا وەرچەخانێکی مەزن ڕوویدا، دەستەبژێر بینەری وەرچەرخانێکی دیموکراسی بوون-کە دەستەکانی دیکەی لەخۆگرت، و وامان لێهاتووە ئێستا لە ئیکوادۆر لێپرسراوگەلێکی حکومی دەبینین کە جلی نەریتی لەبەردەکەن. بەر لە دە ساڵ ئەوە شتێکی مومکین نەبوو. ئەگەر ئەوکاتە کەسێکی ئاوەهات لە پەرلەماندا بدیایە ئەگەری هەبوو بۆ ئاسایش بانگبکرایە بۆئەوەی تەقەی لێبکەن. ئا بەو جۆرە بوو خوێندەواران لە هەیکەلبەندییەکانی حکومەتدا وەرگیران، و لەگەڵ ئەم لەخۆگرتنەدا چالاکیی بزووتنەوەی خەڵکە ڕەسەنەکە هەندێک کات سست بووەوە، و لە هەندێک کاتی دیکەدا بزووتنەوەی خەڵکە ڕەسەنەکە دابەشبوون بۆ کۆمەڵەگەلێک کەهەندێکیان لەگەڵ حکومەتدا کاریاندەکرد و هەندێکیشیان ڕەتیاندەکردەوە.بەڵام واهەستدەکەم ئەو وزەیەی کە لەم بزووتنەوە نەژادییە بنەڕەتییانەوە هاتن بەشێوەیەکی گەورە کزبووە، شتێک نەماوەتەوە لە هەستی شۆڕشگێڕی وەک ئەوەی پێشتر هەبوو. ئایا لێرەدا نمونەیەکی گەشەپێدانی ئابورییانەی شوێنگرەوە هەیە؟وادەزانم وەڵامەکە نەخێرە. هەموو ئەو وڵاتانە لەسەر دەرهێنانی سەروەت و کانزاکان و نەوت لەژێر زەوییەکەیانەوە بۆ هەناردەکردن ڕاوەستاون، و لە دۆخی بەرازیلدا شتەکە بەتەنها لەسەرکانزاکان ڕانەوەستاوە بەڵکو

بۆ کشتوکاڵیش درێژبوەتەوە-زۆرینەیەکی ئەمریکای لاتین بۆ کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی پاقلەی سۆیا وەرچەرخاوە کە خزمەتی بازرگانیی چینی دەکات.

لە یەکێک لە گەشتە زۆرەکانمدا بۆ ئیکوادۆر لە پانزە ساڵی ڕابردوودا تێبینیی بەرهەمێکی نامۆم کرد کە پێشتر نەمدیبوو. کاتێک پرسیارم لەبارەیەوە کرد وتیان ئەوە پاقلەی سۆیایە، کشتوکاڵکردن بەشێوەیەکی پەرگیرانەبۆ پاقلەی سۆیا وەرچەخاوە. گومانی تیا نیە پێشتر نرخی پاقلەی سۆیا باش بوو، و بەهۆی ئەوەوە ئەرجەنتین گەشەیکرد، بەڵام کاتێک لەم دواییانەدا نرخەکەی دابەزی، ئابوریی ئەرجەنتین کاریگەر بوو پێی. لەبەر ئەوە پەیوەندییەک دەبینم لەنێوان ئابوریی جیهانی لەلایەکەوە، و لەخۆگرتنی ڕەگەزە شۆڕشگێڕەکان لەناو حکومەتدا لەلایەکی دیکەوە. سەرباری نەتوانینی دەستبەرداربوون لە تواناداریيەکانی چینی سەرمایەداری و وەبەرهێنانەکانیان-تەنانەت چاڤێز نەیتوانی هێرش بکاتەسەر دەسەڵاتی چینی سەرمایەدار، وێڕای کاریگەربوونی دەسەڵاتی چینی سەرمایەدار لە ئیکوادۆر بە چاکسازیی باجەکان و دابەشکردنەوەی سەروەت...و هتد. بەڵام تائێستاش زاڵە بەسەر ئابوریيدا. لەمەشەوە نمونەیەکی ئابوری گەشەپێدەرمان دەبێت، ڕێگە خێراکان لە هەموو شوێنێکەوە و ماشێنی زۆر و کۆمەڵگە بازرگانییەکان و فێرگە نوێیەکان دەبینین، کە لە هیچ جێگەیەکی دیکە جیاواز نیە، ئەوەش پرۆژەیەکی نوێگەرانەی نمونەییە لەگەڵ هەندێک لە ڕەگەزەکانی دابەشکردنەوەدا. گومانی تێدانیە وڵاتگەلێکی لەنمونەی ئیکوادۆر و ڤەنزوێلا و ئەرجەنتین، و بەرازیلیش بەپلەیەک، بینەری شەپۆلێکی "سۆسیالیستیانە بوون لە دووبارەدابەشکردنەوەی ساماندا، بەڵام دەستبەرداری نمونە تەقلیدییەکەی نەبوون کە لە کۆمەڵگە بازرگانی و بازاڕەسەنتەریەکان و ماشێن و ڕێگە خێراکاندا دەیانبینینەوە. ئەوە بێگومان شتێکی ئیلهامبەخشە بژارەگەلی شیاو لە ئاراستەکانی دیکەدا ببینین لە سایەی ئەم سیستەمە جیهانییەی ئێستادا، کە لەوە دەچێت بەشێکی گەورەی گەل سودی لیێ ببینێت. بەڵام ئایا ئەوە نمونەیەکی سۆسیالیستی یان دژەسەرمایەدارییە؟بەوپەڕی دڵنیاییەوە دژی سەرمایەداری نیە.

**پ: لەسەر باسکردنی بژاردە، ئەڵتەرناتیڤ و بەدیلەکان دەمەوێت باسکردنەکە بۆ یۆنان بگوازمەوە: بەشێوەیەکی گشتی ڕات چییە دەربارەی سەرکەوتنی (سیریزا) بەدرێژایی ساڵانێکی کەمی ڕابردوو، و ئەنجامی گفتوگۆکان لەگەڵ ترۆیکا؟**

هارڤەی: بەنزیکەیی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ەوە، پێشتر لە دیمانەیەکمدا لە ڕادیۆ ئەوەم وتبوو، وامدەبینی حکومەتی یۆنانی لەبەردەم دووبژاردەدایە،یان پابەندنەبوونی

بە{بژاردن}ی قەرزەکانیەوە بۆ بانکەکان یاخود پابەندنەبوون بە ئەرکەکانیەوە لەبەرامبەر گەلدا. من وام بەلاوە پەسەند بوو کە پابەندی قەرزی بانکەکان نەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە بە مانای دەرچوونیشی بووایە لە یەکێتیی ئەورووپا. وایدەبینم ئەوە شتێکی حەتمی بوو لەو کاتەدا، چونکە ئەوەی ڕووندەکردەوە کە بەشێکی گەورەی کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕیی لە ڕەفتاری قەرزی بانکەکان، بانکە قەرزپێدەرەکانیش بەدڵنیاییەوە ئەڵمانی و فەڕەنسی بوون. ئەوکات حکومەتی ئەڵمانی ناچاردەبوو بانکەکانی ڕزگاربکات، بەهۆی خراپ هەڵسوکەوتکردنی ئەوەی کە پەیوەستە بە یۆنانەوە، شتەکە هەڵسوکەوتە گەندەڵکارییەکان کەموکوڕیی بۆ درووستدەکەن، ئەوکات بانکەکان قەرزیان بەیۆنان دەدا بۆئەوەی بەرهە مەئەڵمانییەکان بکڕێت، ئەوکات بازاڕی ماشێنی b.m.w لە یۆنان قەبە بوو لەبەرئەوەی ئەوکات بانکەکان پارەیەکی زۆریان بە قەرز بە یۆنان دەدا بۆ ئەوەی ماشێنی b.m.wی پێ بکڕێت. ئەو کاتەی یۆنانیەکان بێتوانا بوون لە دانەوەی قەرزەکان، دەبوایە لێپرسینەوە لە بانکەکان بکرایە. بەڵام ئەوە ڕوووینەدا. ئەوکات هەندێک دەیانوت دۆخەکە کارەساتاوی دەبێت ئەگەر سەرپێچی لە دانەوەی بکەن، بەڵام من وتم شتەکە وەک خڕێیەکی خراپ بووایە، یان ئەوەیە هەڵیکێشیت و تووشی ئازارێکی کاتی ببیت، یان وازی لێبێنیت و تەواوی ژیانت پێوەی بناڵێنیت. بەڵام لەڕاستیدا ئەوان لەساڵی ٢٠١١دا گرفتاریی هەمیشەییان هەڵبژارد، ئەو دۆخەی کە ئێستا تێیدان. ئەگەر ئەوان هەڵیانکێشایە ئەوا تەنیا ساڵێک یان دووان بارودۆخەکە خراپ دەبوو، بەڵام دواتر باش دەبووەوە، ئەوەڕای منە.

ئەوکات حکومەتی یۆنانی نەیتوانی ئەوەبکات، لەبەرئەوەی لەگەڵ بژاردەی ئەورووپییدا هاوڕابوون، و بەشێک بوو لەو. دواتر سازانی سیریزا هات دوای ئەوەی یۆنانییەکان زانییان کە بۆهەتاهەتایە گرفتاربوون و توانای بەرگەگرتنی دۆخەکەیان نەماوە، و شتێکی جیاوازیان دەویست. وادەزانم دەبوو سیریزا هەر لەسەرەتاوە خۆی ئامادەبکردایە بۆ چوونەدەرەوە لە یەکێتیی ئەورووپا. بیانوویان بۆ نەکردنی ئەوە بوو کە لەوە دەچێت هەڵوێستیان لە گفتوگۆکاندا لاوازبکات. بەڵام وایدەبینم ئەوە دەیتوانی هەڵوێستیان لە گفتوگۆکاندا بەهێزبکات؛ لەبەرئەوەی ئەگەر مەترسیەکان لە ئەورووپادا لە هەڵوەشانەوەی یەکێتیی ئەورووپا ڕاست بێت، ئەوکات ئامادەیی یۆنان بۆ چوونەدەرەوە لە یەکێتیی ئەورووپا دەیتوانی وابکات ئەورووپییەکان زیاتر بەئاگابن لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ یۆنانییەکاندا. بەڵام لەبەرئەوەی یۆنان  شتێکی باس نەکرد

دەربارەی چوونەدەرەوە لە یەکێتیی ئەوروپا، ئەوروپییەکان وایاننەدەزانی کە ئەوە بە خۆبەخشانە دەکات. دەبوو هەر بە گرتنەدەستی دەسەلات ئەوەیان بکردایە. دەبوو پلانێکی ڕوونیان ڕاگەیاندایە بۆ چوونەدەرەوە لە یەکێتیی ئەوروپا ئەگەرناچار بەوە بووایەن. هەندێک ڕای نەیار وایدادەنا کە پارەکان لە ولات دەچنەدەرەوە ئەگەر ئەوە ڕوویدات. بەلام ڕوونکردنەوەکانی ئێستا ئەوە دەردەخەن پارەکان بەهەرحاڵ لە ولات چوونەتەدەرەوە. لە مانگی یەنایەردا سەرکەوتن، و لەگەڵ نزیکبوونەوەی مانگی دیسەمبەردا هەموو وەبەرهێنانە گەورەکان لە ولات چوونەدەرەوە. بەڕای من، هەندێک بیانووی هەڵە هەبوون لەو بارەیەوە.

نازانم بۆچی هەڵبژاردنیان کرد. لێرەدا دوو تیۆر هەیە: یەکەم ئەوەیە کە تسیبراس پێیوابوو ئەنجامەکە بە سازان دەبێت، ئەوکات دەیتوانی دەست لەکاربکێشێتەوە و کاری گفتوگۆکان بۆ ئەوان جێبهێلێت. بەلام دووەم دەلێت، ئەو چاوی بڕیبووە ئەنجامەکە بە ڕەتکردنەوە، و بانگەشەکانیشی پشتیوانیی ئەو ئەنجامەیان دەکرد، وایدادەنا ئەوە هێزێکی زیاتری پێدەبەخشێت، بەلام لە خەملاندنەکانیدا هەڵەیکرد لەبەرئەوەی ئەوە ڕووینەدا-ئەوە ڕووینەدا لەبەر ئەو هۆیەی باسمکرد. ئەوان پلانی چوونەدەرەوەیان لە یەکێیتی ئەوروپا دانەنابوو. هەڵبژاردن دەکرێت و ئەگەری ئەوەی هەیە ئەنجامەکەی بە ڕەتکردنەوە بێتەوە، ئەو ڕەتکردنەوەیەش لەکۆتاییدا دەبێتەهۆی دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا. بەلام پلانی چوونەدەرەوە لە یەکێتیی ئەوروپا ڕاناگەیەنیت لە بانگەشەکەدا. ئەوە بەڕێوەبردنێکی سیاسییانەی خراپ بوو لەلایەن ئەوانەوە.

**پ: ئێمە لە سەرەتای گفتوگۆکانەوە ئەوەمان زانی کە بەشێک لە حکومەتی ئەڵمانیا(....) دەیویست یۆنان لەیەکێتیی ئەوروپا دەربکرێت. ئەگەر ئەوان ئەوەیان هەڵبژاردایە لە یەکێتیی ئەوروپا وەک بژاردەیەکی واقیعی دەرچوونایە، تا چ ڕادەیەک ئەوە دەیتوانی بەهێزیانبکات؟**

**پرسیاری دووەم: ئایا لەڕاستیدا ئەوە شیاو بوو ێڕای ئەوەی ئەوان هەڵبژاردنیان لەپێناو دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا نەکردبوو؟ گەل لەسەربنەمای ئەوەی ئەو حیزبەیە دژایەتیی سکهەڵگوشین(تەقەشوف) دەکات لەگەڵ هێشتنەوەی یۆنان لە یەکێتیی ئەوروپادا هەڵبیژاردبوون؟**

هارڤەی: ڕاستە، دەتوانرا دوای سەرکەوتنیان لە یەنایەردا پێویستیی ئامادەکاری بۆ دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا بخەنەڕوو، دواتر هەستن بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە یۆنان بەوەی کە لەسەری ڕێکدەخرێت. خەڵک لە چوونەدەرەوە لە یەکێتیی ئەوروپا دەترسان. بەڵام لەڕێی گفتوگۆکردنی شتەکەوە دەکرا باوەڕ بە زۆرێکی خەڵکی بهێنرێت. تەنانەت فارۆفاکیس بەم دواییانە هەمان شتی وت. ئەو ئەوەی نەخستبووە بیری خۆیەوە. دوای تێپەڕینی دوو ساڵی سەخت دەتوانرا یۆنان ڕێگەی خۆی بەرەو گەشەکردنێکی خیرابگرێتەبەر. ئەوکات بەهای دراخما(دراوی یۆنانی) دادەبەزی، گەشتوگوزار بەشێوەیەکی گەورە دەبوژایەوە، و پیشەسازیی یۆنانی دەگەڕایەوە کە کێبڕکێی ئەڵمانی خاپوری کردبوو بەهۆی ئەو بازاڕە ناوخۆییەوە، و کشتوکاڵیش لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەکانی بەردەستدا خۆی ڕادەهێنا. تەنانەت دەتوانرا کێشەی شیمانەیی وزەش لەڕێگەی ڕێککەوتنەکانی هاوکارییەوە بەسەریدا سەربکەوێت.

**پ: چی دەربارەی مەترسیی ئەوەی کە بە"لۆبیی دراخما" ناسراوە دەڵێیت. ئەو دەوڵەمەندانەی کە لە دەرەوەی یۆنان هەن، ئەوانەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی دراخما دەکەن بۆئەوەی بگەڕێنەوە و هەموو شتێک بکڕن؟.**

هارڤەی: پێدەچێت بە کردەکییانە ئەوە بکەن، بەڵام ئەوکات هەڵقوولانێکی دراویی بێشومار دەبێت. پێشترئەوە لە ئەرجەنتین ڕوویدا، دوای دابەزینی بەهای دراو لە ئەرجەنتین. ئەوکات هەموو خاوەنپارەکان ڕۆیشتن بۆ میامی، دوای هەڵوەشانەوەی پەیوەستی بە دۆلارەوە لەناکاو دۆلاربەرامبەر بوو بە سێ پیزۆ. هەموان لە میامییەوە بە پارەکانیانەوە گەڕانەوە و سەروەتەکەیان سێ هێندە زیادیکرد. ئەمە ئەو شتە بوو کە لە ئەرجەنتین ڕوویدا. بەڵام لانیکەم پارەکە بۆ وڵات گەڕایەوە، وایلێهات خەڵکان بنەماکان بکڕن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە بازاڕ باشتر دەبوژێتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەم شتە لێرەدا هەندێک ڕەهەندی هەیە،بەڵام دەتوانرا بەرپەرچی ئەوەبدرێتەوە لەڕێگەی چاکسازییەکانی باج–ەوە بۆنموونە،بەڵام شتەکە حەتمییە. ئەوەبەهاکەیە. هەرچەندە بەهای دراخما دابەزی ئەوەندە قەبارەی پارەگەڕاوەکان زیادیکرد؛ و بەوەی یۆنان لە پێویستییەکی تەواودایە بۆ وەبەرهێنانی نوێ، هەموو ئەو پارە هەڵقوولاوانە دەیانتوانی هاوکاربن لە گەڕانەوەی توانایدا. ئەوکات لەوە دەچوو هەندێک جیاوازیی چینایەتی لەو ڕێگەیەوە درووست ببووایە....

**پ: بەڵام پێویستە توندوتۆڵیی چاودێری دابنێیت.**

هارڤەی: لەسەرتە هەوڵی چاودێریکردنی ئەوە بدەیت، بەڵام لەسایەی گەندەڵیی ئامادەدا....بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنی هەیە، وەک وتم، من چارەسەرەکە لە چوونەدەرەوەدا دەبینم. ئەوکات حکومەتی ئەڵمانیا ناچاردەبوو بانکەکانی خۆی ڕزگاربکات، و ئەوەش دەسکەوتێکی سیاسییە. لەبەرئەوە لەبری سەرکۆنەکردنی تەمەڵیی یۆنانیەکان و هەموو ئەو تۆمەتە ڕەگەزپەرستانەیەی کە خستیانەڕوو، بەبێ کەمترین ئاماژە بە لێپرسراوێتیی بانکەکانیان، ئەوا ناچاردەبوون لەسەر لێپرسینەوە لەو بانکانەی کە هەموو ئەو پارەیەی دا بە یۆنان و لەبری ئەوەی گەلی ئەڵمانی گفتوگۆی ڕزگارکردنی یۆنانیەکان بکەن ئەوا گفتوگۆی کردەی ڕزگارکردنی بانکەکان و بەندکردنی ئەوانەیان دەکرد کاری تێدا دەکەن. ئەوکات سیاسەتەکان بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕان. بەڵام لە ماوەی ساڵانێکی کەمدا هەموو قەرزەکانی بانکە تایبەتیەکانیان تێکەڵکرد، بەجۆرێک قەرزەکە بووە موڵکی سندووقی ئەوروپی، یاخود سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، و چیتر بانک خاوەنی قەرز نەبوو. ئەوەش بە مانای ئەوە بوو ئەوان بەڕاستی بانکەکانیان ڕزگارکرد، و ئازاد بوو بەبێ ئەوەی باجەکەی بدات. ململانێکە بووە ململانێی نێوان یۆنان و ئەو دامەزراوە قەبانە، و شەڕکردن لەگەڵیدا قورستربوو لە سەرپێچیکردن لە بژاردنەوە بۆ بانکەکان. نەبژاردنەوە بۆ بانکەکان ڕۆشنایی دەخاتە سەر بانکەکان. بەڵام ئەوەیان نەکرد. کەس ئامۆژگارییەکەی وەرنەگرتم، کاتی خۆی وتم قەرزی بانکەکان مەدەنەوە ئەوکات سەرزەنشتکردن بەرەو ڕوویان دەکرایەوە لەسەر هەڵسوکەوتە سیاسییە بانکییە گەمژانەکانی. وەک ئەوەی دوای ڕزگارکردنی بانکەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکان سەرزەنشتیان نەکردن لەسەر تێپەڕینی ماوەی ڕەهنەکان. ئەگەر خاوەنماڵەکانمان ڕزگارکرد، چیتر شتێک بەناوی قەیرانی داراییەوە نامێنێت، بانکەکان ڕزگارمەکەن! بەڵام لەسایەی جیاکاریی چینایەتیدا بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕوونادات.

<u>پاشکۆی نامیلکە:</u>

# ڕۆحی تازەی سەرمایەداری[٢٨]

سلاڤۆی ژیژەک
وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو

تاکە شتێکی سوپرایز لە داڕمانە ئابورییەکەیساڵی ٢٠٠٨ـدا ئاسان قبوڵکردنی ئەو بیرۆکەیە بوو کە دەڵێت ئەوەی ڕوویدا سوپرایزێکی پێشبینینەکراوبوو، کە بە جارێک بازاڕەکانی تەنییەوە. ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانەی وەبیرهێنایینەوە کە لە یەکەمین دەیەی هەزارەی نوێدا هاوکاتبوون لەگەڵ دانیشتنەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی: ئەمجارەیان ناڕەزایەتیەکانی خەڵک تەنها لە مانشێتە باوە دژە جیهانگیرییەکاندا کورت نەبووبووەوە (ئیستغلالکردن و قۆستنەوەی ڕوولەزیادی وڵاتانی جهیانی سێهەم)، بەڵکو دژ بە بانکەکانیش هاتنە دەنگ کە وەهمی

[٢٨]. بەشێك لە كتێبێكی ژیژەك كە بەم زووانە چاپ و بڵاودەبێتەوە-و

گەشەسەندنیان لەنێو خەڵکدا دروستکردبوو، وەهمی گەشەسەندن لە ڕێی گەمەکردن بە دراوی وەهمییەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕێگا بۆ داڕمان خۆشدەکات.

لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ٢٠٠٩ـدا، لە ژووری هۆتێلێکدا دانیشتبووم لە سیراکۆز، تەماشای دوو بەرنامەی تەلەفزیۆنییم دەکرد: یەکیان دیکۆمێنتارییەک بوو دەربارەی "پیتی سیگەر" کە گۆرانیبێژێکی ئەمریکیی فۆلکلۆریی گەورەیە لە the left. بەرنامەکەی دیکەشیان ڕاپۆرتێکی فۆکس نیوز بوو لەسەر "حیزبی چای" کە لە ئۆستن تیکساس دژ بە باج خەبات دەکات، هەر هەمان ڕاپۆرت لەسەر گۆرانیبێژێکی کانتریش ڕاوەستا کە دژ بە ئۆباما گۆرانیی دەوت و لە گۆرانیەکەیدا گلەیی لە سەپاندنی باج دەکرد لە واشنتۆن بەسەر چینی زەحمەتکێش و خەڵکی ئاساییدا لەپێناو پارەدارکردنی ئەو دەوڵەمەندانەی پارە دەخەنە وۆڵ ستریتەوە. سێرکتی کارەبایی نێوان دوو بەرنامەکە کاریگەرییەکی کارەبایی لەسەر جێهێشتم، ئەویش بە دوو خەسڵەت، یەکەم: لێکچوونێکی سەیر لەنێوان هەردوو میوزسیانەکەدا هەبوو، هەردووکیان بەشێوەیەکی پۆپۆلیستانە ڕەخنەی دامەزراوە دەوڵەمەند و قۆرخکار و دەوڵەتەکەیانیان دەکرد و داوای لێپێچینەوەی ڕادیکاڵانەیان دەکرد، لاساریی مەدەنیانە کە بەشێوەیەکی سەیر بۆتە مافێکی ڕادیکاڵی ئەم ڕۆژگارە، چەپی پۆپۆلیستی ڕادیکاڵمان بیردەخاتەوە. دووەم: مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێت ناعەقڵانیەتی سەرەکیی ناڕەزایانی "حیزبی چای" بەدی بکات، ئۆباما بەوپەڕی چالاکییەوە پلان بۆئەوە دادەنێت باجی کەم بەسەر زیاتر لە ٩٥% خەڵکی ئاسایی و زەحمەتکێشدا بسەپێنێت، هەموو ئەمانەش بۆ ئیستغلالکردنی دەوڵەمەندەکانە؛ ئیتر چۆن دەبێ خەڵک دژ بە بەرژەوەندیی خۆیان بووەستنەوە؟

تۆماس فرانک ئاپتلی، قسە لەسەر پارادۆکسی کۆنزەرڤاتیزمی پۆپۆلیستیی هاوچەرخ دەکات لە ئەمریکا و دەڵێت چینی ئابوریی ئۆپۆزسیۆن گۆڕاوە، جاران جووتیارە هەژار و کرێکارە یەخە شینەکان بوون بەرانبەر بە پارێزەرو بانکەوان و کۆمپانیا گەورەکان، ئێستا ئەمریکییە زەحمەتکێش و مەسیحیە بەشەرەفەکانن لەبەرانبەر لیبراڵە هیچوپووچەکان کە قاوە بەشیر دەخۆنەوە و ئۆتۆمبێلی بیانی لێدەخوڕن، پشتگیریی لەباربردنی کۆرپەلە و هاوڕەگەزبازی دەکەن، نیشتمانپەروەرییەکی درۆزنانەیان هەیە و شێوەژیانێکی سادەو "لادێیانە" بەڕێدەکەن...هتد. بۆیە دوژمن دەزانێت تیۆری داروینیزم و ئەزموونی سێکسیی لادەرانە دەخوازێت شێوەژیانی ڕەسەنی ئەمریکی لەناوبەرێت. داواکاریی سەرەکیی کۆنزەرڤاتیڤەکان دانانی ئەڵتەرناتیڤێکە جێی ئەو میکانیزمە

توندوتۆڵانەی دەوڵەت بگرێتەوە کە باج دەخاتەسەر خەڵک لەپێناو ڕێکخستنەوەیان، لە ڕاستیدا پوختەی بەرنامەی ئابوریی ئەوان بەم شێوەیەیە: "باجی کەمتر، ڕێکخستنی کەمتر". گەر لە دیدگای پێوەرێکی ئەقڵانیی بەرژەوەندیی تایبەتەوە لێی بڕوانین، لێکدژیی ئەم هەڵوێستە ئایدۆلۆژییە بەڕوونی دەبینین؛ لایەنگرانی کۆنزەرڤاتیڤ دەنگ بە تێکدانی ئابوری دەدەن. باجی کەمتر و سەربەستکردنی بازرگانی لە کۆتوبەندە حکومییەکان واتە دانی ئازادیی زیاتر بە کۆمپانیا گەورەکان کە هەلی کار لە بەردەم جوتیارە هەژارەکاندا ناهێڵێت، کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت واتە کەمکردنەوەی یارمەتی دەوڵەت بۆ کاسبکار و بەڵێندەرە بچوکەکان.

گەرچی چینی دەسەڵاتدار لەگەڵ ئەجندای مۆراڵی پۆپۆلیستیدا ناکۆکە، بەڵام لەپێناو هێشتنەوەی چینە خوارووەکان لەژێر پشکنیندا ڕێگە بە شەڕی مۆراڵی دەدات، هەر بۆیە ڕێگە بە هەژارەکان دەدات لەمەڕ دۆخی ئابووری ئێستا بەبێ ترس گوزارشت لە توڕەیی خۆیان بکەن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت شەڕی کولتوری شەڕی چینایەتی و نموونەیەکی دیکەیەتی، ئەوانەی لێدەرکە کە پێیانوایە ئێمە لە کۆمەڵگای پاش چینایەتیدا دەژین... بەهەرحاڵ ئەمە تەنها گرێکوێرەکە ئاڵۆزتر دەکات، ئەم ئاڵوگۆڕە چۆن ڕێی تێدەچێت؟ گەمژەیی و فێڵی ئایدۆلۆژی وەڵامی شیاو نین، باش نییە گەر بانگەشەی ئەوە بکەین چینە خوارووە ساویلکەکان بە ئامرازی ئایدۆلۆژی مێشکیان شۆردراوەتەوە بە ڕادەیەک کە ناتوانن بەرژەوەندیە ڕاستەقینەکانیان دیاری بکەن، کەواتە هیچ شتێکی دیکە نییە و دەبێت ئەو حاڵەتە بەبیری خۆماندا بێنینەوە لە کنساس ڕوویدا کە فرانک لە کتێبەکەیدا بە لانکەی موحافزکاران ناوی دەبات. وەک بەڵگەیەک لەسەر هێزی ماتریاڵی پاڵپشتیە ئایدۆلۆژیەکان لە هەڵبژاردنە ئەوروپیەکانی حوزەیرانی ٢٠٠٩ـدا، زۆربەی دەنگدەران دەنگیان بە سیاسەتمەدارە لیبڕاڵە کۆنزەرڤاتیڤە تازەکان دا، کە لە ڕاستیدا هەمان ئەو سیاسەتمەدارانە بوون کە ئەم قەیرانەی ئێستایان دروستکرد. کاتێک بتوانرێت قەناعەت بە مریشکێک بکرێت بەپێی خۆی بڕوات بۆ کوشتارگە، چ پێویست بە داپڵۆسین دەکات؟

ئەوەی لە سیستەمی بانکی یان ئابووریدا بەگشتی، پەیوەندی بە دەستێوەردانی بەهێزی دەوڵەتەوە هەیە، شتێکی نوێ نییە. چونکە ئەم داڕمانەی دوایی خۆی لەخۆیدا دەرئەنجامی ئەم جۆرە دەستێوەردانەیە، لەساڵی ٢٠٠١ـدا کاتێک کە بڵقی دۆتکۆم تەقییەوە (کە کرۆکی کێشەی "خاوەندارێتی فیکریی" نیشاندااین) ئاگاداریکردینەوە کە قەرزو دڵنیایی بکەینە خواستێکی ئاسان لە دووبارە ئاراستەکردنەوەی بوژانەوە بەرەو

نیشتەجێکردن. بۆیە گرفتی خاوەندارێتی کەسی بەهۆکاری داڕمانە داراییەکەی ساڵی ٢٠٠٨ دادەنرێت، وەگەر ئاسۆی بیرکردنەوەمان فراوان بکەین و تەماشایەکی واقیعی جیهان بکەین دەبینین چەندین بڕیاری سیاسی لە هەمان بەرگی پەیوەندی ئابووریی جیهانیدا چنراوە. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا راپۆرتێکی CNN دەربارەی وڵاتی مالی، واقیعی جیهانیی "بازاڕی ئازاد"ــی بۆ شرۆڤە کردین. کۆڵەکەی ئابووری لە مالی لە دوو شت پێکهاتووە کە یەکیان لۆکەیە لە باشور و ئەوی دیکەشیان ئاژەڵدارییە لە باکور، هەردووکیشیان بەهۆی رەفتاری دەسەڵاتەکانی رۆژئاواوە لە کێشەدان کە بەردەوام خەریکی یاساشکێنین و لە هەوڵی سەپاندنی هەژاریدان بەسەر وڵاتانی جیهانی سێهەم. مالی باشترین جۆری لۆکە بەرهەمدێنێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە تەنیا ئەو پاڵپشتیە داراییەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وڵاتەکەی خۆیدا دەیداتە جوتیارە بەرهەمهێنەرەکانی لۆکە زیاترە لە بوودجەی وڵاتی مالی، بۆیە سەیریش نییە کە ناتوانێت رکابەری بکات. لە باکوریش یەکێتی ئەوروپا تاوانبارە، چونکە رەشەوڵاخی مالی ناتوانێت رکابەری رەشەوڵاخ و شیری ئەوروپییە پشتقایمەکان بکات، پاڵپشتی ئەوروپا بۆ هەر مانگایەک نزیکەی ٥٠٠ یۆرۆیە لەساڵێکدا؛ واتە زیاترە لە داهاتی خۆجێی هەر تاکێک لە مالی، وەزیری ئابووریی مالییش لە وتەیەکیدا لەو بارەیەوە دەڵێت: **ئێمە پێویستمان بە هاوکاری و ئامۆژگاری و وانەی ئێوە نییە دەربارەی کاریگەریە بەسوودەکانی نەهێشتنی زیادەڕەوی لە ڕێکخستنی دەوڵەتدا، تکایە ئێوە تەنیا پابەند بن بەو یاسایانەی دەربارەی بازاڕی ئازاد هەتانە، ئیتر کێشەکانی ئێمەش لە ڕیشەوە چارەسەر دەبێت**... لێرەدا دەپرسین: ئەو کۆماریانە لەکوێن کە پاڵپشتی بازاڕی ئازاد دەکەن؟ هەرەسهێنانی وڵاتی مالی ئەو ڕاستیە دەردەخات کە دانانی "وڵات لە پێش هەموو شتێکەوە" بەلای ئەمریکاوە چی دەگەیەنێت.

هەرچی لەپێشەوە باسکرا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ شتێک وەک ئەم بازاڕە بێلایەنە نییە، چونکە بەردەوام هەموو حاڵەتێکی تایبەت لە ریزبەندی بازاڕدا بەپێی بڕیاری سیاسی ڕێکدەخرێت، بەم پێیەش گرفتە ڕاستەقینەکە ئەوە نییە کە "ئاخۆ پێویستە لەسەر دەوڵەت تەداخول بکات؟" بەڵکو ئەوەیە "چ جۆرە تەداخولێکی دەوڵەت پێویستە؟". ئەمەش مەسەلەیەکی ژێردەستی سیاسەتمەدارە واقیعبینەکانە، خەباتێکە بۆ پێناسەکردنی تانوپۆ ناسیاسیە بنچینەیەکانی ژیانمان. سەرجەم مەسەلە سیاسیەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان ناحزبین، ئەوان گرنگی بە مەسەلەی "وڵاتەکەمان چییە؟" دەدەن، بۆیە مشتومڕ دەربارەی پرۆژەی دەربازبوون سیاسەتێکی ڕاستەقینەیە،

چونکە ئەم پرسە مامەڵە لەگەڵ ئەو بڕیارانەدا دەکات کە دەرهەق بە ڕواڵەتە بنەڕەتیەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیمان دەدریت، دەستیشی هەیە لە پرۆسەی مۆبیلیزەکردنی خێوەکانی ململانێی چینایەتی. بارودۆخێکی پسپۆڕی "ئوبێکتیڤ" چاوەڕێ نییە جێبەجێ بکرێت، دەبێ مرۆڤ لەڕووی سیاسییەوە خۆی بۆ لایەنێک ساغ بکاتەوە.

ئەگەرێکی واقیعی لەئارادایە کە قوربانی سەرەکی بەردەوامبوونی ئەم قەیرانە سەرمایەداری نەبێت، بەڵکو چەپ بێت، چونکە بەئاشکرا نەیتوانیوە ئەڵتەرناتیڤێکی جیهانی پێشکەش بکات کە تواناى ژیانی هەبێت. چەپ بەجۆرێک گەمارۆدرابوو وەکو وابێت ئەم ڕووداوانەی دوایی بەدەستی ئەنقەست ڕێکخرابێت بۆ ئەوەی ئەوە دەرخات کە تەنانەت لەکاتی قەیرانە کاولکارەکانیشدا هیچ ئەڵتەرناتیڤێک ناتوانێت جێی سەرمایەداری بگرێتەوە. "تامزینگ" وشەیەکی تیبتییە و لە سەروبەندی شۆڕشی کولتوریدا زۆر بەکار دەهات، دەنگدانەوەی شوم و ترسناکی هەیە لەگوێی لیبڕاڵەکاندا؛ چونکە بەمانای "دادگایی خەبات" دێت، لەو دادگاییەدا بەمەبەستی پەروەردەکردنەوەی سیاسیانەی کەسی مەبەست، لە دانیشتنێکی ئاشکراو رەخنەئامێزدا بەتوندی لێپێچینەوە لەو کەسە دەکراو ناچار دەکرا دان بە هەڵەکانیدا بنێت و رەخنەی خۆی بکات، ڕەنگە چەپی ئەم رۆژگارە پێویستی بە دادگاییەکی دورودرێژی "تامزینگ" بێت.

ئیمانوێڵ کانت ئەو دروشمە کۆنزەرڤاتیڤەی کە دەڵێت "بیرمەکەرەوە، گوێڕایەڵ بە" ناکاتە "گوێڕایەڵ مەبە، بیربکەرەوە" بەڵکو دەیکاتە "گوێڕایەڵ بە، بەڵام بیربکەرەوە". کاتێک کە بە پلانی پرۆژەی دەربازبوون سەرسامیان کردین، دەبوایە بیرمان لەوە بکردایەتەوە کە ئەمەش دیسان جۆرێکی دیکەیە لە دەستبڕین و پارەلێکێشانەوە و دەبێت بەرهەڵستی ئەم هەڵخڵەتاندنە پۆپۆلیستیانە بکەین و لەبری ئەوەی سەرپێیانە خۆمان خاڵی بکەینەوە، توڕەییمان ئاراستەکەین و بیکەینە نەخشەیەکی جیدی بۆ بیرکردنەوەیەکی واقیعی و ڕادیکاڵ و بپرسین: چ جۆرە کۆمەڵگایەک ڕێگە بە دەستبڕینێکی لەم شێوە دەدات؟

ریکلامێکی کەمپینی ستاربەکس دەڵێت "**گرنگی تەنها لەو شتەدا نییە کە دەیکڕیت، بەڵکو لەو شتەشدایە کە بەهۆیەوە دەیکڕیت**"، ریکلامەکە پاش ئەوەی دنیایەک بە شان و باڵی کوالێتی قاوەکەدا دێت، بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**بەڵام کاتێک ستاربەکس دەکڕیت، پێ بزانیت یان نا، شتێکت کڕیوە زۆر لە تەنها کوپێ قاوە زیاترە، ئەخلاقی قاوەت کڕیوە. لە ڕێگەی بەرنامەی هەسارەی هاوبەشی تایبەت بە ستاربەکسەوە، بە جۆرێکی دادپەروەرانەتر لەهەر کۆمپانیایەکی دیکەی جیهان قاوە دەکڕین، گەرەنتی ئەوە دەکەین ئەو جوتیارانەی قاوەکەیان چاندوە نرخێکی دادپەروەرانە وەرگرن لە بەرانبەر ئەو کارە قورسەی ئەنجامیان داوە. ئێمە لە کشتوکاڵی قاوەدا لە کۆمەڵگاکانی سەرانسەری جیهاندا وەبەرهێنان دەکەین و ئەو بوارە پێشدەخەین. قاوەکەی ئێمە قاوەیەکی کارمای نایابە... هەندێک لە نرخی کوپێکی قاوەی ستاربەکس تەرخاندەکرێت بۆ ڕێکخستنەوەی شوێنەکە بە کورسی نەرم و خۆش و مۆسیقای ئارامبەخش و دابینکردنی کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ خەوبینین و کارو گفتوگۆ. ئێمە هەمووومان لەم رۆژگارەدا پێویستمان بەم جۆرە شوێنانەیە، کاتێک ستاربەکس هەڵدەبژێریت قاوەت لە کۆمپانیایەکی خەمخۆر و بایەخدەر کڕیوە، بۆیە سەیر نییە تامێکی خۆشی هەبێت.**

ئەم زێدە کولتورییە واتە: نرخی ئێمە لە شوێنەکانی دیکە زیاترە چونکە ئەوەی کە لێرە دەیکڕیت "ئەخلاقی قاوە"ـیە کە بریتییە لە بایەخدان بە ژینگە، نواندنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر بەرهەمێنەرەکاندا، جیا لەوەی تۆ ئەم قاوە لە شوێنێک دەخۆیتەوە کە تێیدا دەتوانیت بەشداریی ژیانی کۆمەڵایەتی بکەیت (هەر لە سەرەتاوە ستاربەکس قاوەخانەکانی خۆی وەک کۆمەڵگایەکی جێگرەوە نیشان دەدا).

وەگەر پێداویستیە ئەخلاقیەکانت هێشتا تێر نەبوون و نیگەرانیت بەرانبەر بە هەژاریی جیهانی سێهەم، بەرهەمی دیکەشمان هەیە کە دەتوانیت بیانکڕیت. ئەمەی خوارەوە پێناسەی ستاربەکسە بۆ پرۆگرامێکی خۆی بەناوی "ئاو گیانی گەلە":

**Ethos Water بەرهەمێکە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە؛ یارمەتی منداڵانی جیهان دەدات ئاوێکی پاک بەدەست بێنن و هەوڵدەدات خەڵک بەرانبەر بە قەیرانی ئاوی جیهانی هوشیاربکاتەوە، هەر جارێک تۆ بوتڵێک ئاو لەم بەرهەمەی ئێمە بکڕیت، ئێمە ٠,٠٥ دۆلاری ئەمریکی (٠,٠١٠ دۆلاری کەنەدی لە کەنەدا) لێ دەخەینە بەرنامەی هاریکاریمانەوە، کە ئامانجمان وایە لە ٢٠١٠ـدا کۆی هاوکاریەکانمان لانیکەم بیگەیەنینە ١٠ ملیۆن دۆلار. ئایثۆس واتەر لە ڕێگەی دامەزراوەی ستاربەکسەوە پاڵپشتی لە پرۆگرامە مرۆییەکانی ئاو دەکات لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین. ئایثۆس واتەر تائێستا بە گوژمی زیاتر لە ٦٠٢ ملیۆن دۆلار ئەرکی لە ئەستۆ گرتووە.**

**ئەم پرۆگرامە هاوکاری ٤٢٠,٠٠٠ کەس دەکات بۆ دەستگەیشتنیان بە ئاوی پارێزراو و تەندروست و پەروەردەیەکی خاوێن.**
(هەڵبەت ئاماژەیان بەوە نەداوە کە هەر بوتڵێکی ئایئۆس گەر لە ستاربەکس بیکڕیت پێنج سەنت لە هەر شوێنێکی دیکە گرانترە...) سەرمایەداری لەئاستی بەرخۆریدا، ئا بەمشێوە میراتی ٦٨ـی لەگەڵ بەرخۆرییەکی نامۆدا تێکەڵکرد: مەسەلەی ئەزموونە رەسەنەکان. کەمپینی ریکلامی ئەم دواییانەی هۆتێلەکانی هیڵتۆن جەخت لەسەر قسەیەکی سادە دەکاتەوە و دەڵێت: "**ئیشی سەفەر بە تەنها ئەوە نییە لە شوێنێکەوە بمانبات بۆ شوێنێکی دیکە، بەڵکو دەبێت بیشمانکات بە کەسێکی دیکە**". سەدەیەک پێش ئێستا کەس خەیاڵی ئەوەی دەکرد ریکلامێکی لەم شێوە دروست ببێت؟ ئایا ئەمە هەمان هۆکار نییە کە وامان لێ دەکات خواردنی ئەندامی بکڕین؟ کێ بڕوا بەوە دەکات نیوەی سێوێکی سەوزی گەنیوی ئەندامیی گرانبەها لە گشت سێوە نائەندامیەکانی دیکە تەندروست تر بێت؟ ئایدیاکە ئەوەیە ئێمە بە کڕینی شمەکێک تەنها شتێک ناکڕین و مەسرەفیکەین و تەواو، بەڵکو ئێمە بەو کارە شتێک دەکەین مانای هەیە، توانای خۆمان دەردەخەین لە گرنگیدان و ئاگایی هاوبەشی جیهانیمان بەرانبەر بە پرۆژەیەکی بەکۆمەڵ نیشان دەدەین... دوایین ئەزموونی زانستیی ئەم "رۆحە نوێیە" سەرهەڵدانی بوارێکی نوێیە بەناوی "توێژینەوەکانی بەختەوەری". لەم سەردەمەماندا کە سەردەمی هیدۆنیزم و چێژگەراییەو ئامانجی سەرەکی ژیان تێیدا بەختەوەرییە، چۆن دەبێت ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەدەست دڵەڕاوکێ و خەمۆکییەوە دەناڵێنن لە هەڵکشاندا بێت؟ ئەمە بێگومان گرێکوێرەی ئەم خۆتێکدانەی چێژ و بەختەوەرییە کە وادەکات پەیامەکەی فرۆید زیاد لە هەر کاتێکی دی پەیوەندیدارتر بایەخدارتر بێت.

لە یەکێک لە وڵاتە تازە گەشەسەندوەکانی جیهانی سێهەمدا، بە دیاریکراوی لە بۆتان، لەم نیشتمانی بەختەوەریەدا، ساویلکانە ئاکامە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ئەبسوردەکان دەستنیشان دەکرێت. دەیەیەک بەر لە ئێستا شانشینی بۆتان بڕیاری دا لەبری تێکڕای بەرهەمی نیشتمانی (GNP) تێکڕای بەختەوەریی نیشتمانی (GNH) بپێوێت، بیرۆکەکە لە بنەڕەتدا بیرۆکەی پاشای پێشوو بوو Jigme Singye Wangchuck کە دەیویست بۆتان بەرەو جیهانی نوێ ببات و هاوکات شوناسە ناوازەکەشی بپارێزێت. لەژێر فشاری جیهانگیری و هەڵکشانی ماتریاڵیزمدا، ئەم وڵاتە بچوکە خۆی بۆ یەکەمین هەڵبژاردن ئامادەکرد، پاشا خۆشەویستە تازەکەی وڵات

جیگمی خیسار نامگیل وانگچۆک کە تەمەنی ٢٧ ساڵەو دەرچووی زانکۆی ئۆکسفۆردە، فەرمانی دا بە ئاژانسی فەرمی دەوڵەت سەرژمێری بەختەوەرەکانی نێو شانشینەکەی بکات کە ژمارەیان دەگاتە ٦٧٠,٠٠٠ کەس. سەرئەنجام لایەنی پەیوەندیدار ڕایگەیاند سەرژمێرییان بۆ نزیکی ١٠٠٠ کەس کردوەو لیستێکیان خستۆتە بەردەم بەشداربوان دیاریدەکات کە ئەگەر ئەو کەسە بەختەوەر بێت یان نا (وەک ڕێبەری گەشەسەندن، کە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری پێدەکات). بەم سەرژمێریەش کاروبارە سەرەکیەکانی وەک ئاسودەیی دەروونی، تەندروستی، خوێندن، حوکمڕانیی، کۆڵەکەکانی بژێوی، ئاستی چالاکیی کۆمەڵگا، هەمەجۆریی نێو ژینگە، دیاریکرد... کە ئەمەش کولتورێکی تەواو ئیمپریالییە.

بە هاوکاری رۆحی نوێی سەرمایەداری، رۆمانێکی مێژوویی ئایدۆلۆژی نووسرایەوە کە تێیدا سۆسیالیزم وەک لایەنێکی کۆنزەرڤاتیف و هیرارکی و دەوڵەتی دەرکەوت. پوختەی ٦٨ بریتیبوو لە "ماڵئاوا بەرێز سۆسیالیزم"، شۆڕشی ڕاستەقینەی سەرمایەداریی دیجیتاڵیش ئاکامی لۆژیکی شۆڕشەکەی ٦٨ بوو کە بە "پارادایمی گۆڕین" ناودەبرێت. لێرەدا هاوتەریبی نێوان مۆدێلی مێشک لە دەمارناسی و مۆدێلی ئایدۆلۆژیا زاڵەکانی نێو کۆمەڵگا، دەرخەرێکی بەکەڵکە. رەنگدانەوەیەکی ئاشکرا لەنێو مەعریفەگەرایی سەرمایەداریی پۆستمۆدێرنەدا هەیە: بۆنموونە کاتێک دانیاڵ دینێت پشتگیری ئەو گواستنەوەی کرد لە بیرۆکەکەی دیکارتەوە کە خود بە هێزی باڵادەستی مەرکەزی ژیانی دەروونی دەزانێت، بۆ بیرۆکەی کارتێکردنی شیعریی دەزگا رکابەرە فرەجۆرەکان، ئایا رەنگدانەوەی ئەم گواستنەوە نییە کە لە بیرۆکراسی مەرکەزی و پلاندانانەوە گۆڕا بۆ مۆدێلێکی تۆڕئاسا؟ بۆیە ئەوە تەنها مێشکمان نییە کە سۆسیالیستکراوە، بەڵکو خودی کۆمەڵگاش لەنێو مێشکدا سروشتیکراوە، هەر لەبەر ئەمەش مالابۆ ڕاست دەکات کە جەخت لەسەر دیاریکردنی پرسیارە سەرەکیەکە دەکات: **"دەبێت چی بکەین بۆئەوەی نەهێڵین هوشیاری مێشک ڕاستەوخۆ ئاوێتەی رۆحی سەرمایەداری ببێت؟"**.

تەنانەت هارت و نیگری پشتگیری ئەو هاوتەریبیە دەکەن: وەکچۆن مێشکناسی فێرمان دەکات هیچ خودێکی سەنتراڵ و مەرکەزی بوونی نییە، هەرواش دەبێت بزانین ئەو کۆمەڵگا فرەییە تازەی حوکمی خۆی دەکات وەک ئەم چەمکە مەعریفەگەرایەی ئێستای ئیگۆ وایە کە دەزگا کارتێکەرەکان لەگەڵ دەسەڵاتی نامەرکەزیدا دێنێتەوە... سەیر نییە کە چەمکی کۆمۆنیزم لەلای نیگری چەمکێکی دەرە سروشتییە و نزیکە لە چەمکی سەرمایەداریی "پۆستمۆدێرنە"ـی دیجیتاڵ.

دارِمانە داراییەکە وایکرد نائەقڵانیەتی دەم بەهاواری سەرمایەداریی جیهانیی پشتگوێ بخرێت. بەراورد بکە لەنێوان ئەو ٧٠٠ بلیۆن دۆلارەی کە بە تەنیا ئەمریکا بۆ جێگیرکردنەوەی سیستەمی بانکی تەرخانی کرد، لەگەڵ ئەو ٢٢ بلیۆن دۆلارەی کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بەڵێنیاندا بۆ هاوکاریکردنی کەرتی کشتوکاڵ لە وڵاتە هەژار و تازە گەشەسەندوەکاندا و لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی خۆراکدا دابینی بکەن، کە هەتا ئێستا تەنها ٢,٢ـی دابینکراوە. لە قەیرانی خۆراکدا ناتوانین ئۆباڵی تاوانەکان بخەینە ئەستۆی شتە گومانلێکراوە ئاساییەکانی وەک گەندەڵی و ناچالاکی و سیاسەتی دەستوەردان لە وڵاتانی جیهانی سێهەم، بەپێچەوانەوە، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەستۆی جیهانگیریی کشتوکاڵی، وەک بیڵ کلینتۆن لە کۆبوونەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە رۆژی جیهانی خۆراکدا، دەربارەی قەیرانەکە، لە وتارەکەیدا کە ناونیشانێکی ئاماژەبەخشی هەیە "Global Food We Blew It' On" هەمان شتی پێ وتین. کلینتۆن لە وتارەکەیدا بە کورتی پێی وتین ئەم قەیرانەی ئێستامان نیشانیداین کە چۆن "**هەموومان بەشداربووین لە تەقاندنەوەی، بە منیشەوە کاتێک کە سەرۆک بووم**"، چونکە لەبری ئەوەی وەک سەرچاوەی بژێوی هەژارەکانی جیهان لە بەروبومە کشتوکاڵیەکان بڕوانین، وەک شمەک تەماشامان کرد. کلینتۆن ئۆباڵی گرفتەکەی نەخستە سەر خودی ئەو حکومەت و دەوڵەتانەی تووشی قەیرانەکە هاتوون، بەڵکو خستیە ئەستۆی ئەو سیاسەتە رۆژئاواییە درێژخایەنانەی لە لایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاوە سەپێنرابوون، بۆ ماوەی چەندین دەیەش لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و دامەزراوە جیهانیەکانی دیکەوە جێبەجێ کرا. ئەم سیاسەتانە وڵاتەکانی ئاسیا و ئەفریقای خستە ژێر گوشارەوە و حکومەتەکانیانی ناچارکرد هاوکاریەکانی وەک پەیین و تۆوی چاک و پاڵپشتیە کشتوکاڵیەکانی دیکە دابین بکات، ئەمەش وایکرد باشترین خاک بۆ بەرهەمهێنانی بەروبومی ناردەنی بەکاربێت کە بووە هۆی نەهێشتنی توانای ئەو وڵاتانە لە بواری بەرهەمهێنانی خۆراکی خۆبژێویدا. بەرەنجامی ئەم "خۆگونجاندنە هەیکەلییە" تێهەڵکێشکردنی کشتوکاڵی ناوخۆبوو لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا. هەرکە بەروبومە نێوخۆییەکان هەناردەکران، وڵاتەکان ناچاربوون زیاتر پشت بە خۆراکی هاوردەکراو ببەستن، لەکاتێکدا جوتیارەکان بەرەو وڵاتی خۆیان هەڵدران ناچارکران بخزێنە ناو تەنەکەنشینەکانەوە، ئەو شوێنەی کە تاکە کاری بەردەست و دەسکەوتوو بریتییە لە کارکردن لە کارگە (خوێنمژە) بەدەرەوەسپێرییەکان. بەمشێوە، زۆرێك لە وڵاتەکان لە

دۆخی پۆستکۆلۆنیاڵییدا هێڵراونەتەوە و تادێت لەبەردەم هەڵبەزودابەزی بازاڕدا تووشی زیان و مەترسی دەبنەوە. بەرزبوونەوەی نرخی گەنمیش لەم ساڵانەی دواییدا (کە دیسان بەهۆی ئەوەبوو بەروبومەکان وەک سوتەمەنی بەکارهێنران نەک وەک خۆراک) لە وڵاتی هایتییەوە تا ئەسیوپیا خەڵکی ڕووبەڕووی برسێتی کردەوە.

ئەم جۆرە ستراتیژانە لەم ساڵانەی دواییدا سیستەماتیکتر بوون و پەرەی زیاتریان سەند، ئێستا حکومەتەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو نوقسانیانەی کە لە خاکی بەپیتدا هەیانە، لە ڕێگەی کۆمپانیای نێونەتەوەییە گەورەکانیانەوە پرۆژەی کشتوکاڵیی گەورە لە دەرەوەی وڵاتەکانیان ڕێکدەخەن. بۆنموونە، لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ کۆمپانیای دایۆ لۆجستیک لە کۆریای باشور ڕایگەیاند ٢,٣ ملیۆن ئەیکەر زەوی کشتوکاڵی لە مەدغشقەر بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ بەکرێ گرتووە، کە ئەمەش بەرانبەرە لەگەڵ نزیکەی نیوەی ئەو خاکەی کە لە تەواوی مەدغشقەردا بە کەڵکی کشتوکاڵ دێت. دایۆ پلانی داناوە نزیکەی سێ چارەکی ئەو خاکە بۆ چاندنی زەڕات بەکار بێنێت، بەنیازە ئەوی دیکەش بۆ بەرهەمهێنانی زەیتی خورما بەکاربێنێت کە بەروبومێکی سەرەکییە لە بازاڕی Biofuels زیندە-سوتەمەنیی جیهانیدا. بەڵام ئەمە تەنها لوتکەی شاخێکی بەستەڵەکە: چەندین کۆمپانیای ئەوروپی لەم دوو ساڵەی دواییدا بۆ چاندنی بەروبومی خۆراک و زیندە-سوتەمەنی چەندین گرێبەستی بەکرێگرتنی زەوییان واژۆکردوە، وەک کۆمپانیای Sun Biofuelsـی بەریتانی کە بەروبومی زیندە-سوتەمەنیی لە ئەسیوبیا و مۆزەمبیق و تەنزانیا چاندوە. خاکی بەپیتی ئەفریقاش وڵاتە دەوڵەمەند بە نەوتەکانی کەنداوی فارس بەلای خۆیدا ڕادەکێشیت کە بیابانە فراوانەکانیان ناچاریان دەکات زۆربەی خواردەمەنیەکانیان لە دەرەوە بهێنن. ئەگەرچی ئەم وڵاتە دەوڵەمەندانە بە ئاسانی دەتوانن بەهای خۆراکە هاوردەکانیان بدەن، بەڵام بارگرژیی بازاڕە جیهانیەکانی خۆراک هانیدان سەرچاوەی بەروبومی تایبەت بە خۆیان دابین بکەن.

کەوابێ، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، چ شتێک هانی وڵاتە ئەفریقیەکان ئەدات کە برسێتیی تەنگی پێ هەڵچنیون و جوتیارەکانی هیچ ئامرازێکی سەرەکی و پەیین و بەنزین ژێرخانێکی پێویستیان نییە بۆ چاندنی بەروبومەکانیان بەشێوەیەکی شیاو و گەیاندنیان بە بازاڕ؟ نوێنەرانی دایۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن ڕێکەوتنەکەیان سوودی بۆ مەدغشقەریش دەبێت، نەک تەنها ئەو خاکەی کە بە کرێی دەگرن و هێشتا بەکار نەهاتووە بەڵکو **دایۆ پلانی داناوە بەروبومی خاکەکە هەنارده بکات و لەماوەی بیست ساڵی داهاتوودا ٦ بلیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی ئاسانکاریی بەندەر و ڕێگاوبان و**

**سیستەمی ئاودێری و وێستگەی کارەبای پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆژە کشتوکاڵیەکانی لەو وڵاتە وەبەربێنێت، هەزاران هەلی کاریش بۆ مەدغشقەریە بێکارەکان دابین دەکات. ئەو کارانە هاوکاری گەلی مەدغشقەر دەکات بۆ پەیداکردنی پارە و کڕینی خواردەمەنی، تەنانەت ئەگەر هەناردەکراویش بێت.**


لێرە بەدواوە پاشکۆیەتی پاش کۆلۆنیاڵ دووبارە دادەخرێت، ئەمجارە تەنیا پاشکۆیەتی خۆراک زیاد دەکات. ئایا هەر لەبەر ئەمە نییە کە وردە وردە خەریکە لە دۆخێکی جیهانی نزیک دەبینەوە کە تێیدا دەگمەنیی سێ سەرچاوە مادییە سەرەکیەکە (سوتەمەنی، ئاو، خۆراک) ڕەگەزی بڕیاردەری سیاسەتە جیهانیەکانە؟ ئایا کەمی خۆراک کە لە ئێستادا وەک قەیرانێکی پچڕپچڕ لێرەو لەوێ دەردەکەوێت یەکێک نییە لە ئاماژەکانی کۆتایی جیهان؟ لەکاتێکدا ڕوودانی ئەمەش پەیوەستە بە چەند فاکتەرێکی وەک گەشەسەندنی داخوازی لە وڵاتە خێرا گەشەسەندوەکانی وەک چین و هیندستان، لاوازی بەروبوم بەهۆی تێکچوونی ژینگەوە، بەکارهێنانی بەشێکی زۆری زەویە بەپیتەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم بۆ هەناردەکردنی بەروبومەکان، بەکارهێنانی بازاڕی دیاریکراوی گەنم بۆ مەبەستی دیکەی وەک زیندە-سوتەمەنی. هەڵبەت ئاشکرایە ئەم مەسەلەیە کورت مەودا نییە و بەخێرایی ناتوانرێت لە ڕێگەی ڕێکخستنەوەی بازاڕەوە چارەسەر بکرێت، بگرە کێشەیەکی دوور مەودایە و ئەستەمە بتوانرێت بە ئامرازەکانی ئابووریی بازاڕ چارەسەر بکرێت. هەندێک لە بەرگریکارانی نەزمی نوێی جیهان دەڵێن کەمی خۆراک خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی ماتریاڵی، مادام خەڵکی خێرا گەشەسەندووی وڵاتانی جیهانی سێهەم لەئێستادا داهاتیان زیادی کردوە دەبێ زیادبوونی ڕێژەی مەسرەفکردنی خۆراکیش قبوڵکەن. کێشەکە لەوەدایە ئەم داخوازیە نوێیە لەسەر خۆراک دەبێتە هۆی برسیکردنی ملیۆنان کەس لەو وڵاتانەی ئەم جۆرە گەشەسەندنە ئابووریە خێرایان بەخۆوە نەبینیوە.

ئایا هەمان شت دەربارەی قەیرانی وزە و کەمی سەرچاوەکانی ئاو ڕاست نییە کە واخەریکە ڕووبەڕووی دەبینەوە؟ بۆ ئەوەی وەک پێویست لەم کێشانە نزیکبینەوە دەبێت فۆرمی نوێی کاری بەکۆمەڵ بدۆزینەوە، فۆرمگەلێکی وەک دەستێوەردانی دەوڵەت و خۆڕێکستنی خۆجێی چیدی بەکەڵکی ئەم کێشانە نایەن، ئەگەر ئەم کێشانەش بە هەر ڕێگەیەک بێت چارەسەر نەکرێن، زیاترین سیناریۆ کە ڕێتێدەچیت لە ئایندەدا بەرپا بێت، سەردەمێکی نوێی جیاوازیی ڕەگەزییە کە تێیدا بەشێک لە جیهان کە خۆراک و ئاو و وزەیان لەبەردەستە بەڕووی بەشەکەی دیکەدا داخراوە کە

تێیدا پشێووی و برسێتی و جەنگی بەردەوام سەرتاپای گرتۆتەوە. خەڵکانێکی وەک دانیشتوانی هایتی و ناوچەکانی دیکەی هاوشێوە کە بەهۆی کەمی خۆراکەوە ماڵوێران بوون، دەبێت چی بکەن؟ ئایا مافی تەواویان نییە توندوتیژیی شۆڕشگێڕی بەکاربێنن؟ کۆمۆنیزم جارێکی دیکە لەدەم دەرگاکان ڕاوەستاوە.

کلینتۆن ڕاستیکرد کاتێک وتی: "**خۆراک شمەکێک نییە وەک شمەکەکانی تر. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سیاسەتی خۆبژێویی لە خۆراکدا. شێتانەیە گەر پێمانوابێت دەتوانین وڵاتان لە سەرانسەری جیهاندا بیووژێنینەوە بەبێ ئەوەی توانای خۆبژێوییان بەهێزبکەین**". لانیکەم دوو خاڵ هەیە کە دەبێت سەربار بکرێن، یەکەم: وەک پێشتر دەربارەی مالی باسمانکرد، لە دۆخێکدا ئەگەر جیهانگیریی کشتوکاڵی بەسەر وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بسەپێنرێت، وڵاتە ڕۆژئاواییە پێشکەوتووەکان گرنگی زیاتر بەوە دەدەن لە ڕووی دابینکردنی خۆراکەوە پشت بەخۆیان ببەستن و بۆ ئەمەش پاڵپشتی دارایی جوتیارەکانیان دەکەن (وەک ئەو پاڵپشتیە داراییەی کە زیاتربوو لە نیوەی بودجەی یەکێتیی ئەوروپا کە بۆ هاوکاریکردنی جوتیارەکان تەرخان کرا، ڕۆژئاوا هەرگیز دەستبەرداری سیاسەتی لوتکەی خۆبژێوی نەبووە!). دووەم: مرۆڤ دەبێت بزانێت لیستی بەرهەم و خزمەتگوازری وەک خۆراک "شمەکێک نییە وەک شمەکەکانی تر" بەڵکو لیستێکی فراوانە و نەک تەنها بەرگری دەگرێتەوە (وەک سەرجەم نیشتمانپەروەرەکان پێیانوایە) بگرە بەر لە هەر شتێک ئاو و وزە و ژینگە و کولتور و خوێندن و تەندروستی دەگرێتەوە... لێرەدا کێ بڕیار لەسەر لەپێشترین و ئەولەویات دەدات و چۆن بڕیاری لەسەر دەدات، لەکاتێکدا ناکرێت ئەم جۆرە بڕیارانە بۆ بازاڕ جێبێڵین؟ لێرەوە دەبێت مەسەلەی کۆمۆنیزم جارێکی دیکە سەرهەڵبداتەوە.

# Neoliberalism
# Or
# Socialism?




www.negativegroup.org 2017